# گۆڤاری گیرفان

وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی سەربەخۆیە
**کۆمەڵێك روناکبیر لەگەرمیاندا دەریدەکەن**
**ژمارە (٨) ساڵی دووەم، کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧**

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر**
**مەلا تەحسین گەرمیانی**
**ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٥٧٥٤٩٢)**
E-mail: malatahsen@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نوسین**
**ئومێد بەرزان برزۆ**
**ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٩٠٩٢٢٢)**

**دەستەی نوسەران**
**پەخشان محەمەد     سامان کەریم**
**کەریم ئەحمەد تایشەیی**

**ستافی وەرگێڕان**
**رەحمان عەلی**
**عومەر عەبدولکەریم قادر**

**ماڵپەڕی ئینتەرنێت**
www.dengekan.com

E-mail
govarigirfan@yahoo.com

**ناونیشان**
**کەلار - کتێبخانەی بێدار**

**دیزاینی بەرگ:**
**ئارام لوقمان**
**٠٧٧٠١٥٠٨٢٥٣**

**دیزاینی ناوەوە:**
**هاوار محەمەد**

**چاپ:**
**چاپخانەی رەهەند**
**سلێمانی-شەقامی مەولەوی بازاڕی بەرهەم**

## پێڕست


| | |
|---|---|
| **سەروتار** | 5 |
| **جۆن کینیت جالبریت دەربارەی دەسەڵات دەدوێ**<br>لەتیف هەڵمەت | 7 |
| **گوزەرێك بەنێو ژیانی ڕۆسۆ و بیروڕاکانیدا**<br>کەریم ئەحمەد تایشەیی | 14 |
| **مێژوی گەورە زلهێزی جیهان..دەروازەیەك بۆ ناسینی ئەمریکا**<br>عەدالەت عەبدوڵڵا | 20 |
| **پشکۆی کەلتور و جەستەی ئاورێشمینی ژن "خوێندنەوەیەکی خێرای چیرۆکی هەوشارە ئازایەکەی چیرۆکنوس کازیوە ساڵح "**<br>خەڵەف غەفور | 29 |
| **زمـــان و تـــاك**<br>م.ی. ئومێد بەرزان برزو | 42 |
| **ئەدەب و فەلسەفە**<br>د. عادل گەرمیانی | 45 |
| **بابەتی نامەنوسین ڕەگەزێکی زیندوی مێژوی ئەدەبی کوردییە!**<br>د. فاروق نەقشبەندی | 48 |
| **فەریق ئەمینی جوانەمەرگ لە ڕەسەنایەتی شیعریدا**<br>ساڵح هەلاج | 58 |
| **سەردەمی دیجیتاڵی .. ڕووەو تیۆرییەکی ئەدەبی نوێ**<br>ئاسۆ وەهاب | 7 |
| **دوایین ڕۆژ**<br>کەنعان نوری | 86 |
| **توێژی ڕۆشنبیران لە بەردەم ئاستەنگی لێکهەڵوەشاندنەوەی کۆشکی هاوسەریدا؟**<br>بەناز عومەر | 96 |
| **کچانی هەڵاتوی ئێران ماددەی بێهۆشکەر و جگەرە دەکێشن**<br>ئا/عومەر عەبدولکەریم قادر | 99 |
| **بەسەرهاتی کچێکی عاشق**<br>پەخشان محمد | 104 |
| **خوگرتن بە ئینتەرنێت و کاریگەرییە جەستەیی و دەرونییەکانی؟**<br>وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : عادل عەبدوڵڵا عەلی | 111 |
| **خوگرتن بە ئەنتەرنێتەوە**<br>ئامادەکردنی : عەدنان مەلا ساڵح | 119 |
| **پێناسەی شتەکان وەکو خۆی**<br>ئامادەکردنی: باوکی سۆز | 123 |
| **ئەم کتێبە و وەرگێڕە گەرمیانییەکەی**<br>خوێندنەوەی: بێستون ژاڵەیی | 127 |

# سەروتار

هەر لە سەرتاوە دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم ، کە بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە وا لە کۆتایی ساڵدا و بە دەرچونی ئەم ژمارەیەی (گۆڤاری گیرفان) یادی دو ساڵی خۆی بەرێ دەخات ، جێی خۆیەتی بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی ستاف و هاوکارانمان بکەم ، کە خۆبەخشانە و بە بەردەوامی جێگای دەستیان لە دەرچونی گۆڤارەکەدا هەیە ، هەروەها بەناوی ستافی گۆڤاریشەوە جێی خۆیەتی پیرۆزبایی لە نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و ئەدیبانی کورد و خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بکەین ، بە تایبەت ئەوانەی کە بێبەشمان ناکەن لە بەرهەم و بابەتەکانیان ، لەگەڵ ئەوەشدا پیرۆزبایی ساڵی نوێی (٢٠٠٨) یان لێدەکەین.

دەبێ جەخت لەوەش بکەینەوە ، کە ئەم گۆڤارە خنجیلانەیە هەمیشە ئەو مینبەرە دەبێ ، کە بە تایبەتمەندی خۆیەوە پەیامی خۆی ئاراستە دەکات و ژمارە لەدوای ژمارە ئەمانەوێ بەردێك بخاتە سەر دیواری بزوتنەوەی رۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری کوردی ، هەر بەو ئامانجەشەوە هاتە ئەفراندن ، بێگومان بە هاوکاری و پشتیوانی بێ بەرانبەری کۆمەڵێك نوسەر و ڕۆژنامەنوسی بەڕێز.

بۆیە داوای هەمیشەیی ئێمە لە خاوەن قەڵەمەکان ئەوەیە ئەم



گۆڤارە خنجیلانەیە بە هی خۆیان بزانن و بێ بەشمان نەکەن لە بەرهەم و بابەتەکانیان و داوایان لێدەکەین بە بابەتە جوانەکانیان ئەم گۆڤارە دەوڵەمەند بکەن ، ئەو گۆڤارەی کە بچوکترین یارمەتی ماددی لە هیچ لایەکەوە نییە ، تاکە یارمەتی و هاندانمان پشتیوانی ئەو خەڵکەیە لەگەڵ گەیشتنی بابەت و بەرهەمەکانی ئەو بەڕێزانەیە کە وامان لێدەکات برەو بە کارەکەمان و بەردەوامی پێبدەین ، چەندیش لە ڕوی ماددیەوە بە قورس لە سەرمان بکەوێ ، گرنگ ئەوەیە لە هەوڵی سەرخستنی خۆمان بەردەوام دەبین . هەرچەندیش ڕێگا سەخت بێت ، دەبێ بگەین بە ئاستێکی باشتر لەمەی ئێستا کە هەیە ، هەروەها ڕاوسرنج و ڕەخنەکان کە ئاراستەمان دەکرێت ، ئەوەندەی تر باشترو پێشترمان دەخات و هەمیشەیش چاوەڕوانی ئەو بۆچونانە دەبین و بە هەندی وەردەگرین ، بە مەرجێك ئاراستەی گۆڤارەکەمان زیاتر ڕەوتی خۆی بەرەو پێشتر ببات ، جارێکی تر پیرۆزبایی یادی دو ساڵەی گۆڤاری گیرفان و ساڵی نوێی (٢٠٠٨) پیرۆز دەکەین لە هەمولایەك.

سەرنوسەر





لەتیف هەڵمەت

# جۆن کینیت جالبریت
## دەربارەی دەسەڵات دەدوێ

کورتترین و ساناترین ڕاڤەکردنی دەسەڵات ئەوەیە، کە زانای کۆمەڵناس و سیاسەتکاری ئەڵمانی ماکس ویبەر دەڵێ: دەسەڵات سەپاندنی ویست و خواستی کەسێك یا کۆمەڵێکە بەسەر کەسێك یا کۆمەڵێکی تردا.. هەروەها فەیلەسوفی ناسراو برتراند راسل وای بۆ دەچێ، کە وەدەستهێنانی دەسەڵات یەکێکە لە گرنگترین خواستەکانی ڕەگەزی مرۆڤ...

دەسەڵات دەوری باڵای هەبووە لە بونیادنان و کاولکاریدا و دەسەڵات جۆری زۆرە و زانای ئابوریناسی ئەمەریکایی دکتۆر (جۆن کینیت جالبریت) لەپەرتوکێکیدا کە بە زمانی ئینگلیزی بەناونیشانی (The Anatomy of Powr) بلاْوبۆتەوە و نوسەری عەرەبی (عەباس حەکیم) بەناونیشانی (تشریح السلطة) لە دیمەشق لە دار المستقبل چاپ و بلاْوی کردۆتەوە.. بە وردی و چڕوپڕی باسی پەیدابونی دەسەڵات و جۆرەکانی دەسەڵات و لایەنی ئەرێی و نەرێی دەسەڵات دەکات و منیش حەزم کرد ئەوەی کینیت لە (٢٣٠) لاپەڕەدا خستویەتیەڕو.. من بەکورتی و بەکوردی لە چەند لاپەڕەیەکدا پێشکەشی خوێنەری کوردی بکەم و لەدواییشدا هەندێ تێبینی و سەرنجی خۆم دەربارەی بیروڕاکانی جۆن کینیت



بخەمەڕو..

نوسەری کتێبی (تشریح السلطة)ی جۆن کینیت جالبریت دەسەڵات دەکات بە سێ جۆرەوە:

١- دەسەڵاتی زۆرەملێ.

٢- دەسەڵاتی قەرەبوکردنەوە و پاداشت.

٣- دەسەڵاتی گونجاندن.

وەکو جۆن کینیت دەستنیشانی کردووە لە پشت ئەم سێ دەسەڵاتەوە ، سێ هۆکار هەن بۆ چەسپاندنی ئەم سێ جۆرە دەسەڵاتە ، کە ئەمانەن:-

١- کەسایەتی.

٢- پارە و سامان.

٣- ڕێکخستن.

ئەنجا نوسەر ڕوناکی دەخاتە سەر جۆرە ناوبراوەکانی دەسەڵات و دەڵێ: دەسەڵاتی زۆرەملێ میراتگەری سزای جەستەیی و بەندکردن و ئەشکەنجەدانی ئارادەی مردنە و ئەم جۆرە دەسەڵاتە لەپێناوی مانەوەی خۆی یاخود درێژەدان بە مانەوەی خۆی هیچ سڵوکۆیەك لە ئەنجامدانی هەر کوکوژی و کاولکاری و توندوتیژی و هەڕەشەکردنێك ناکات و بۆ بەردەوامبونی مانەوەی خۆی هەمو زەبر و زەنگێك بەرانبەر ئەوانی دی ئەنجام دەدات ، بەڵام زۆرجار شیرازەی ئەم جۆرە دەسەڵاتە پابەندە بە تاکە کەسێکەوە کە لەئەنجامدا یان تێکدەشکێ یان دەکوژرێ....

بەڵام بنەمای دەسەڵاتی قەرەبوکردنەوە و پاداشت پێدان لەسەر خەڵات و بەراتکردنی نەیارانی دەسەڵات و کڕینیان بەجۆرێك لە

جۆرەکان.. دامەزراوە و چەسپاوە.. ئەوەش بە مەبەستی ئەوەی توڕەیی و کینەی نەیارانی دەسەلاَت هێوربێتەوە و دژایەتی دەسەلاَت نەکەن و دەست بەکلاَوی زێڕینی خۆیانەوە بگرن ، بۆئەوەی با نەیبات...

بەلاَم دەسەلاَتی گونجاندن جۆرێکی دییە و لەم بارودۆخەدا دەسەلاَتدار چ تاك بێ و چ لایەنێك بێ و چ دەوڵەتێك هەوڵی ئەوە دەدات لە ڕێگای گفتوگۆ و پەیڤینەوە تەبایی و دۆستایەتی بخاتە نێوانی خۆی و نەیارانەوە و لەم کەین و بەینەدا دەسەلاَت بەجۆرێك لە جۆرەکان ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بۆ زیادکردنی موچەی کرێکاران و دەستکاریکردنی هەندێ لە بەندەکانی یاسا و خۆگونجاندن لەگەڵ نەیاراندا ، بەمەرجی ئەوەی دەسەلاَتەکەی خۆی لە دەست دەرنەچێ و ئەم جۆرە دەسەلاَتە لە دەسەلاَتی قەرەبوکردن و پاداشتەوە نزیکە ، چونکە زۆرجار دەسەلاَت هەوڵدەدات بە خەلاَت و بەراتکردنی نەیارەکانی خۆی لەگەڵ ئەو نەیارانە و ئەوانیش لەگەڵ سیستەمی دەسەلاَتەکەیدا بگونجێنێ و بیانکات بە پالَپشتی خۆی و دەسەلاَتەکەی...

ئەنجا جۆن کینیت لەبارەی ئەو سێ هۆکارەوە دەدوێ کە لە پشت پەیدابونی ئەو سێ جۆرە دەسەلاَتەوەن و لەبارەی هۆکاری کەسایەتی دەسەلاَتەوە ئەوە ڕون دەکاتەوە ، کە جۆری کەسایەتی لە سەردەمی مەسیحییەتدا لە بنەمای ئاینی مەسیحییەوە سەری هەڵدا و ئەو کەسایەتییە لاف و گەزافی ئەوەی لێدەدا ، کە گوایە نوێنەری خوایە لەسەر زەویدا و دوایی و لە قۆناغەکانی دیدا هۆکاری دی بەرجەستە بون بۆ دارشتنی دەسەلاَتی کەسایەتی..



وەك: هێزی دەست و بازو .. هەروەها هۆزداری و هێزی ئەفسانەیی.. و هتد ، هەروەها موڵکداری و پارە و سامان بە هۆکارێکی دی دەسەلاَت دەزانێ و چ تاك و چ لایەنێك و چ دەوڵەتێك دەتوانن بە پارە و سامان ئەوانی دی بکڕن و توڕەیی نەیاران هێور بکەنەوە و بنەما و ناوەندی بەردەوامبونی دەسەلاَتەکەیان بەشێوەیەك لە شێوەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و باسی ئەوەش دەکات ، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە فەرەنسا و بەریتانیا فەرمانڕەوایی ئاینی بە هۆکاری دەسەلاَت و بەناوی خواوە فەرمانڕەوایی دەکرد.

هۆکاری سێیەمیش کە لە پشت پەیدابونی دەسەلاَتەوەیە ڕێکخستنە و هێزی عەسکەرتاریای دەوڵەت پالَپشتی ئەنجامدان و چەسپاندنی ڕێکخستنە و گەلێ جاریش کەنالَەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەرژەوەندیی دەسەلاَتی لایەن و دەوڵەت و ڕژێم کاردەکەن...

ئەنجا ئەوە دەخاتە ڕو ، کە سەردەمی دەرەبەگایەتی هێز و دەسەلاَت لە زەوی و زار و بەروبومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریدا بو.. لە سەردەمی پیشەسازیدا هێزی داهێنراو و زێڕ و زیو و ئامێرە داهێنراوەکان هاتە کایەوە.. ئێستاش سەردەمی هێز و دەسەلاَتی ڕێکخراوە و ڕێکخستنە...

جۆن کینیت جالبرێت لە کاکڵەی باسەکەیدا بە ئاشکرا و بەبێ سڵو کۆکردن دەڵێ:

١- دەوڵەت واتە ڕێکخراو و ڕێکخستن.

٢- ڕێکخستن بەهێزی سوپایی بەرجەستە دەبێ.

٣- کەنالَەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی خزمەتی دەسەلاَت



دەکەن...

٤- دەسەلاَت.. واتە زەبروزەنگ.

٥- دەسەلاَت بەناوی بەهای ئاینی و بەهای نیشتمانی و بەهای نەتەوەییەوە ئەوانی دی دەکات بە پالَپشتی خۆی.

٦- دەوڵەت کە دەسەلاَتێکە لەو سێ جۆرە ئاماژە بۆ کراوەی دەسەلاَت.. هەرگیز ناتوانێ یەکسانی و دیموکراسی و تەبایی لەناو جەماوەردا دابین بکات... بەلاَم گفت و بەڵێنی درۆ پڕ لەلاف و گەزاف بە جەماوەر دەدات و دروشمی ڕازاوە و بریقەدار لە کەنالَەکانی ڕاگەیاندنەوە بلاَو دەکاتەوە...

بە ڕای من لە پۆلبەندکردنی جۆرەکانی دەسەلاَت و هۆکارەکانی پشت دەسەلاَتدا (جۆن کینیت) لە کتێبی (تشریح السلطة)-شیکردنەوەی دەسەلاَتدا لە پانتایی و ڕەهەندی جوگرافیا و مێژوی ئەوروپا و ئەمەریکادا کاری کردووە و زیاتر شارەزایی ئەزمونی دەسەلاَتداریێتی کیشوەری ئەوروپا و ئەمەریکا بووە و ناکرێ ئەزمونی دەسەلاَتی ڕۆژهەلاَت و دەسەلاَتە بەناو ئیسلامییەکانی وەکو ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی و سەفەوی و قاجاری و تەنانەت دەسەلاَتی دەوڵەتە عەرەبییەکانیش بەو جۆرەی جۆن جالبرێت پۆلبەند بکرێت.... چونکە جالبرێت بە هیچ جۆرێك باسی دەسەلاَتی پاشایەتی ناکات کە لە زۆربەی ولاَتەکانی ڕۆژهەلاَتدا بە میرانگیری دێتە دەست...

هەر بۆ نمونە دەوڵەتی عوسمانی زیاد لە چوار سەدە فەرمانڕەوایی کرد و فەرمانڕەوا بە یاسایەك جێگای فەرمانڕەوای پێشوی دەگرتەوە و زۆربەی کاتیش سیاسەتی فەرمانڕەوای نوێ



کوتومت سیاسەتی فەرمانڕەواکەی پێش خۆی بووە.. هەروەها جالبرێت باسی ئەو دەسەلاَتانەی لە کتێبەکەیدا نەکردووە ، کە لە ڕێگای کودەتایەکەوە بەرێکەوت دەکەوێتە دەستی کەسێك یا گروپێکەوە..

هەر بۆ نمونە لە ساڵی (١٩٥٨)دا لە عێراق کۆمەڵێ ئەفسەر دایان بەسەر کۆشکی پاشایەتیدا و ڕژێمی فەرمانڕەواییان لە پاشایەتییەوە کرد بە کۆماری و دەسەلاَتی عێراقیان گرتە دەست و لەم گۆڕانکارییەدا ئەوانەی دەسەلاَتیان گرتە دەست زۆرەملێیان لە جەماوەر نەکرد پالَپشتیان بێ و جەماوەر بەخوایشتی خۆی دەسەلاَتی نوێی پەسەندکرد و لە شەقام و کۆلاَنەکاندا کردیان بە ئەگلەنجە و شاییلۆغان و سەرباری نەبونی زۆرەملێ ، هیچ کەسێکیش لەو جەماوەرە خەلاَت و بەراتی وەرنەگرت و وتوێژی پێکەوە گونجاویش لە نێوانی جەماوەر و دەسەلاَتی نوێدا ڕوی نەدا و نەکرا...

جگە لەوەش (کینیت جالبرێت) جیاوازییەکان و جۆرەکانی دەسەلاَتی سەرمایەداری و ئاینی و دەسەلاَتی سۆشیالیزمی و ئەو دەسەلاَتانەی دیاری نەکردووە ، کە بەرێکەوت لە ڕێگای کودەتایەکەوە دەچەسپێ.. هەر بۆ نمونە دەسەلاَتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لە ساڵی (١٩٥٨) وە تاوەکو ساڵی (٢٠٠٣) ، هەروەها دەسەلاَتی ولاَتێکی فرەنەتەوەی وەکو ئێران و تورکیا و ڕوسیا و چین و عێراق و میسر و جەزائیر و هتد ، ئایە دەسەلاَتی ئەم ولاَتانە چ جۆرە دەسەلاَتێکن..

شایانی باسە جۆن کینیت لە کتێبی ناوبراویدا ئاماژەی بۆ جۆری

دەسەڵاتەانی كیشوەری ئەمەریكای لاتینی و كیشوەری ئەفریقیاش نەكردووە ، كە هێشتا هەندێ وڵاتی ئەو دو كیشوەرە بە مێشك و دەماغی سەدەكانی ناوەڕاستەوە دەسەڵات بەكاردێنن و ڕەوتی دەسەڵات و جۆری دەسەڵات پەیوەستە بە جۆری دابونەریت و مەرتاڵی كۆمەڵایەتی و ئاینییەوە.. ئەمە لەكاتێكدا كە جۆن ئەلبێرت وا دەزانێ دەسەڵاتی ئاینی بەتەواوی لەناوچووە...

بە ڕاستی مەسەلەی پۆلبەندكردنی دەسەڵات ئەركێكی قورسە و جۆری دەسەڵاتی حزبی و حكومی لە هەرێمی كوردستاندا لە هیچ خانەیەكی ئەو سێ جۆرە دەسەڵاتەدا پۆلبەند ناكرێ و دەتوانم بڵێم بە گوێرەی پێویست هەندێ جار زۆرەملێیە و هەندێ جار قەرەبو كردن و پاداشت بەخشینە و هەندێ جاریش خۆگونجاندنە و هەندێ جاریش تێكەڵەیەكە لە هەر سێكیان و بە ڕای من جۆن ئەلبێرت بەهەڵەدا چووە و ئەوەندەی ژمارەی سیستم و ڕژێم و دەسەڵاتەكان جۆری دەسەڵات هەیە و ناكرێ بڵێین دو دەسەڵات لەسەر زەویدا چونیەكن و تەنانەت دەسەڵاتگەلێكی ئاینی وەكو ئێران و سعودیە و سودان و هتد ، چونیەك نین و ناكرێ بە ئاسانی جۆری دەسەڵاتە عیلمانی و ئاینی و سۆشیالیزمی لیبرالی و سەرمایەدارییەكان پۆلبەند بكەین ، چونكە هەر دەسەڵاتە و مۆرك و خەسڵەتی خۆی هەیە.





كەریم ئەحمەد تایشەیی

# گوزەرێك بەنێو ژیانی ڕۆسۆ و بیروڕاكانیدا

كۆتایی سەدەكانی بوژانەوە لە ئەوروپادا چەرخێكی نوێ و پڕ ئاڵوگۆڕی لەگەڵ خۆیدا هانی بە تێكڕایی بوارەكانی (سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوری) كۆمەڵگاوە ، كە سەرەتای سیما و ڕەهەندەكانی لە سەدەی هەژدەهەمەوە و لە نێو بیری دەیان بیرمەند و فەیلەسوفی وڵاتانی فەرەنسا و ئینگلستاندا بەدەركەوت ، لە ڕۆژگارێكدا كە هەریەكە لەو وڵاتانە لە لایەنێكەوە پێشكەوتوبون و میتۆد و بەرنامەڕێژی خۆیان دادەڕشت ، بە پێی ئەو هەلومەرجە مێژوییەی كە تێیدا دەژیان ، بە تایبەت وڵاتانی خۆرئاوای كیشوەرەكە لەبەر گەشەكردنی سەرمایەداری و بازرگانی و دۆزینەوە جوگرافییەكان و بزوتنەوەی داگیركاری و ..... هتد كەڵەكەبونێكی سامانی خوڵقاندبو ، كە ئەمەش بۆ خۆی بو بەهۆی لەدایكبونی چینێكی نوێ لە كۆمەڵگاكە، كە بە چینی ناوەند (بورژوا) ناوزەند دەكرا ، لە ڕاستیدا ئەم چینە بە بزوێنەری ئەو قۆناغە مێژوییە دێتە ئەژمار ، كە لەدواتردا بە (بزوتنەوەی ڕوناكبیری) ناسرا ، هەڵبەت قسەكردن لە مەڕ هۆكار و دەرئەنجامەكانی ئەم سەردەمە تەوەر و بابەتی سەربەخۆی دەوێ ، بۆیە ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە تیشك خستنەسەر ژیانی یەكێك لەو كەڵەپیاوانەیە ، كە






بە كاریگەریی سەردەمەكە و كاركردنیشی لەدواتردا ڕۆڵی پۆزەتیڤی گێڕا و بیروڕاكانیشی وەك هەوێنی شۆڕشی فەرەنسی و دامەزراندنی بیری ئازاد و مافی مرۆڤ دادەنرێت.

ڕۆسۆ لە حوزەیرانی (١٧١٢ز لە خێزانێكی بە ڕەگەز فەرەنسی لەدایك دەبێ و بە چەند ڕۆژێك پاش چاوهەڵهێنانی دایكی كۆچی دوایی دەكات ، ئەوكاتە باوكی پیشەی سەعاتچێتی دەبێ و هەروەها وەك ڕاهێنەری (سەما)ش كاردەكات ، ڕۆسۆ بە ساوایی لای ئامۆژنی گەورە دەبێ و فێری خوێندنەوە و نوسین دەبێت ، وەك خۆی دەڵێ: (تەنها ئەو كاتانەم لە یادە كە لەگەڵ باوكم كتێبم دەخوێندەوە) ، ڕۆسۆ هەر لە تەمەنی منداڵیدا دەستی كرد بە خوێندنەوەی كتێبەكانی باوكی و بە جۆرێك ئارەزوی خوێندنەوەی هەبووە ، تاوەكو خۆی دەگەیەنێتە كتێبخانەكەی باپیری كە قەشەیەكی پرۆتستانتی بووە ، لەوێش كتێب گەلێك دەخوێنێتەوە ، خوێندنەوە لای ڕۆسۆ شیكردنەوی لەگەڵدا بووە و وەك خۆی دەدوێ كاریگەریی ئەو نوسین و چیرۆكانەی دەخوێندنەوە ، بە جۆرێك بو وام دەزانی لە ڕۆمان و یۆنانی كۆندا دەژیم و ڕۆشنبیرییەكی باشم لە بوارەكانی كۆمەڵایەتی و ڕامیاری و فەرهەنگی پەیداكرد بۆ ئەو تەمەنەم ، ڕۆسۆ كە باوكی ژن دەهێنێت و باوەژنی بۆ پەیدا دەبێ ، ئیدی ناگەڕێتەوە ماڵەوە و بە دوی خانەوادەیەكدا دەگەڕێ ، كە سۆزی



تێدا بدۆزێتەوە ، ئەوەتا لە كتێبی (دانپیانانەكان)ی ڕۆسۆدا هاتووە (خانم دۆفرانس) كە نە ناسیویەتی و نە پەیوەندییەكی خێزانیان هەبووە دەبێتە دایكی و كاتێكیش لە كتێبی ناوبراویشدا وشەی دایكم دەنوسێت بە مەبەستی خانم دۆفرانسە ، پاش گوزراندنی چەند ساڵێك لەگەڵ خانمی ناوبراودا دەگەڕێتەوە پاریس و ناوبانگ دەردەكات ، لێرە بەدواوە ئەستێرەی ژیانی دەدرۆشێتەوە و بیروڕاكانی تەشەنە دەكەن ، لە ڕۆژگارێكی ئاوهادا كە بێ باوەڕی و سۆزانیەت و چەوساندنەوەی چینەكان و دامودەزگای سەركوتكەرانە كاری خۆیان لە ڕەوڕەوەی ژیان دەكرد ، ڕۆسۆ دەستی كرد بە دژایەتیكردنی هەمو ئەو چەواتیانەی كە لەگەڵ داكەوتی سەردەمیدا ناگونجێت ، سەرەتا ڕۆسۆ پەروەردەی بە لێپرسراوی جەنگە مۆڕاڵییەكان دەزانی ، بۆیە لەوێشەوە و لە نێو (پیردۆزی سروشت) ەوە دەستی پێكرد و داوای گەڕانەوەی بۆ سروشتی دەكرد ، هەڵبەت ئەم چەمكە گەلێك مانای هەبووە ، كە یەكەمیان حەز و ئارەزوی مرۆڤە و هەوڵ لەدەست نەدانیەتی لە نێو بەهای سەردەمدا (سەدەی هەژەهەم) ، یاخود چەمكی سروشت لە پەروەردەی ڕۆسۆدا مانای دورخستنەوەی كۆت و بەندەكانی كۆمەڵگەیە و گەڕانەوەیە بۆ پرەنسیپەكانی سروشت و ڕەچاوكردنی قۆناغی گەشەكردن و حەز و ئارەزووەكانی جیاكردنەوەی گەورە و بچوك و دورخستنەوەیان لە دابونەرێت و بەها كۆمەڵایەتییە نەگەتیڤەكان ، چونكە ڕۆسۆ پێی لەسەر ئەوە دادەگرت ، كە سروشتی مرۆڤ لە منداڵییەوە بێگەرد و چاكە ، بەڵام خێزان و كۆمەڵ بە ئاقاری خراپ و شەڕەنگێزی دەبەن ، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بو قۆناغەكانی پەروەردەكردنی مرۆڤی

پۆلێنکرد بە پێی تەمەنەکان ، چۆن دەبێت مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێ ، ڕەنگە ئەمە بۆ ئەو سەردەمە زەحمەت بوبێ ، بەڵام لەدوا ڕۆژدا بو بە ڕێباز و میتۆدێکی پەروەردەیی و لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر کرا و تا ئێستایش زۆرێك لەو بیروڕایانە لە نێو باخچەی ساوایان و قوتابخانەکاندا بەهەند وەردەگیرن و پەیڕەویان لێدەکرێ ، لە ڕاستیدا ڕۆسۆ نەهاتووە بە هەڕەمەکی بیرەکانی دابڕێژێت و لێپرسراوێتییەکەی لە ئەستۆ نەگرێ ، کاتێك دەڵێ دروست نییە ، کە منداڵ و گەورە مامەڵەیان یەکسان بێت ، دێتە سەر لێکدانەوەی سروشتی منداڵ و لایەنی فیسۆلۆجی و باری دەرونی و ئارەزو و خەونەکانی ....... و بەراوردیان دەکات لەگەڵ تەمەنی گەورەتر و دەبینێت پێك نایەن و بگرە هەریەکەیان کاردانەوەی نەگەتیڤی بەسەر ئەوی تردا بەجێ دەهێڵێ ، کە دواتر بە زەرەرمەندی بۆ کۆمەڵگە و پرۆسیسی پەروەردە لە وڵاتێکدا کۆتایی پێ دێت ، چونکە وەك لە وردەکاری تێزەکەیدا هاتووە ، کە لادان لەو پرەنسیپە پەروەردەییانە لە هەر قۆناغێکدا ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێ لە گەورەبونیدا ، بە جۆرێك منداڵێکی تەمەن (٥ بۆ ١٥) ساڵ بۆ نمونە ئەگەر خواستەکانی خەفە بکرێ و بچەوسێنرێتەوە بۆ کوڕ وەك ڕۆسۆ دەڵێ پاش ئەو تەمەنە یاسا سروشتییەکان دەبڕێ و سەرکێشی بۆ مەیخواردنەوە و داوێن پیسی و شەڕ و تەنانەت جۆرە یاریکردنێك کە لەگەڵ تەمەنیدا ناگونجێت ، بەڕای ڕۆسۆ هەمو ئەمانەش بۆ دەرچون لە یاسا سروشتییەکان و پابەندنەبون بەو پرەنسیپانەوە سەرچاوە دەگرێ ، بە نیسبەت ڕەگەزی مێینەیش چارەنوسێکی لەوە باشتری نابێ.



بە هەرحاڵ ئەوەی لە بیری پەروەردەیی ڕۆسۆدا هاتووە بەدەر لە تێبینییەکانی ئەگەر لە بواری پراکتیکدا میتۆدێکی زانستیانەی لێ پەیڕەو بکرێ ، ئەوا کۆمەڵگەیەکی نمونەیی دێنێتە بەرهەم.

لە بواری ئەدەبیشدا ڕۆسۆ جگە لەوەی زۆرێك بە دامەزرێنەری ڕێبازی ڕۆمانسی لە ئەدەبدا دەیزانن ، ڕوداوەکانی لە نێو کۆشك و تەلاری پادشا و کاربەدەستان هێنایە دەرێ و خەڵکی هەژار و چەوساوەی کرد بە کارەکتەر و دیفاکتۆی چیرۆك و نوسراوەکانی لە بیری باسکردنی نان و خوان و ئاهەنگ و تەلاری پادشاکان و شینایی قەدپاڵی چیاکان و چەم و کانیاو کوچە و کۆڵانی گوند و گەڕەکە میللییەکانی وێنا دەکرد و ژان و نەهامەتییەکانی ڕۆژگارەکەی دەردەبڕی.

لە بواری سیاسیدا دەگمەنە کەسێك کتێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) ی ڕۆسۆی نەبیستبێ ، کە لە ساڵی (١٧٦٢)ز پوختەی بیروڕا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تێدا بڵاوکردەوە ، لێرەدا ڕۆسۆ بە ناڕەزاییەکی ڕقاوییەوە دژی حوکمی زۆردارانە دەست پێدەکات و دەڵێ: (مرۆڤ بە سەربەستی لەدایك دەبێ ، بەڵام لە هەمو شوێنێکدا بە کۆت و زنجیر بەستراوەتەوە) ، بانگەشەی خۆڕزگارکردن دەکات لە کۆتی شارستانیەتەکان و داوای گەڕانەوە بۆ سروشت دەکات ، بەپێی ڕای ڕۆسۆ حکومەت لە دامەزراندیدا قەرزداری پەیمان بەستنێکی کۆمەڵایەتییە (کە لە ڕاستیدا ئەم پەیمان بەستنە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان دەبەسترێ ، چونکە وەك ڕۆسۆ دەڵێ تاکەکان بەر لە دەوڵەت هەبونە و ئەوان دامەزرێنەری قەوارەکەین ، بۆیە لێرەدا دەسەڵاتدار و رەعیەت هەر گەل دەبێت) ، پێویستە مافی ئەندامانی



بپارێزرێت ، چونکە ئەوان (تاکەکان) خۆیان لە هەندێ لە مافەکانیان داماڵیوە بۆ حکومەت ، بۆیە ڕۆسۆ یەکەم کەسە مافی ڕاپەڕینی دژ بە دەوڵەت و دەسەڵات ڕاگەیاند ، ئەگەر هاتو حکومەت لە مەرجەکانی پەیمان بەستنەکە پاشگەز بویەوە ، یاخود خواستەکانی بەدی نەهێنا ، هەر ئەم کتێبە بو بە هۆکارێکی گرنگ و کاریگەریی بیری شۆڕشگێڕانی فەرەنسی و ڕوخانی پادشایەتی ستەمکار لە ساڵی (١٧٨٩) ز و هێنانە کایەی دروشمی (ئازادی ـ برایەتی ـ یەکسانی) ، حکومەتی دیموکراسی یەکەم گەڵاڵە نامەی مافی مرۆڤی لە سەر دەستی ئەنجومەنی نیشتمانیی فەرەنسی بەدیهات ، دیارە دروستکردنی پەیکەری ڕۆسۆ و گوێزانەوەی تەرمەکەی بۆ گۆڕستانی (بانتیۆن)ی شەرەفمەندان ، ئەنجومەنی فەرەنسا ئەرکی خۆی بەرامبەر بەم فەیلەسوفە بەجێهێنا ، لەگەڵ ئەوەشدا بیروڕاکانی لە دەرونی هاوچەرخەکانیدا و نەوەکانی داهاتوش و بگرە تاوەکو ئێستایش کاریگەریی خۆی نواندووە.

**ئەو سەرچاوانەی سودم لێ بینیون:**


١- تیۆری دەوڵەت و سیستەمە ڕامیاریەکان ، بەهادین ئەحمەد محەمەد ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ .

٢- ئینسکلۆپیدیای فەیلەسوفان ، محەمەد وەسمان .

٣- جان جاك ڕۆسۆ ، موریس شربل و میشال ابی فازل .

٤- بەراوردێك لە بیروڕاکانی فرۆید و جان جاك ڕۆسۆ ، کەریم شەریف قەرەچەتانی.






عەدالەت عەبدوڵڵا

## مێژوی گەورە زلهێزی جیهان دەروازەیەك بۆ ناسینی ئەمریکا

هەر تێگەیشتنێکی سەرەتایی لە ئەمریکای ئەمڕۆ لەسەر ئاستی سیاسیی و جیۆسیاسی و ئابوری و تەکنەلۆژی تا دەگاتە سەر ئاستەکانی تری وەك کولتوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی ، لە هەندێ حاڵەتدا بە پلەی یەکەم وابەستەی زانینی مێژوی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەمریکا خۆیەتی ، بەو پێیەی زۆربەی هەرە زۆری هۆکار و فاکتەرە ستراکتۆرییەکان کە لە پشت دروستکردنی ئەم زلهێزە جیهانییەوەن ، سەرچاوەیەکی تریان نییە ، جگە لە سروشت و خاك و ئاوهەوا و جوگرافیا و ڕابردوی سیاسی و باکگراوەندی کۆمەڵایەتی و کولتوری ئەمریکا خۆی نەبێت.

زانینی مێژوی هەر وڵاتێکیش بەپێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە تەقلیدییەی کە بۆ چەمکی زانین و ناسین هەیە بە زانین و ناسینی مێژووییانەشەوە ، پرۆسەیەکی ئاسان نییە ، پرۆژەیەك نییە بتوانێت ببێتە زانین و ناسینی ئەو ئەمریکایەی کە ئەمڕۆ باڵادەسترین هێزی جیهانییە لە چەندین بواری گرنگی ژیانی مرۆڤایەتیدا ، بەڵکو زانینی مێژو یان هەوڵدان بۆ زانینی لەم جۆرە لە ئاست هەر وڵاتێکدا ، بە جۆرێك لە جۆرەکان بەشداریکردنە لە بەرهەمهێنانی

ئەو ڕاستییانەی کە مەرج نییە هەمومان لەسەری ڕێکبکەوین یان قبوڵمان بێت ، ئیدی لەبەر هۆکاری زانستی و مەعریفی بێت ، بەو پێیەی هەر تۆژەرێك دەتوانێ میتۆدێکی خۆی پەسەند بکات بۆ پرۆژەی ئاشکراکردنی مێژو ، یان لەبەر هۆکاری سیاسی و ئایدیۆلۆژی ، بەو پێیەی زۆرجار وێنەی هەر هێز و وڵاتێك لە ناو مێژوی ئێستادا دەستنیشانی دەکات ، بە چ شێوازێك مامەڵە لەگەڵ مێژوی ئەم هێز و وڵاتە دەکەین ، بە مانایەکی دی زۆرجار مێژو دەکرێتە پرۆژەیەك بۆ جوانکردنی ڕێڕەوی مێژوی وڵاتێك یان هێزێك و زۆرجاریش دەکرێتە پرۆژەیەك بۆ ناشیرینکردن یان کەمکردنەوە لە نرخی ئەو هێز و وڵاتە.

هەوڵدان بۆ تێگەیشتن یان ناساندنی مێژوی ئەمریکاش ، بەو مانا ئیشکالییەی کە ئێمە باسی دەکەین ، زۆر بە کەمی دەبێتە جێی پرسیاری هەمو ئەو تۆژەر و نوسەرانەی کە ئیش لەسەر نوسینەوەی مێژو دەکەن ، بەڵکو لە بری خۆ ماندوکردن بەو ئیشکالییاتانەوە بە ناچاری درێژە بەو میتۆدە پەیڕەکراو و ستانداردکراوانە دەدەن ، کە بۆ ناسینی مێژوی هەر وڵاتێك لە دامەزراوەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە یان لە زانکۆ و پەیمانگا و ئامادەییەکاندا ئیشی لەسەر دەکرێت و خوێندکاری لێوە پێ دەگەیەنرێت ، کارێك کە (محەمەد ئارگۆن)ی گەورە ئیسلامناس و ئارکیۆلۆژیك بە هەڵەیەکی مەعریفیی دەزانێت و بە ڕستەیەکیش پێی وایە ، هەرچی لە زانکۆکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەخوێنرێن ، کەم و زۆر مۆرکی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتەکانیان پێوە دیارە ، کەچی بە نرخی زانست پێشکەشدەکرێن.



بەڵام ئایا تا ئەو کاتەی هەمو لایەکمان دەبینە خاوەن هەستێکی زانستی و ڕەخنەگرانە بەرامبەر بە ئایدیۆلۆژیکردنی زانستەکان بە زانستی مێژویشەوە ، یان وانەی مێژو و میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە لە مێژوی هەر دیاردە و ڕوداو و بابەت و مەسەلەیەك هەمو پرۆژە و هەوڵێکی ناسین و زانین دوابخەین و پەك بخەین ، یان باشتر وایە لەم بوارەدا بەردەوام بین ، تا ئەو کاتەی سەردەمی مشتومڕکردنێکی گەورە لەسەر سودی ئەو میتۆدانە دێتە کایەوە ، یان ئەو تیۆر و زانستانەی کە نەوەکانمان پێ دەگەیەنن؟

بێگومان پێم وایە دەبێ هەر بەردەوام بین و لەگەڵ ئەم پرۆسەیەشدا ئەو هەستە بەهێز بکەین کە توانای لێك جیاکردنەوەی هەیە لە نێوان بەرهەمەکاندا ، ئەو بەرهەمانەی کە زانستین و مەبەستی زانستیشیان لە پشتەوەیە و ئەو بەرهەمانەش کە ئایدیۆلۆژین و هەر بۆ مەبەستی ئایدیۆلۆژیش وەبەردەهێنرێن.. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین هەمو هەوڵێکیش بنرخێنین ، کە بیەوێت پرۆسەی زانین و ناسین لە ئاستە جیاوازەکاندا درێژەیان هەبێت و مشتومڕیش لەسەر بڕی بەرهەمهێنانی مەعریفە یان ئایدیۆلۆژیا بۆ کات و ساتی دی بەجێ بهێڵین.. لەم ڕووەوە لە دیدی مندا کتێبی "پوختەیەك لە مێژوی گەورە زلهێزی جیهان" کە لە نوسینی (لوقمان خەیاڵی)ی نوسەرە ، یەکێکە لەو کتێبانەی کە لە پێشەکییەکەیدا بە زمان و گیانێکی خاکییانەوە تەعبیر لە کێشەی ناسین دەکات لە ئاست مێژوی وڵاتێکی وەکو ئەمریکادا و بە دەق بیرمان دەخاتەوە: ناسینی فراوانتری ئەم هێزە پێویستیی بە دەزگا و کۆڕی زانستی زیاتر هەیە ، کە بتوانێت لە سەرجەم بوارە



شارستانییەکان و مێژوی ئەمریکا بکۆڵێتەوە ، بە بێ ئەوەی نوسەر ئەم بۆچونە بکاتە بیانویەك بۆ وازهێنان لە هەر هەوڵ و پرۆژەیەکی زانستی و ئەکادیمی و فکری بۆ زانینی مێژوی ئەمریکا وەك دەلاقەیەکی سەرەتایی ئەمریکاناسی ، بۆیە دەبینی هەر خۆی دەڵێت: "بە ئەرکێکی گرنگم زانی لە لێکۆڵینەوەیەکی پوختدا و گەر بە شێوەیەکی خێرا و پەلەش بێت ، گوزەرێك بە ناو مێژوی ئەمریکا بکەم" ، ئەمەش دروست ئەو شتەیە کە نوسەر کردویەتی ، بەو پێیەی بەشی یەکەمی کتێبەکەی تەرخانکردووە بۆ ڕونکردنەوەی لایەنی جوگرافی و بابەتەکانی تری وەك ژیانی ئابوری و پێکهاتەی دانیشتوان ، لەم بەشەداکە لە لاپەڕە یازدەوە دەست پێدەکات و لە لاپەڕە بیست و چواردا تەواو دەبێت ، نوسەر بە زمانی ژمارە و ناونیشان و بە جبەخانەیەکی پڕ لە زانیاریی ورد و وردەکار ڕوبەری ئەمریکا و مەوقعی جوگرافی و هەڵکەوتی سنورەکانی لە نێوان وڵاتان و پاشان ئاو و هەوا و کاریگەرییەکانی لە سەر چالاکیی و ژیانی ئابوری ئەم وڵاتە دەستنیشان دەکات ، هەر لەم بەشەدا لە ڕێگەی ناساندنی دۆخی تۆبۆگرافی ئەمریکاوە دەچێتە سەر هەرێمە سروشتییە لێکجیاوازەکان ، کە بەشی زۆری ڕوبەری ئەمریکا پێکدێنن ، وەك هەرێمی چیاکانی ئەبالاش لە ڕۆژهەڵات و هەرێمی دەشتایی و مسیسپی لە ناوەڕاست و هەرێمی زنجیرە چیاکانی ڕۆکی لە ڕۆژئاوادا ، پاشان هەر بەهۆی سروشتی تۆبۆگرافیای وڵاتەکەوە ئاو و هەوای هەریەك لە هەرێمەکان دەناسێنێت و هۆکاری جیاوازیی نێوانیشیان دیاریدەکات ، دواتر نوسەر دەگوێزێتەوە بۆ سەر دەستنیشانکردنی لایەنێکی تری گرنگی



وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، کە ئەویش بار و ژیانی ئابورییەتی ، لەم ڕووەوە بیرمان دەخاتەوە ، کە "ئەمریکا لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکانی جیهاندایە" و نهێنی ئەم پێشکەوتنەشمان بە پێشکەشکردنی چەندین زانیاریی ورد بۆ ئاشکرا دەکات ، وەك شێوازی مۆدێرنی کاری کشتوکاڵی لەو وڵاتەدا ، کە بۆتە هۆی ئەوەی ئەمریکا زۆرجار ئەمریکا بە یەکەم وڵاتی جیهان دابنرێت لە بەرهەمی گەنم و دانەوێڵەکانی تر ، یان لە بواری بەرهەمهێنانی لۆکە و قامیشی شەکر و زۆر بەرهەمی دی ، ئەمە بێ لە کێڵگەی ئاژەڵداری وەك کێڵگەیەکی تری بواری ئابوری کە تیایدا وڵاتە یەکگرتووەکان بە هۆی گرتنەبەری شێوازی پێشکەوتووانەوە و هاوچەرخەوە لە بەخێوکردنی مانگا و مەڕ و ماڵات و ماسی و ئاژەڵی بەرهەمداری تر توانیویەتی لایەنێکی گرنگی بواری ئابوریی وڵات دابین بکات ، هەر لەم بوارەدا نوسەر تیشك دەخاتە سەر پیشەسازیی ئەمریکا کە بوارێکی ئابوریی ئێجگار پێشکەوتووە ، لەم ئاستەدا بیرمان دەخاتەوە ، کە لەبەر ئەوەی سامانی سروشتی و کانزایی پێویست بۆ کەرتی پیشەسازی بە ڕێژەیەکی زۆر لە خاکی ئەمریکادا هەیە ، وەك خەڵوزی بەردین و نەوت و ئاسن و مس و ئەلەمنیۆم و زێڕ و زیو .. هتد ، دەبینی ئەمریکا وەك نوسەر دەڵێت": بە یەکەم وڵاتی جیهان دادەنرێت لە زۆر بەرهەمی پیشەسازیدا و کارگە و کۆمپانیای مەزنی دروستکردنی فرۆکە و حەوزی بیناکردنی کەشتی و ئۆتۆمبێل و زۆر بواری تری هەیە ، ئەمە جگە لەوەی لە تەکنەلۆژیای سەربازیشدا لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی دنیایە".

هەر لەم بەشەدا نوسەر دەچێتە سەر باسی دانیشتوانی ئەمریکا کە بە پێی سەرژمێری ساڵی (١٩٩٥-١٩٩٦) ژمارەی دەگاتە (٢٦٣) ملیۆن کەس و دواتر سەردێکی مێژوویی ئەسڵ و سەرەتای دانیشتووان دەکات و باکگراوەندە مێژووییەکەی دیاریدەکات و بە دوای ئەمەشدا وێستگەی کۆتایی بەشی یەکەم تەرخان دەکات بۆ باسکردنی سیستەمی سیاسیی وڵاتەکە کە تا ڕادەیەك بەشی زۆرمان لێی ئاگادارین ، بەڵام نوسەر لەم کتێبەدا بە زانیاریی وردتر ئاشنامان دەکات.

لە بەشی دووەمدا کە ناونیشانی "دامەزراندنی یەکەمین سیستەمی کۆماریی لە جیهانی نوێ"ی لەخۆ گرتووە ، لە پێنج تەوەردا نوسەر سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ چەند باسێکی گرنگ ، یەکێك لەوانە جۆنیەتی نیشتەجێبونی ئینگلیزە لە سەدەی پانزەهەمی زاینی لەسەر زەمینی وڵاتەیکگرتووەکانی ئەمریکادا و لە چوارچێوەی بزوتنەوەی دۆزینەوەی جوگرافیادا ، نوسەر لەم ئاستەدا ئەو هۆکارە ئابوری و ئاینی و ئەمنییانە باس دەکات ، کە بونەتە فاکتەری ئەوەی خەڵکێکی زۆری ئینگلیز و دواتر فەرەنسی و ئیسپانی لەو سەر زەمینەدا بگیرسێنەوە و بە وردیش باسی قۆناغەکانی دوای ئەو نیشتەجێبونە و گێرمە و کێشە و پەرەسەندنەکانی دەکات ، تا دەگاتە سەر ئاکامەکانی پەیوەندیی نێوان ئینگلیز و دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە کۆلۆنیالیکردبون و هۆکاری ئەو شکستانەش دەگێڕێتەوە کە ئینگلیز دوچاری دەبێت ، پاشان دەچێتە سەر شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵی (١٧٧٥-١٧٨٣) و وردەکارییەکانی ئەو شۆڕشە باس دەکات ، هەر لەم بەشەدا



نوسەر ستراتیژییەتی ئەمریکامان پێ دەناسێنێت لە دوای شۆڕشی سەربەخۆیی و قۆزتنەوەی ئەمریکا بۆ چەند هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمە و وەبەرهێنانیان لە خزمەتی فراوانکردنی ڕوبەری وڵاتەکەی و وەدەستخستنەوەی ئەو ویلایەتانەی کە کۆلۆنیالی فەرەنسی و ئیسپانی بون و چەندین بەسەرهات و ڕوداوی تر ، باسێکی تری سەرنجڕاکێش لەم بەشەدا ڕاوەستانی نوسەرە لەسەر شەڕی ناوخۆیی ئەمریکا (١٨٦١-١٨٦٥) و هۆکارە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕییەکانی و بیرخستنەوەی ئەوەش کە لەم شەڕەدا نیو ملیۆن ئەمریکی دەبنە قوربانی ئەمە ، بێ لەو زیانە کوشندانەی لە ئابوری و دۆخی ژیانی ئەمریکییەکان کەوت و ئەو ڕق و قین و ناکۆکییە ترسناکانەش کە تا سەردەمانێك لە ناو ئەمریکییەکاندا و لە بەرامبەر یەکتردا هەبو ، تا دواجار ئەو شەڕە لە سەردەم و قۆناغی پێشکەوتوتری هۆشیاریی سیاسییدا دەبێتە وانە و عیبرەتی گەورە بۆ ئەمریکییەکان و بگرە لە دایکبونی نەتەوەی ئەمریکا.

بەشی سێیەمی ئەم کتێبەش تایبەتە بە باسکردنی چەند قۆناغێکی تری مێژوی ئەمریکا و ئەو سیاسەت و ستراتیژ و پلانانەی کە ئەم وڵاتە لە هەردو ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا گرتونییەتیە بەر لە پێناوی گەشەکردنی هەمەلایەنەی خۆیدا و دەرکەوتنی وەك هێزێکی گەورەی جیهانی ، لەم ڕووەوە نوسەر زانیاریی زۆر بەسود لەسەر سەرەتا و ئەنجام و ئاکامەکانی ئەو قۆناغانەی مێژوی ئەمریکا دەکات ، بەتایبەتی لە هەردو سەدەی نۆزدە و بیستدا و ئەو پێشکەوتنانەی کە لە ڕوی سیاسی و ئابوری و



سەربازی و کولتوری و لە ڕوی سەنگی نێودەوڵەتیی خۆیەوە بەدەستی هێناوە و پێی گەیشتووە ، بە وردیش باس لە ڕۆڵی ئەمریکا دەکات لە ڕوبەڕوبونەوەی دو لە ترسناکترین ڕژێمە سیاسییەکانی سەدەی بیست ، کە ئەوانیش ڕژێمی (نازی)یە لە ئەڵمانیا و ڕژێمی (فاشی)یە لە ئیتاڵیا و کاریگەرێتی ئەمریکا لە گێڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ ئەوروپا و ڕۆژئاوا بەگشتی و بڵاوبونەوەی ئایدیۆلۆژیای لیبراڵی و دیموکراسی لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لە دوای هەردو جەنگی جیهانییەوە دوچاری ڕژێمگەلێکی شمولی و ستەمکار ببون.

لە بەشی چوارەمیشدا نوسەر لەسەر قۆناغە هاوچەرخەکانی مێژوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕادەوستێت و باس لە سەرکردایەتیکردنی ئەمریکا دەکات بۆ کامپی ڕۆژئاوا و وردەکارییەکانی جەنگی سارد و شێوازەکانی بەرەنگاربونەوەی هەڕەشەی تیرۆریزم و جڵەوکردنی ئایدیۆلۆژیای شیوعییەت لە جیهاندا و بە تایبەتی لە ئەوروپای خۆرهەڵات و پاشان شکستی ئەمریکا لە ڤێتنام (١٩٦١-١٩٧٣) و تۆڵەکردنەوەی ئەمریکا لە سۆڤێت لە تێوەگلانی ئەمەی دواییدا لە شەڕی ئەفغانسان (١٩٨٠) و داگیرکردنی و دواتر شکستخواردنی سوپای سۆڤێت بە هۆی ئەو یارمەتییە سەربازی و مادی و مەعنەوییانەی کە ئەمریکا لە تۆڵەی شکستی خۆی لە ڤێتنام بە چەکدارە ئیسلامییەکانی ئەفغانستانی پێشکەشدەکرد.

بەشی پێنجەمی کتێبەکەش کە بە ڕای من بەشێکی گرنگە و شایانی ئەوەیە زیاتر لە جارێك بیخوێنینەوە ، تایبەتە بە باسکردنی



مەسەلەی بیرۆیسترۆیکا و هەڵسەنگاندنی ئەم پرۆژەیە و ئەو هۆکارانەش کە وایان کردووە ، ئەم بیرۆکە و پلانە ببێتە مایەی کۆتایی هاتنی بلۆکی سۆشیالیزم و لاوازبونی یەکێتی شورەوی تا دوا ئەندازە ، نوسەر لەم ڕووەوە ڕۆڵی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەگشتی باسدەکات لە شکستهێنانی سۆڤێت و دارمانی پرۆژەی حەفتا ساڵەی سۆشیالیزم لەو جیهانەی بەرینەی دنیادا .. پاشان دەچێتە سەر جەنگی ڕزگارکردنی کوێت و زۆر وردەکاری سیاسەتی ئەمریکا و باردودۆخی نێودەوڵەتی و ناوچەیی پەیوەست بەو ڕوداوە ، ئەمە جگە لەوە هەر لەم بەشەدا تیشك دەخاتە سەر ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی کە لە پاشەڕۆژدا دەشێت ڕوبەڕوی ئەمریکا ببێتەوە ، لەبەر ڕۆشنایی ئەو واقعەی کە ئەم زلهێزەی جیهان لە سەرکردایەتیکردنی جیهاندا هەیەتی ، نوسەر لەم بارەیەوە دید و بۆچون و پێشبینی و ئەنجامگیرییەکانی خۆی دەخاتەوە ڕو و بۆ ئاشناکردنی خوێنەریش بە هەندێ وردەکاریی تری مێژوی ئەمریکا کۆمەڵێك وێنە و نەخشە و خشتەی تایبەت بە سەرۆکەکانی ئەمریکا و ویلایەتەکانی ئەم وڵاتە دەخاتە ڕو.

ماوەتەوە بڵێین ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان (سلێمانی) - بەڕێوەبەرێتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەیە و لە دوو توێی (١٣٠) لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە و ژمارە سپاردنی (٢٤٤)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی پێدراوە.

خەڵەف غەفور
xalafgafur@yahoo.com



# پشكۆی كەلتور و جەستەی ئاوریشمینی ژن

## "خوێندنەوەیەكی خێرای چیرۆكی هەوشارە ئازایەكەی چیرۆكنوس كازیوە ساڵح "

(١)

ئەگەر چی خوێندنەوە و ڕاڤەكردنی بەرهەمێكی ئەدەبی كارێكی ئاڵۆزە و سانا نییە و بۆ خۆی قسەكردنە لەسەر چەند نادیارێك، وەڵێ خۆ دزینەوەیش لێی بە بڕوای من كارێكی دروست نییە، چونكە ناكرێت خوێنەر دوای خوێندنەوەی هەر بەرهەمێك هەڵوەستە لە ئاست گەلێك دیمەنیدا نەكات، یاخود نەبێتە خاوەنی تەفسیر و تەئویل بۆی، هەروەك بەختیار عەلی لە (خوێنەری كوشندە)دا ئاماژەی بۆ پرسێكی لەو جۆرە كردووە.




بێگومان چیرۆكی (كێ كوشتنەكەی ئاشكراكرد)ی چیرۆكنوس كازیوە ساڵح كە لە دو توێی كۆمەڵە چیرۆكی (نامەكان بەر لە مردن ناخوێندرێنەوە)دا بڵاویكردووەتەوە، یەك لەو چیرۆكانەیە كە ناكرێت نەخوێنرێتەوە و هەڵوەستەی لە ئاستدا



نەكرێت، ئەگەر چی چیرۆكنوس زۆر بەخێرایی بەسەر وێنە چیرۆكییەكاندا گوزەری كردووە و دەبوش زیاتر لەسەر وێنەكان بووەستبایە، بەڵام سەرنج لای خوێنەر بەجێ دەهێڵێ و ئاوێزانی تێڕامانێكی قوڵی ڕۆحی دەكات.

(٢)

ئاشكرایە كەرەستەی خاوی نوسینی چیرۆكەكە ڕوداوێكی كۆمەڵایەتییە كە لە ڕێگای گوندێكدا ڕویداوە و دواتریش وەك یادگارییەكی تاڵ لە زهنی دو دەربازبوی ڕوداوەكەدا ماوەتەوە، یادگارییەك كە ئازاری ڕۆحی مرۆڤێك دەدات، ئەمە جگە لەوەی (هەوشار)یش بە دەست كولانەوەی هەمان یادگار و بیرەوەرییەوە ئازار دەچێژێت و ڕەنگە لە ناخی خۆیدا سەرزەنشتی ئەنجامدەرانی بكات.

هەوشار لە چیرۆكەكەدا گیانەوەرێكی بەجێماوی یەكێك لە گەورەترین كارەساتەكانی سەدەی بیستەمە، كارەساتێك بە بڕوای من تەنها وێنە فەنتازییەكانی ئەدەب (ئیدی هەر كام لە ژانرەكانی بێت) بتوانێت گوزارشتی لێبكات، بۆیە هەوشار خۆی بەر ناكات لە گرتنە ئامێزی خەمێك، ئەو بەتەنها خەم بۆ تەنهایی و غەریبی خۆی ناخوات، بەڵكو وەك گیانەوەرێكی هەستەوەر هەست بەوە دەكات، كە كۆمەڵگەكەی لە نێو مەرگەساتێكی نامرۆڤانەدا بژی.

هەوشاری خەماوی زەنگە بۆ بەئاگاهاتنەوەی كۆمەڵگەیەكی خەوتو لە بەرامبەر زوڵم و ستەم، بەتەنها ستەمی ستەمكارانی سیاسی نە لە گەلێك، بەڵكو ستەمی نەریتی باوی كۆمەڵگە لە ژن، هەوشار هەست بەوە دەكات، چۆن پشكۆی كەلتور جەستەی



ئاورێشمینی ژنێك دەسوتێنێ و خەونەكانی دەژاكێنێ، زەنگە بۆ نادادپەروەری، بۆ ڕاوەستانی كوشت و بڕی و چەوساندنەوە و قڕكردنی سیاسی و زیندە بەچاڵكردنی مرۆڤەكان، ئایا بەڕاست هیچ زومێك دەتوانێ دیمەنی فەنتازی وا بخولقێنێ، كە سەگێك (هەوشار) خەم بۆ مرۆڤ بخوات و بەدیار ستەمكاری مرۆڤەوە ڕامێنی؟

ڕامانی هەوشار لە كۆی ساتەكانی چیرۆكەكەدا ئەوەمان پێدەڵێ، كە مرۆڤەكان هێندە شایانی چەوساندنەوە نین و كاتی ئەوە هاتووە، كە پرۆسەی لەناوبردنی بە كۆمەڵ و قڕكردنی سیاسی كۆتایی پێ بێت، هەڵبژاردنی كارەكتەری هەوشاریش بە بینینی ڕۆڵێكی لەو جۆرە وردئاگایی چیرۆكنوس دەردەخات، چونكە ویستویەتی لە زمانی سەگێكەوە كە مرۆڤەكان كەمترین جار بە پاكی دەزانن، هەڵوەستە لە ئاست كارەساتێكی نامرۆڤانەدا بكات، كە خودی مرۆڤایەتی لە ئاستیدا بێدەنگ بون.

كازیوە لە سەرەتای چیرۆكەكەدا وێنای بازاڕێكمان بۆ دەكات، كە بە بازاڕی "ئەنتیكە فرۆشان" ناسراوە، بێگومان "ئەنتیكە بۆ خۆی بەو شتانە دەوترێت كە ئاسایی نین و شتی سەرسوڕهێنەرن" ، ئەم بازاڕە دەكرێت هێما و ڕەمز بێت بۆ وڵات یان كۆمەڵگایەك، گەلێك شتی سەیر سەیرت بەرچاو دەكەوێت، چونكە ئەو شتانەی كە لەو بازاڕەدا دەفرۆشرێن، لەلایەك دەكرێت وەك سامانێكی گرنگی نەتەوەیی تەماشا بكرێت و هەوڵی پاراستن و بەرز ڕاگرتنیان بدرێت، بۆ وێنە "بەردی ڕەنگا و ڕەنگی شوێنەوارەكان، ناسنامە، عەینەكەكەی مەولەوی و ... هتد"، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە فرۆشتنی مناڵ، كە ئەمە بۆ خۆی ئەوپەڕی تراژیدیایە،



بەڵام لەم بازاڕەدا "كۆمەڵگایە" بەئاشكرا لە ڕێگای فرۆشیار "مافیاكانەوە" ئەم كارە دەكەن و بەپێی تەمەن نرخیان لەسەر داناوە و وەزیفەكەیشیان بۆ دیاری كردووە، بەم شێوەیە " لە یەك ساڵەوە بۆ چوار ساڵ لەسەر تیشێرتەكەی نوسراوە ماڵی قاچاخچییەكە بۆ ژیان، لە چوارەوە بۆ دە ساڵان ماڵی بۆیاخە بۆ پارە، لە دە ساڵەوە بۆ پازدە ساڵان لەسەری نوسراوە ماڵی سێكسە ئەم وەنەوشە".

ئەمە جگە لەوەی لە بازاڕی ژنانیشدا هەروا شتەكان دەفرۆشرێن، تەنانەت كار دەگاتە ئەوەی كە چیرۆكنوس دەبێژێت: "هەندێكیان ئەو پارچە پەڕۆیە دەفرۆشن، كە چەند ساڵە وەكو پاسەپۆرتی شەرەف هەڵیگرتبو".

بێگومان قسەكردن لەسەر ئەم بازاڕە هەروا سادە نییە، سادە نییە بەو مانایەی ئەم بازاڕە وێنای قۆناغێك لە قۆناغەكانی كۆمەڵگایەك دەكات، كە ڕەنگە ئەو قۆناغە دەیان خەون و خۆزگەی مرۆیی تێدا زیندە بەچاڵ كرابێت، كۆمەڵگایەك خاوەن پێناسێك نییە بۆ مرۆڤ، شەرەف، ژن، سێكس و .... هتد.

كازیوە لەبەر ئەوەی كچی نێو كۆمەڵگەیەكی تا سەر ئێسقان باوك سالارییە، بۆیە ورد و ئاگایانە لە ڕێگای چیرۆكەكەیەوە لە دەرگای بابەتێكی كۆمەڵایەتی گرنگی داوە، ئەوە نییە ئەو كۆمەڵگاكەی خۆی لە وێنەی بازاڕێكدا نیشان دەدات و بەهادارترین شتی خۆیانی تێدا هەڕاج دەكەن، لەوێ لەو كۆمەڵگایەی كە ئەنتیكەی تێدا دەفرۆشرێ، شتەكان زۆر بێ بایەخن، بەهاكانی تێدا لێدانی سفركراوە، ئەوەتا بەردی ڕەنگاوڕەنگی شوێنەوارەكان و ناسنامە و كتێب و

عەینەکەکەی حەزرەتی مەولەوی، کە ڕەنگە لە هەرە بەنرخترین سامانەکانی ئەو میللەتەبن لەم بازاڕە هەراج دەکرێ و بەرامبەر بە نرخێکی کەم دەفرۆشرێ، بەڵام گرنگە قسە لەسەر ئەوەش بکرێ، کێ فرۆشیاری ئەمانەیە و بۆچی ئەوپەڕی بێ حورمەتییان پێدەکرێ؟

ئەگەر منداڵ لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتودا وەك توێژێکی گرنگ و سامانی ئایندە سەیر بکرێ و گرنگیەکی تەواو بە پەروەردەکردنیان بدرێ و خانەی تایبەت و زانستی و پەروەردەیی بۆ پێگەیاندیان چاك بکرێ، ئەوا بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگایەکی سونەتیدا کەمترین گرنگیان پێدەدرێ و لە ڕێگای ڕێبەرە فرۆشیارەکانەوە هەراج دەکرێت، تەنانەت لەم کۆمەڵگایەدا هێندە مرۆڤەکان گرنگیان پێنەدراوە و دوچاری گرفت گەلێکی ئابوری هاتون ناچاربون "هەندێکیشیان ئەو پارچە پەڕۆیە کە چەند ساڵە وەکو پەساپۆرتی شەرەف هەڵیگرتبو بیفرۆشن" ، کە ئەمە لە کۆمەڵگای سونەتیدا ئەوپەڕی بێزاری و ملکەچ کردنی مرۆڤە، چونکە لێرە تەنها ژن شەرەفە و ئەو پەڕۆ سورەش کازیوە باسی دەکات، ڕەنگی کۆماری شەرەفی ژنە، لەم کۆمەڵگایەدا شەرەف ترسێکی گەورەیە و بە گرنگییەوە لێی دەڕوانرێت، هەر بۆیە چیرۆکنوس دەیەوێت لە ئاست ئەم پرسەدا هۆشیارمان بکاتەوە، چونکە ئەوە یەکێکە لە وەزیفەکانی ئەدەب، " هونەر بەگشتی دیارە ئەدەب بەشێکی هەرە گرنگی پێك دەهێنێت، شێوەیەکە لە شێوەکانی هۆشیاری کۆمەلایەتی، بۆیە پەیامی تایبەتی خۆی هەیە و کۆمەڵێك ئەرکی مەعریفی، ئایدۆلۆژیایی و پەروەردەیی ڕوبەڕو دەبێتەوە، کە ناچارە



جێبەجێیان بکات، وەنەبێت ئەم بۆچونە تازەکی سەری هەڵدابێت، بەڵکو بناغەی بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، کە پێی وابو ئەوی تراژیدیا دەنوسێت، دەیەوێت لە ڕێی وروژاندنی بەزەیی‌و ترسەوە هەوڵی پاکژکردنەوەی مرۆڤ بدات، کەواتە لەسەر هەمو نوسراوێك پێویستە لە هەمو بەرهەمێکدا ئەرکی ئەدەب ڕەچاو بکات‌و ئەوەی لەیاد بێت، کە بەرپرسە بەرامبەر ئەو قۆناغە دیرۆکییەی کۆمەڵگەکەی پێیدا تێپەڕ دەبێت و لە هەمو کارێکدا شتێکی وەها بڵێت گوڕێك بە ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵ بدات"[1].

بیگومان هەر ئەوەشە کازیوەی ناچارکردووە، بازاڕی ئەنتیکە فرۆشان بکاتە کەرەستەی نوسینی ئەم چیرۆکە و بەرپرسیارانە قسە لەسەر واقیعی کۆمەڵگایەکی سوننەتی بکات.

**(٣)**

لە چیرۆکی "کێ کوشتنەکەی ئاشکراکرد"ی کازیوە ساڵحدا، "ئەو" و "هەوشار" دو کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەن، هەردوکیان ئەگەر چی پێناسیان جیاوازە بەوەی "ئەو: مرۆڤە" و "هەوشاریش: سەگە"، بەڵام لەواقیعدا پێکەوە گیرۆدەی تارماییەکانی یادەوەرییەکی تاڵن کە لەنزیکەوە لەسەریان رویداوە، یادەوەرییەك بووە بە بەشێك لە ژیانیان و بۆ تەنها چرکە ساتێکیش ناتوانن فەرامۆشی بکەن.

"ئەو" لەم چیرۆکەدا خۆی بە دۆڕاوی یەکەم دەزانێت، بەردەوام لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێ و ڕابردویەکی تاڵدا دەژی، ڕوداوێك کە لە یادەوەری ئەودا بۆ ساتێك چییە جیا نابێتەوە، تەنانەت بەردەوام ئەو خۆی لە نێوان پرسیارکردن و وەڵامدا دەبینێتەوە، بەڵام ئەوەی



شتێکی ئاساییە ئەوەیە ئەم پرسیار و وەڵامانە بەردەوام یەك پرسیار و یەك وەڵامن، چونکە لەلایەك شێوازی ژیانکردن لەم کۆمەڵگایەدا یەك شێوازە و بازنەیی دوبارە دەبێتەوە، لەلایەکی تریشەوە ڕوداوی یادەوەرییە تاڵەکە سەراپای هزرو بیری ئەوی داگیرکردووە و پرسیارکردنەکەش بەردەوام لەسەر ئەو یادەوەرییە تاڵەیە.

"ئەو" لەگەڵ هەور و باراندا یادگارییەکی تاڵی هەیە، بۆیە لەکاتی  ناڵینی هەوردا، ئەویش دەگری، باران دەبارێ و ئەمیش دەگری، تەنانەت کاتێك بروسکە دەدات، "ئەو"  بە ئەسپایی دەڵێ: (کێ دەڵێ ئاسمانیش بۆ دوری زەوی ناگری، کە مرۆڤ لێی داگیرکردووە و خەریکە ئەوەندەی بە دەرەوە ناهێڵێت ئاسمان تینوێتی بشکێ... بۆ نا؟ مرۆڤ لە هەمو زیندەوەرێك زیاتر حەز بە داگیرکردن دەکات، هەتا شتێکمان لێ داگیر نەکەن بە خۆماندا ناچینەوە، بزانین داخوا داگیرکارین یا نە، نا باوەڕناکەم ئەم کاتەش بپرسین، دەنا ئەو چەند ساڵەش باکیان دەبو لەوەی بەرامبەر من کردیان، جارێك دەهاتەوە بەبیریاندا کە هەمو شتێك و ژیانی منیان زەوت کردووە، بردیانەوە بۆ نادیار.. بۆ سەرەتا.. ئاخر هەر هیچ نەبێت هیندەی هەوشاریان پێ نەکرا.. ها؟... منیش لە خۆمەوە شتی هەلەق و مەلەق ئەڵێم، ئاخر کێ هێندەی هەوشاری پێ کراوە، هەتا ئەوان بیکەن؟).

بێگومان "ئەو" لێرەدا سیفەتی داگیرکاری داوەتە پاڵ مرۆڤ، پێی وایە هەر مرۆڤەکانن زەوییان داگیرکردووە و هەر ڕۆژە و بەشێوەیەك دەیشێوێنن، ئەوە نییە مرڤەکان خاکی یەك و حەزی



یەك و ماڵی یەك و جەستەی یەك داگیر دەکەن! ئەی ئەوە نییە باوك عەقڵ و جەستەی تەواوی منداڵەکانی داگیر دەکات و بە کۆنترۆڵی عەقڵی خۆی دەیان جوڵێنێت؟ ئەی ئەوە نییە پیاوەکان دەبنە دێوە زمە و دەیانەوێت ژنەکانیان پاشکۆی ئەوان بن! ئەی ئەوە نییە سکرتێرەکان فکری خوار خۆیان داگیر دەکەن و یەکەم و دوا قسە هەر خۆیان و خۆشیان دەیکەن! ئەی ئەوە نییە و... هتد.

**"٤"**

"ئەو" بەردەوام لەگەڵ بیرەوەرییەکی تاڵدا دەژی، ئەوەی بۆ چەند ساتێکی تەواو نوقمی نێو دنیا خەماوییەکەی

دەکات و لە هەمان کاتیشدا فریاد ڕەسی خەمەکانی ئەوە "هەوشار"ە، ئەگەرچی هەوشار وەك مرۆڤ توانای قسەکردنێکی تەواوی نییە، بەڵام زۆر بە جوانی ئەو لێی تێدەگات و تارمایی تەواوی بیرەوەرییەکانی "ئەو"ە، ئەمە جگە لەوەی ئەو "چەتر"ەی کە ڕەنگە هۆکاری ڕودانی کارەساتەکە بوبێت و هەنوکەش بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە، هۆکاری بەردەوامی زیندویی بیرەوەرییە تاڵەکە بن"، بەتایبەتی کە پاش سەرئێشەی بازاڕەکە لەپلیکانەکانەوە سەردەکەوێت، بەرانبەرت ئەو ژورە دەبینیت کە لە ناوەڕاستی ژورەکەدا و بە بنمیچەکەیەوە چەترێك هەڵواسراوە و تەرمێکیش لە ژێریدا بێ هاودەم و چاودێر کەوتووە"، ئا لێرەوەیە بەردەوام ئەو لەگەڵ ڕابردویەکی تاڵدا دەژی، چەترەکە ڕۆژانە بیرەوەرییەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و وەك چۆن خەڵوزێك بە فو لێکردن دەگەشێتەوە و بەردەوامی بە ژیانی دەدرێت، ئاواش هەر لە یەکەم نیگاکردنی چەترەکەدا ڕابردویەکی تاڵ زیندو دەبێتەوە.

"ئەو" ئەگەر چی بێ هیوابووە لە گەڕانەوەی دنیایەکی خۆشنودی تر، بەڵام ئەگەر کەلتوری باوی کۆمەڵگا لێیگەڕێ، ئەوا "ئەو" لەگەڵ "هەوشار"دا بڕیاری درێژەدان بە ژیانی داوە، ئاخر "هەوشار"ی ئەو زۆر ئازایە و لەگەڵ مرۆڤ دۆستییەکەشیدا ئەرکی بژێوی ماڵیشی لەسەرە، هەوشار گەر چی مرۆڤ نییە، بەڵام مرۆڤێکی میهرەبان و کۆست کەوتوی نێو کەلتورێکی ناتەندروست بەخێو دەکات و لەگەڵ بیرەوەرییەکانیدا دەژی، بەڵام بەردەوام ڕووبەڕوی شەڕێکی خانەوادەیی دەبێتەوە، کاتێك ماڵەباب دەیانەوێت بیبەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و هەمیشە سەرزەنشتی دەکەن، کە ئەوی بێ مێرد چۆن دەبێ لەگەڵ سەگێکدا بژی"، تۆیەکی وەجاغکوێر بەدیار چییەوە دانیشتوی، نە منالێکت هەیە بیکەیت بە بیانو، نە مێردیشت هەیە ئەوەندەی سەروەت و سامان بۆ جێهێشتوی بەئارامی پێی بژیت".

بێگومان لەگەڵ بەردەوامی ئەم سەرزەنشتکردنەدا ئەو لە دڵسۆزی هەوشار تێ گەیشتووە، لەوە گەیشتووە هەوشار چەند بەوەفایانە و هەوڵی زیندو ڕاگرتنی یادەوەرییە تاڵەکە دەدات و بۆ ساتێك چییە لە بیری ناکات"، ئاخر خۆ دڵسۆزی و هەوڵدانی هەوشار یارمەتی شەرمەزار دەکات، لەوانەیە لە ئاکارەکانی ئەوان تێ بگات"، بۆیە ئەوەندە خۆی ماندو دەکات، دەکرێت ئەوەش ڕاست بێت، کە هاوشار ڕەمزێکە بۆ زیندو ڕاگرتنی بیرەوەرییەکە، ئەوەتا ئەگەر چی باوکی "ئەو" هەوڵی زیندانی کردنی دەدات، بەڵام هەوشار لەو بەهێزترە و دەگەڕێتەوە بۆ لای تەرمی ژێر چەترەکە، دواتریش ئەو بە ئەسپایی خۆی کۆدەکاتەوە و دەگەڕێتەوە، بێگومان



کازیوە لە ڕێگای ئەو جەستەیەی ژێر چەترەکەوە هەمدیس دەیەوێ باس لە جەستەی مردوی کۆمەڵگا بکات و هەمیشە بەدوای هێما مردووەکانەوەیە و کەمترین جار کۆمەڵگا خێڵەکییەکان خۆیان لە قەرەی نوێبونەوە دەدەن، ئەو جەستەیە ئەکرێ وەك هێما بۆ کۆمەڵگایەکی مردوش سەیر بکرێ، وەك دەسەڵاتێکی نادادپەروەر و مردو کە خەمی پێشکەوتن و مرۆڤ دۆستی لای ئەوان خەمی سەرەکی نییە، هەمیشە دەرەنجامی ئەم کەلتورە سەقەتە خولقاندنی حاڵەتی ناتەندروست بووە، کە لە باشترین حاڵدا باوکسالاریەتی بەرهەمهێناوە" ، بۆیە منیش خۆم پێ ڕانەگیرا و لەگەڵ هەمو هەڕەشە و چاو سورکردنەوەکانی باوکم بۆ زانینی نهێنی ئەو تەرمە و نەگەڕانەوەشم، بەڵام بێ سێ و دو گەڕامەوە ماڵەکەی خۆم بۆ لای هاوشار و تەرمەکەی هاوەڵم"، بێگومان گەڕانەوە بۆ لای هاوشار گەڕانەوەیەکی ئاسایی نییە، گەڕانەوەیە بۆ بیرەوەرییەکی تاڵ کە بەشێکی بە زیندوی هێشتنەوەی لە ئەستۆی "ئەو"دایە، هەوشار لێرە ڕەمزە بۆ ئازادی و جەربەزەیی و بەوەفایی، ڕەمزە بۆ هەوڵ و نەبەزین، ڕەمزە بۆ هەڵوێست و پاراستنی بەها و یادەوەرییەکان.

"٥"

بێگومان ئەوەی وادەکات، کە خوێنەر چیرۆکنوس بە سەرکەوتو بزانێت، ئەوەیە کە چیرۆکنوس کارێکی وەهای کردبێت، خوێنەری بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کەسایەتی و کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکەکەدا ژیاندبێت، یاخود وێنا و فەنتازیای هێندە جوانی خولقاندبێت، کەخوێنەر وابەستەی تەواوی خوێندنەوەی چیرۆکەکە بکات و زۆرجاریش هەست بکات خۆی کارەکتەرێکی واقعی نێو



چیرۆکەکەبێت"، یەکێك لە مەرجەکانی چیرۆکی سەرکەوتو ئەوەیە چ ڕوداوەکانی، چ هەڵسوکەوتی قارەمانەکانی تا ماوەیەکی دورو درێژ لە یادی خوێنەردا دەژین، خوێنەر کە چیرۆکێکی سەرکەوتو دەخوێنێتەوە، واهەست دەکات خۆی لە نێو ڕوداوەکاندا ژیاوە و پێی وایە قارەمانی چیرۆکەکەش وەك کەسانێکی ڕاستەقینە دەناسێت"[٢].

کازیوە یەك لەو چیرۆکەنوسە سەرکەوتوانەیە ئاوها کارێکی کردووە، ئەو لە ڕێگای کارەکتەری "هاوشار"ەوە پەیوەست بونێکی تەواوی لە نێوان خوێنەر و چیرۆکەکەدا دروستکردووە، کارەکانی "هەوشار" جێگای پرسیار و سەرسوڕمانن، سەرسوڕمانێك کە مرۆڤ حەز بکات ببنە کار و سیفاتی مرۆڤەکان بۆ یەکتری، هەوشار گەلێك جوان لە ڕێگای گرتە و کارەکانییەوە هەستی خۆی بۆ ڕوداوە دڵ تەزێنەکان دەردەخات، ئەگەر باوکی "ئەو" سەر سەختانە دەیەوێ ڕێگر بێ لە بەردەم ژیان بەسەربردنی "ئەو" و "هاوشار" دا، ئەوا "هەوشار" لەم واقیعە هەڵدێت و دەگەڕێتەوە بۆ درێژەدان بەو جۆرە ژیانەوە و وەك "ئەو" بە سەیرکردنی چەترە هەڵواسراوەکە و تەرمە نەبینراوەکەی ژێرییەوە خەیاڵی ڕادەستی و بیرەوەرییەکی تاڵ دەکات، ڕەنگە ئەمەی هاوشار دەیکات دواجار ئەوەبێت، "پێم وایە چیرۆکنوسیش تاڕادەیەك هەمان بۆچونی هەیە" ، کە ئەوەی نێوان "ئەو" و "هاوشار" جۆرێك بێت کە لە گۆڕینەوەی سۆز لە نێوان مرۆڤ و گیانەوەرەکانی تردا، لەکاتێکدا کە نێوان مرۆڤەکان خۆیان بە ڕادەیەکی زۆر خاڵین لەم سۆزە، چونکە لێرە بەڕادەی ئاوێتەبون، "ئەو" و "هاوشار" ئاوێتەی ناخی یەکبونە، دواتر لای خەڵکی دەوروبەریش ئەم حاڵەتە دەبێتە جێگای تێرامان " ، دێتەوە



بیرم ئەو کاتەی لە نەخۆشخانە بەئاگا هاتمەوە، باس هەر باسی هەوشار بو، دەیانگوت لە بەیانییەوە هەتا عەسر، من هۆشم هاتووەتەوە سەرخۆ ئەو لەبەر دەرگای نەخۆشخانەکەدا لەگەڵ تروسکەیەکی کز و لاوازدا گریابو، ئەوەیش زیاتر خەڵکەکەی سەرسام کردبو گریانەکەی بو، بۆ یەکەم جار بو ببینن سەگێك دەگری" ، ڕەنگە ئەو دیمەنە فەنتازیە جوانترین دیمەن بێت، کە چیرۆکنوس خولقاندویەتی، کازیوە لێرە لە غیابی خۆشەویستی و سۆزی خۆشەویستەکەی "ئەو"دا سۆز و خۆشەویستییەکی تری چێکردووە بەم شێوەیە:

ئەو ... خۆشەویستی ... ئومێد ... ڕوداو "هۆکاری نەزانی و کەلتوری ناتەندروست"... ئەنجام: ئاوەژوکردنەوەی ژیان.

ئەو... سۆز... هاوشار... ڕوداو "هەستێکی پڕ لە تێرامان"... ئەنجام: جوانکردنی بیرەوەرییەکی تاڵ.

هەروەك لەوێدا دیمەنێکی ناوازەی تر دەخولقێنێ، کە "گریانی سەگ" کە من پێم وایە فەنتازیاترین دیمەنی نێو چیرۆکەکەیە، چونکە گریانی سەگ لە حاڵەتی کارەساتی مرۆڤێکدا دەیان مانا و دەلالەت هەڵدەگرێت، کە ڕەنگە تەفسیرکردنیان بۆ من کارێکی زەحمەت بێت، هەوڵدەدەم لە دەرفەتێکی تردا بێمە سەری.

کازیوە ڕوداوی سەرەتای چیرۆکەکە لەچەند دێڕێکی پێش کۆتایی ئاشکرا دەکات کە مەرگی "ئومێد" ی هاوسەری "ئەو"ە بەهۆی نیشان شکاندنی دو کەسی ڕیشنەوە لەسەر پێکانی ئاسنی سەر لوتکەی چەترەکە گرەو دەکەن و دواتریش کارەساتێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە، کە ژیانی" ئەو" و "هەوشار" دەکاتە دۆزەخ، ئەوەش

وادەكات، كە ئەم چیرۆكە هەمیشە لە یادەوەرییدا بمێنێتەوە و ئەو وێنە فەنتازیانەیە كە چیرۆكنوس خوڵقاندونی، ئەگەرچی وێنەكان خەم هێنەرن، لە وزەی زیندو هێشتنەوەی یادەوەرییەكەی لای "ئەو" و "هەوشار" ە و خوێنەریش بەئاسانی ناتوانێت بیری بچێتەوە، "ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەمەی ئێستا بووە بە خەوی هەمیشەیی هەوشار، ئەویش چەترەكەی سەرمان بو كە ئاسنكەی پێكرا، لەو ڕۆژەوە هەڵم واسیوە بەوێدا و لەو سەقفە نابێتەوە، بەردەوام لەژێریدا تەرمێك دەبینرێت، هەر ڕۆژەی تەرمێكە جیاوازە، بەڵام لە هەمو ڕۆژێكی دو شەممەی مانگ و ساڵی مەرگیدا دەبێ بە تەرمی ئومێد....".

دواجار ئەوەی لە یادەوەری مندا هەمیشە بە زیندوی دەمێنێتەوە، گریانی سەگێكە، لەكاتێكدا ئێمەی مرۆڤ لەژێر كاریگەریی غرور و هەوەس بازیدا بە ئازارەكانی یەكتر پێدەكەنین، هەروەك دیمەنی سوتانی جەستەیەكی ئاورێشمین بە پشكۆی كەلتورێكی ناتەندروست، كە ڕۆژانە دەیان دیمەنی تراژیدی چێدەكات، شایانی لەبیر نەكردنن.

## پەراوێز و سەرچاوەكان:

١- هزر و شێواز لە چیرۆكی كوردیدا، حەمەسەعید حەسەن، لاپەڕە (٦).

٢- سەرچاوەی پێشو، لاپەرە (٩٣).

⋆ ئەم چیرۆكە خەڵاتی یەكەمی فیستیڤاڵی "ئامیتا"ی وەرگرتووە كە لەساڵی (٢٠٠١) لە ئیتالیا سازكراوە.





م.ی. ئومێد بەرزان برزو

# زمان و تاك

بێگومان ئەو زمانەی كە هەر تاكێك پێی دەدوێ، یەكێكە لە تایبەتمەندییە گرنگەكانی خۆی. خودی سروشتی دەنگەكە جۆری ئەو تاكە دیاری دەكا، كە منداڵە یان گەورەیە، نێرە یان مێیە، گەنجە یا پیرە.... هتد، نەك تەنها ئەوەندە، بەڵكو سروشتی دەنگەكە سەرەڕای چەند ڕەگەزێكی تریش لە مرۆڤێكی تر جیای دەكاتەوە، بەڵام ئەو كەسانەی كە ئەو تاكە دەناسن، بە دەنگەكەیەوە دەیناسنەوە كە كێیە، سەرەڕای ئەوەش سروشتی دەنگەكە وادەكا، كە خەڵكی هەڵوێستی خۆیان لەسەر خاوەن دەنگەكە دیاری بكەن، كە دەنگی خۆشە یان ناخۆشە، زۆرجاریش تەنیا دەنگەكە بەسە بۆئەوەی وامان لێبكا، كە ڕەوشتی خۆمان دیاری بكەین لە بیستنی دەنگەكەدا، وەك دەنگی ئەو كچەی كە خۆشمان دەوێ، یان ئەو كوڕەی كە چاوەڕوانی گەیشتنی دەكەین، یان ئەو سەرۆكەی كە لێی دەترسین، یان ئەو هاوڕێیەمان كە حەز بە بینینی دەكەین، هەمو ئەو دەنگانە وامان لێدەكا، كە ڕەوشتمان لە یەكێكیانەوە بۆ یەكێكی تریان كەم تا زۆر بگۆڕێ.

ئەمە لە ڕوی سروشتی دەنگەوە كە لەگەڵماندا دروست دەبێ و وردە وردە لە كاتی گەشەكردنماندا دەگۆڕێ، بەڵام لە زمانی هەر



تاكێكدا چەندین ڕەگەزی تر هەیە، كە جیاوازە لە زمانی هەر تاكێكی تر، تا ئەو ئەندازەیەی دەتوانین بڵێین هەر تاكێك لە كۆمەڵگادا زمانێكی تایبەت بە خۆی هەیە. لە زمانی هەر تاكێكدا چەند تایبەتمەندییەك هەیە، كە ئاماژە بۆ پێگەی كۆمەڵایەتیی ئەو كەسە دەكا، یان بە لایەنی كەمەوە ئاماژە دەكا كە سەر بە چ چینێكی كۆمەڵە، یان سەر بە چ كۆمەڵەیەكی پیشەوەرانە، سەرەڕای ئەوەی لە زمانی هەریەكە لە ئێمە چەند دەستەواژەیەك هەیە، كە بەردەوام و بە ڕێكوپێكی دوبارەی دەكەینەوە و ئاماژە بۆ ناسنامەمان دەكا، وەك ((گوێم لێیە، تێگەیشتم، دەزانم؟))، یان چەند ڕستەیەكە و بەردەوام ئەو كەسە دوبارەی دەكاتەوە، وەك ((ئاگات لە خۆت بێ؟ مێشكت لای من بێ؟ ئەزانی، نازانم چییە، دوایی))، یان چەند دەستەواژەیەكی تر كە زیاتر ناسنامەی هەریەكە لە ئێمە دیاری دەكا.

هەروەها شێوازی ئاخاوتنمان لە یەكتر جیاوازە، هەندێكمان بە خێرایی قسە دەكەین و هەندێكی تریشمان لەسەرخۆ و بەهێواشی قسە دەكەین، خەڵكانێكیش هەن لە نێوان ئەو دو جۆرەدا قسە دەكەن. هەندێكمان ڕستەیەك یان زیاتر بە دەنگێكی نزم دەردەبڕین، یاخود چەند جارێ ئەو وتەیە دوبارە دەكەینەوە، یا زمانمان دەیگرێ، یا بە ڕونی قسە ناكەین، زۆرێكی تر لەو سیفەتە تاكانە وا لە هەریەكێك لە ئێمە دەكا، هەر كە گوێی لە دەنگی هاوڕێیەكی یان ناسراوێكی بو، ئەگەر بیبینێ یا نەیبینێ، دەیناسێتەوە.



سەرەڕای هەمو ئەمانەش، ئەم سیفەتانە تایبەتن بە زمانی تاك و وای لێناكا، كە زمانێكی تایبەتی هەبێ و كەس لێی تێنەگا، لەڕاستیدا ئاخاوتنی ئەو تاكەكەسە سەرەڕای ئەوەی جیاوازە لە ئاخاوتنی تاكەكانی تر، بەڵام لەگەڵ سیفەتە گشتییەكانی ئەو كۆمەڵەیەدا هاوبەشە كە تیایدا دەژێ، ئەو سیفەتانەش وا لە دیالێكتی تاكەكان دەكەن، تەنها نمونەیەكی هاوشێوەبن لەبنەڕەتدا لەگەڵ هەندێك جیاوازی لەو زمانەی كە كۆمەڵگاكە بەهۆیەوە تێدەگەن، ئەگەر ڕوە هاوشێوەكان زۆرتر و گرنگتر نەبونایە لە ڕوە جیاوازییەكان، ئەوا تاكەكانی كۆمەڵ نەیاندەتوانی لە یەكتری تێبگەن.

ئەوانەی باسمان كرد، ئەوە ناگەیەنێ، كە زمانی یان زاری هەر تاكێك وەكو خۆی دەمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا نایەت، سەرەڕای گەشەكردنی تاك لە ڕوی جەستە و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە، بەپێچەوانەوە منداڵ تا گەورە بێ، گۆڕان بەسەر زمانیشیدا دێ، هەروەها لە ڕوی ڕۆشنبیریشەوە تا ئەو كەسە ڕۆشنبیرتر بێ، گۆڕانی گەورەتر بەسەر زاراوە و پێكهاتەكانی زمانیدا دێ، تەنانەت لە شێوازی گۆكردنی دەنگەكان و چۆنێتی دەربڕینی ڕستەكاندا، هەروەها گۆڕینی ناوەندی كۆمەڵایەتیی تاكیش دوبارە دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەو زمانەی كە بەكاری دەهێنێ.

## سەرچاوە:

د. نایف خرما، أضواء على الدراسات اللغویة المعاصرة، الكویت، ١٩٧٨.



د. عادل گەرمیانی

# ئەدەب و فەلسەفە

بونخوازیەت هەرچەندە خاوەن تایبەتمەندیەکی بیری بو، بەلأم لە سەرچاوەی فەلسەفەوە زانیاری وەردەگرت دەربارەی ئەشکەنجەکانی ناخەوەی مرۆڤ و هەروەها دەربارەی سەربەستی خودی تاك لە نێو کۆمەڵەکەیدا و بەهۆی ئەم تایبەتمەندیانەوە توانستی ببێتە ئاوێنەیەك بۆ ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤی ئەوروپی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەلأم سالأنی پەنجاکانی سەدەی ڕابردو جۆرە ڕێبازێکی ئەدەبی تازەی بەخۆیەوە بینی، زیاتر لە ولأتانی بەریتانیا سەری هەڵدا ، بەناوبانگترین ڕابەری نوسەرێکە بەناوی (کۆڵن وێڵسن) کەوا لە هەردو بواری بەرهەمی ئەدەبی وەك ڕۆمان و نوسینی ئەدەبی و فیکری دەست ڕەنگینی خۆی نواندبو، بەخاوەن ڕێبازی ئەدەبی ناماقوڵیەت، کەوا هەوڵی ئەدا بەرهەمی ئەدەبی لەلایەن لۆجیکی و بابەتی ماقوڵ دور بخاتەوە، وەك ڕەنگدانەوەیەك بۆ خولیای ناوەوەی مرۆڤی ئەوروپی لەو ڕۆژگارەدا، کەوا شەیدای بابەتی ماقوڵیەت نەبو، بەڵکو زیاتر حەزی لە بابەتی سەربەستیی بەرەلأیی و فەوزەویەتی لیبراڵیەت بو.

ئەوەی جێی سەرەنجە ئەم ڕێبازە ئەدەبیە نەیتوانی لە نێو ئەدەبی ولأتانی دیکەی ئەوروپادا ڕەنگ بداتەوە، بەلأم توانستی



زەمینە خۆش بکات بۆ سەرهەڵدانی جۆرێکی دیکەی ڕێبازی ئەدەبی بەناوی (بێ هودیەت)، کەوا ئەوپەڕی جاڕدانی دەدا بۆ سەربەستیی بەرەلایی و دورکەوتنەوە لە کێشەکانی کۆمەڵ و خۆنەبەستن بەهیچ یاسایەکی کۆمەلأیەتی و یاسای ئەم ڕێبازە لە بواری شانۆدا ڕەنگی دایەوە و شانۆی (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) لە نوسینی (ساموێل سیکیت) باشترین نمونەی ئەم ڕێبازە ئەدەبیە تازەیە بو لە ئەدەبی هاوچەرخی ئەوروپیدا.

ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە ڕێبازەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی نەیانتوانی ڕێبازی ڕەخنەی سەربەخۆ دروست بکەن، چونکە ئەو ڕێبازانە خاوەن بەیاننامەی ئەدەبی نەبون، هەروەها کاریگەرییان لە ڕوی کاتەوە کورت بو ، جگە لەوەی لە ڕوی شوێنەوە نەیانتوانی بۆ سەرجەم ولأتانی ئەوروپا تەشەنە بکەن.

هەروەها لە ئەدەبی هاوچەرخی ئەوروپایدا سەرهەڵدانی هەندێ ڕێبازی ڕەخنەیی بەدی ئەکرێت، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە وەك ڕێبازەکانی بونیادگەری و هەڵوەشانەوە و تیۆری وەرگرتن، کەوا لە گۆشەنیگای خوێندنەوەی جیاوازەوە بۆ دەق پیادە دەکرا بەسەر دەقی ئەدەبیدا.

بۆ نمونە ڕێبازی بونیادگەری کەوا لە سالأنی (١٩٥٥-١٩٦٥)دا کاریگەریی خۆی هەبو لە ئەوروپا لە سەردەستی (ڕۆلان پارك) زیاتر خۆی نواند ، ئەم ڕێبازە زیاتر زمانی دەقی ئەوروپی دەکردە چوارچێوەیەك بۆ خۆی و بایەخی بەبنەماکانی دیکەی بینای هونەری دەقی ئەدەبی نە ئەدا، بۆیە زیاتر بەوە پێناسە دەکرێ، کە بونیادگەری بەندیخانەی دەقە لە ڕوی زمانەوە.



ئەم ڕێبازە زیاتر لە بنەماکانی هەردو قوتابخانەی (فۆرمالیستەکان) بەڕابەرایەتی (شکۆفسکی) پاش سەرکەوتنیان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی (١٩١٧) خۆیان دەنواند و وەك کاردانەوەیەك بۆ بیری (مارکسیەت یان لینینیەت)، کەوا بایەخی بەناوەڕۆك و بابەت و بیری دەقە ئەدەبییەکان ئەدا ، کەچی فۆرمالیستەکان بەپێچەوانەوە بایەخیان بەشێوەی دەق دەدا وەك لایەنەکانی زمانی دەق و شێوازی دەق و وێنەی هونەری دەقە ئەدەبییەکان، چونکە ئەم گروپە نەیتوانی بەردەوامی خۆی بنوێنێ لەو ڕۆژگارەی یەکێتی سۆڤیەتدا و هەڵهاتن بۆ (پراگ)ی ولأتی چیکی ، ئەم سەردەمە و قوتابخانەی زمانەوانیی (پراگ)یان دروستکرد، کەوا (دی سۆسێر) ناوبانگترین زانای ئەم قوتابخانەیە بو ، کەوا بایەخێکی زۆریان دەدا بەلایەنە زمانەوانییەکان و جیاوازیی نێوان زمانی ڕۆژانەی خەڵکی و زمانی ستاندەری هەر ولأتێك لە ولأتانی ئەوروپا و ئەم قوتابخانەیە زەمینەی لەباربو بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی بونیادگەری، کەوا زیاتر بایەخی بەزمانی دەقە ئەدەبیەکان دەدات لە ڕوی هەبونی هەردو لایەنی هێما و هێماداری لەنێو دەقە ئەدەبیەکاندا بۆ دۆزینەوەی واتای دەقە ئەدەبیەکان.





د. فاروق نەقشبەندی

# بابەتی نامەنوسین ڕەگەزێکی زیندوی مێژوی ئەدەبی کوردییە!

هەمو میللەتانی جیهان شانازیی بە پێنوسە بەهرەدارەکانیانەوە دەکەن بۆ؟ چونکە ڕوی گەشی قۆناغ بە قۆناغی ڕەوتی ڕەوشەن فکری نەتەوەکەیان ورد ورد پڕ لە سەرنج نیشان دەدەن.

ئێمەی کوردیش ڕەنگە لەم بوارەدا خەم ڕەخساو بین، نواڵە نامەمان بۆ مێژو لە توێی یادوەرییەکانی مامۆستای بەرزی مێژوی ئەدەب (سەید عەلادینی سەجادی) و ڕوپەڕی ڕۆژنامە کوردییەکان و ژمارەیەك لە پیاوانی سەر بە قوتابخانەی ڕاگەیاندن لە هەمو سەردەمەکاندا پاش وەدەرخستنیان ئەم کرۆکە بیرەی ئەدەبی جوان و شایستەی کوردیان وەك نوسەر و شیکردنەوەی چاك لە بەرهەمی (ئەدەبی نامەنوسینی کوردی)[١] نوسەر و شاگردی سەرکەوتوی دامەزرێنەری ئێستگەی کوردیی بەغدای کۆن و پەیامنێری زانستانە (کەمال ڕەئوف محەمەد) وەبەر چاو بکەوێ.

وەکو زانای پڕ لە ماریفەتی شەریعەت و ئەدەبی کوردی ( شێخ محەمەدی خاڵ) دەڵێت: (قسەی بەرز لە وێژەی خۆ و بێگانەدا)[٢]، ( بە قسەیەك ئەڵێن کە کالأیەکی شیرینو مەبەستێکی ڕەنگینی دابێ)، ئەگەر سەرەتای دەلاقەی باسەکەشمان بەوە بکەینەوە، کە

نامەنوسین چییە؟ با بیری خاوەن بەرهەم بدەینە بەر زەینی ڕونمان: (تاریفی نامە: وەك نێوی هەست ببەخشێت، دەسکی هۆش و بیرەکە بە جۆرێکی سەرزاری یان نوسراو بە شێوەیەکی ئاسایی یان هونەرانە، لە یەکێکەوە یا لە کۆمەڵێکەوە، لە دەزگەیەکەوە بۆ یێکێ، لایێ دەنێردرێت، مەبەستیشی خوڵقاندنی پێوەندیی، ناسیاریی، لێك حاڵی بون بە چاك و خراپەوە و شارەزاییە)[٣].

کەواتە نامەنوسین جۆرێکە لە دەربڕین، لە ئاراستەی بیر، لە لەنجەولاری وشە خۆدان بەسەر دارئاسای شێوازی دەربڕینی جواندا، لە پێناوی وەدەرخستنی جۆرە پێوەندییەك لە ڕوی کۆمەلایەتی و ڕامیاری و نمایش و سۆزی پڕ لە هەستی سۆزدارانەوە، کە کات تیایدا شپرزە لەدایك دەبێت، بەلام وەکو بەهەندی بیر بە نەمری دەمێنێتەوە.

هەروەها ناواخنی مێژوی پڕ لە کارەساتی ستەم و خۆشگوزەرانی تاکی مرۆڤی ئاسایی پەسەندیدە و فەرمانڕەوای چاك و دەسەلاتی دادوەری هەردو ئاستی باش و خراپ نیشان دەدات.

خاوەنی بەرهەم بە زنجیرەی بیروبۆچونی بۆ نامەنوسین زۆر ورد نەخشەکەی درکاندووە، بۆیە دەربارەی ڕوی زانستی ((نامە و فەرهەنگ شوناسان))[٤] دەڵێت:"لای فارس: نامە نوسراوێکە بە خامە نوسین، هەروەها کتێبیش دەگرێتەوە وەکو (شانامە)، (فورس نامە)، (بازنامە) "، نوسەر ئەم فەرهەنگە نامەیەی سادە نیشانداوە، چونکە بێجگە لە نامەی زاری کە لە نێوان ئەفسەر و خواردەس و وەستا و شاگرد و مامۆستا و خوێندکاری سەردەم و قوتابی جاراندا بە ئاکام دەگەینرا، لە شێوەی نمایش و ڕاگەیاندندا ئەمەیان ڕوی گەشی



ڕاسپاردن و زمانت بۆ کردنەکەیە، بەلام ئەمەی نێو فەرهەنگەکە: بە قەڵەم نوسینە، ئەمەش نەخشەی گشتکاریەکە دەنەخشێنێ!

لە نمونەی کتێبەکانیشدا (شانامە)، (فورس نامە)، (بازنامە) پێویستییان بە نیمچە پەراوێز هەبووە بۆ تازە خوێنەران، کە توێژێکی زۆرینەی نەوەی نوێن و کەمتر بەو ڕەهەندە ڕۆشنبیریی دەولەتی فارسی شارەزا بێ و ڕەنگە دورەپەرێزیش بن و کەمتر ئارەزوویان پابەند بە لێکۆلینەوەی ئاوها بن!

بە دوای (بابی لالۆ) وەکو ئاستی زمان لە وەجاغی ڕونی عەرەبەوە تەماشای وشەی (رسالە)ی کردووە و دەڵێت: (ارسل) هەناردن ـ پەیامەبەری ـ نامەبەری، مەبەست (کتابة) نوسراوێکە کە بە ئەنجام دەگەیەنرێ!

بابی لالۆ...سەرچاوەی مێژوی ئاینی بردۆتەوە بۆ نامە پیرۆزەکەی ڕەوتی ئاسمانی بیر کە (ئیسلامە) و دەڵێت: (لقد أبلغتکم رسالة ربی)[٥]، بە وردیش بۆ ناوی کۆی نامە چووەتەوە میوانداری قورئانی پیرۆز دانسقە ئایەتێکی تری هەڵبژاردووە: ((أنی صطفیك علی الناس برسالاتی و کلامی))[٦]، وەکو وشەی (نامە) لە زمانی عەرەبیدا دەبوایە بەرنامەی ئاینی ئیسلامیەکەشی توێژێك هیچ نەبا لە بیری ئەم لێکۆڵەرە وردەبینە بە ئەمەکدا پارسەنگی مێژویی چاکی هەبا، وەکو نامەکانی پێغەمبەر (محەمەد) درودی خوایی لەسەر بێ بۆ دەسەلاتدارانی حەبەشە و ڕۆم و فارس، چونکە نەك وەك مێژو بەڵکو شێوازی دارشتن تەبایی بیری کۆمەلایەتی و ئاگادارکردنەوە و تێڕوانینەکانی زۆرینەی گرفتەکانی ژیان نیشان دەدات.



بابی لالۆ تینوی تیوری مێژوی گێڕانەوە و لەبەر چاوگرتنی ڕوداوەکانە، بۆیە بەرچاو تێرانە بابەتەکەی بە زنجیرە گرتووە و ورد قۆناغەکانی بەسەر کردۆتەوە چۆن.

وەکو چاوگەی ئەدەبی کوردی سەرچاوە زانستییەکەی ڕوی گەشی زمانناسی نامەکەی عەلی تەرەماخی گولاوی لێ دەتکێ لە یەکەم نمونەی نوسەردا کە هێناویەتی: "ئیعلەم تۆ بزان ئەی موفرەدەی موزەککەرەی موخاتیب کو ژ بووێ تایەفا ئەکرادان ڕاژێ لازمە کو ب زمان کرمانجی ئەو ژێ عیلمی سەڕف بزانن؛ لەو را بینا و ئەساسا هەموو عیلمان لەسەر عیلمی سەڕفییە! عیلم حسێبێکە وەکو مێزبینە ژ بووێ عولومێد مای فونونێد بە عیلم سەڕف تێنە وەزاندێن"[٧] تۆ بڵێت (نوسەر) بیری چوبێ بۆ یەکەم وێنەی سەلماندن کەمەکی شیکردنەوەی لۆ بکات، یان دەستی ئەنقەستە کە ئەم فرسەتەی بۆ ڕۆشنفکری خوێنەر نابێتە جێوە.

با ئێمە هاوکاری (بابی لالۆ) بکەین دو وەچە و دو مێژو ببەستین بە یەکەوە، چونکە بە ڕای من ئەمە هەر لە زمان و ڕێزمان دواندن نییە، بەڵکو ڕچەیەکیشە لە تیوری نەتەوەی تیوریی ئەدەبی کوردیش کە ئەو زەمانە پیرۆزانە هاتۆتە قەبلاندن!

چۆن نەتەوەیی بووە! بە کلیلی وشەی (تۆ بزان) بزانینی چ دەرگایەکی داخراومان لەسەر دەکاتەوە و هاتۆتە خوازبینی (تایەفا ئەکرادان)، خۆی لەخۆیدا ئەم دو وشەیە ئاگادارکردنەوەن، بەسەرکردنەوەن، هەڵدانەوەی لاپەڕەی مێژون، بێجگە سەرەتای ڕۆشنکردنەوەی بەرهەمی (زانستی زمانن)، ئەنجا شارەزایی تاکی کوردی ئەو سەردەمەی زمانی عەرەبی و فارسیش لە ئامێز دەگرن،



کە چەند بە حەوسەڵە و وردبینی بە شێوازی جوان لە پەناگەی مینبەردا زمانیان هاتۆتە گۆ و شاهیدی حاڵی، حاڵی نەتەوەیانە بوون!

ئەم زاتە بەهرەوەرە لێکۆڵەری چاکی بە چاوی ئەمرۆ بینی لێکۆلینەوە بووە، بۆیە دەڵێت: (لەورا بینا: واجبە کو مرۆڤ عیلمی سەرف بزانە دا تەکەلووم و خەبەردانا ڕاست و دروست نییە، بێ عیلمی سەرف کەلام دروست نابێ.. هتد)[٨].

وتمان بابی لالۆ تینوی جامی ئەڵەستی مێژووە، بۆیە هیلاکبوی ڕەوتی مێژوی گێڕانەوەی تیورە مێژووەکەیە بە دوای بەرهەمەکەدا خوێنەر وێڵی و سەرگەردانی بە خۆیەوە نابینێ!

یەکەم پەخشانی کوردی ڕۆژنامە تاقانەکەی خانەوادەی بەدرخانیان کە لە قاهیرە بە نەسیمی (ڕوباری نیل) پەتکی دەسرازەی ڕێسرا، یەکەم ژمارەی لەگەڵ تاڵە هەتاوی بەیانی (٥) شەممەدا لەدایکبو، ئەم فرسادی پڕ نوزەی پەخشانە تاقانەکەی هەڵبژاد و گوڵ بارانی کرد و بە تەمی سەرکەشی لوتکەی مێژوی ڕۆژنامەگەریی مێژوی کوردی سپارد:

"بسم الله الرحمن الرحیم

سەد هەزار شوکر و حەمدی ژی خودێ تەعالا ڕە ئەم موسڵمان خەلق کرین، وەزانینا عیلم و مەعریفەتێ ڕەهیش و زەکا دامە! دەرهەقا عەلمیاندنیا عیلم و مەعریفەتی ڕە، گەلێك ئایەتێن جەلیلە وە ئەحادیسێ شەریفە هەنەن . دنیا پیرە چ قاس موسڵمانا هەبن، گوند و باژێڕێن حەمیادە، مەکتەب و مەدرەسە و حەریدە هەنەن"[٩] .

لە بەشی دووەمی ئەم پەخشانەی نامە ئامێزە ئاخ و داخ و حەسرەتی کوردی نەتەوەیی دید فراوانی شاگردی قوتابخانەی مرۆڤایەتەتیمان وەبەرچاو دەکەوێ، چەند مێژو وەسفە، هێندەیش چەکێکی سەردەمی خۆی لە لاپەڕەکانی ئەدەبی بەراورد لەخۆ دەگرێ!

"دنیا ێیدە چ دیبە چ نابە، جەریدە دینڤیسن! حەیفا من تێت ژی کوردا ڕە، کوردە ژ گەلەك قەوما زێدە تر خۆە بیەهمەش و زەکانە، جامێرن دێنین خودە ڕاست و قەوینە، خورتن و دیساوەکە قەومێن دی نەخوەندانە، نە دەوڵەمەندن ...... دنیا ییدە چ دیبە، جیرانی وان، مۆسقۆن چاوەیە، وی چبکە، نیزانن!"[١٠].

ئەمجارەش زەنگی بۆ بیرخستنەوە لێ دەدەین بۆ هەموان، ئەم ئەرکە پیرۆزەی نوسەری ئازیزمانە وەکو نامەیەکی پەخشانی شاباری لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێت؟ چۆن؟ سەر وتاری یەکەم ڕۆژنامەی کوردی داماو! لەچاو هەڵهاتو بە ئەدەبی بەرزی عەرەبی دەڤەری میسری عەرەبی، شوێنەواری ئەهرامەکان، چاوەترسی فیرعەونەکان لەوێ یەکەم ڕۆژنامەیان دەرکردبێ.

(بابی لالۆ) لە بەرگی دووەمی بەرهەمی (ئەدەبی نامەنوسینی کوردی) یەکەیدا داهێنانی جوانی کردووە لە هەڵبژاردنی ئەو هۆنراوەی بەردەست و چاوی کەوتون و بۆنی نامەیان لێ دێت؟ بۆ دەگوترێ بۆنی نامەیان لێ دێت، چونکە بیر لە هۆنراوەدا بەسەرپێی ورد ناکرێتەوە، بەڵکو پێویستی دەرکەوتنی مۆسیقای شیعر و تەبایی لەگەڵ وشەکان زەنگی ئامراز و ڕێکخستنی جوانی شێوازی دەربڕین زۆر خوێندنەوەی چڕی بەدەربەستبونی دەوێت، بێجگە لە



باگراوندێکی ڕۆشنفکری مەودا فراوان.

لەمەیش جوانتر مێژوی پێش و پاشی زەمەن و هەستی هۆنراوەکان زۆر بە ڕەونەق زنجیرەیان گرتووە و دەستەمۆی ڕێزبونێکی جوانی دەرفەتین، سەرتا داهێنەری بیری کوردایەتی قوتابخانەی کرمانجیی ژورو (مەلا ئەحمەدی جزیری) پێشەنگە و خوێنەر دەخاتە وەرزی گوڵاو پەرژمێنی بەهارەوە و تاسی ئەندێشە ئەیباتە بەردەم تابلۆی جوان جوان:

**دلبەرەکەی**

**ئەی نەسیمی سەحەرێ ماد مەجالا سبەهێ**
**سەد سەلامان ب گەهینی ژ مەوێ پادشەهێ**
**عەرعەرا قامەت ئەلیف، نەی شەکەرا شۆخ و شەماڵ**
**نازکا سیمی تەن و خوسرەو زەڕین گوڵەهێ**
**دبەری دا توب بووسیێ ب دوو سەد زاریی لوتف**
**ئاستان و دەر دیوار و شویا کچێن قەڵەهێ**
**(نامەیا ) جەور و جەفا ئو ئەلەم و دەرد و غەمان**
**دی ب دستێ زەرێ موحتەشەمێ سەروێ سەهێ** [١١]

زۆر بازێکی گەورەی ڕەوتی مێژو هەست پێچ دەکەین لە دەڤەری بادینان و بۆتانەوە بۆ ڕەشماڵی بەگزادەکانی خانەوادەی (ئەحمەد موختار جاف) لە کاتێ بەندیا چۆن جۆرە سۆزی کەمەن کێشی کردووە و بەرەو دیوانی مەلیك مەحمود پەلەوەری نامۆی نامە داوێتی لە شەقەی باڵ بۆ باسکردنی حاڵ و ئەحواڵ، زۆریش گوماناوییە بیرە نامەکە لە زۆر هەڵگری ناوەرۆکی پڕ لە مێژوی حاڵی کەسێکی جەستە هیلاکی بێ ئیقباڵ.



**سەبا عەرزی خلووسیی و بەندەگیم و هەم دوعا خوانی**
**ببە بۆ خزمەتی شاهی موحیتی گشت سلێمانی**
**بڵێ قوربانی تۆ بم ئەی سەلاحەدینی ئەیوبی**
**بە زۆری پەنجە وەك حەیدەر، بە سیما یوسفی سانی**
**لە پاش ئەم ئیحتراماتە بڵێ بەو شاهی دەورانە**
**چ جورمێکی هەیە (ئەحمەد) کە کردوتە بە زیندانی**
**من ئەم حەپسەم لەلا فەخرە بە شەرتی سەروەری کوردان**
**لە حەق ئەم بەندەیی خۆیە، بمێنێ لوتفی جارانی** [١٢]

نوسەر لە بەشی دووهەم (دونامە پیرۆزەکەی مێژوی ) نەعبەین نالی و سالیشی بەرز ڕاگرتووە، وەکو مێژو تەواوی نامە و وەڵامی نامەی گواستۆتەوە بۆ هەوارگەی ئەم بەرهەمە، سەد بریا (بابی لالۆ) بەو قەڵەمە ڕەنگینەی وەك بەرهەمی (دەستەوارە نانەکەی بۆ مێژوی شیکردنەوەیەکی بۆ ئەم (دو چامەیە) بکردایە).

پەلەوەری عیشق نامەنوسینی هەواری بردۆتە هەورامانی تەخت لەسەر عەبای بە ڕەونەقی سۆفی دڵپاك ناوچەوان ڕوناك ( مەلا مستەفای بێسارانی) ئارامی گرتووە، ئەو زاتە نامەی دۆستێکی بۆ ئەو نەسیمە و شەماڵە پڕ لە مەستی دۆستایەتیە خوێندۆتەوە:

**چراغم کامەن، چراغم کامەن**
**مابەینی دۆسیی من و تۆ کامەن**
**نە عەرزەم عەرزەن، نە نانم نامەن**
**مەتاتی کاغەز، دۆعاو سڵامەن!**
**مەر پەڕێ (کاغەز) بڕیان جە شاران**
**سیاش بکەرێ، پەی دەردە داران!**



**یا (کاغەز) بڕیان یا مەڵلا مەردەن**
**یاخۆ عارتەن دۆس وەیاد کەردەن** [١٣]

نامەی بێسارانی تاریکییە و بە شوێن ڕوناکیدا هەنگاوی پەلەی گلەیی پڕ بە دڵ هەڵدەنی، بەرامبەریش دۆستێکی فرە ئازیزە ئەویش هەر پیشەی ڕۆژانەی مەلایەتییە، بۆیە وشەکان تەڕ و بڕن ... ڕەخنەش چوزەرەی جوانی بە وشەی (یا مەلاٚ مەردەن) دەرکردووە، ئەنجا وشەیەکی هۆنراوەکە دو لایەنە واتا و بەکارهێنان هەڵدەگرێ، ئەویش (یاخۆ عارتەن) یان (یاخۆ عادەتەن) یەکەمیان شەرم و جۆرێك نامۆیی ڕەهەندی دەرونی نێوان مەلایانە کە دەسپێك کامیان بن، یان دووەمیانە و بە پاداشی کەم تەرخەمی و ڕەوشتی نائەکتیڤی ئەم جۆرە (مەلایە) کە لەو سەردەمەدا ناوبراوە!

بابی لالۆ نهێنی جوانی پەردە لەسەر لادراوە، کە خاوەنەکانیان نەیانویستووە باسی لێوە بکەن، لەوانە ئەم نامە پڕ لە بڕشتەی مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) بۆ (مارف خەزنەدار) ... (عیمارە، ڕەفیق حیلمی ـ مارف خەزنەدار)( ٨/١٩٥٢)

کاکە مارف

زۆر ئارەزوو دەکەم یەکێکی وەکو جەنابت لەو بەهرەی ئەدەبە کە خوا پێی داون کەڵکێکی تەواو وەربگرن و کەڵك بە هەموو لایەك بگەیەنن . لەبەرئەوە نیازم وایە کە بۆ بیعسەی ئاداب هەوڵتان بۆ بدەم . ئەگەر بە باشی دەزانن خەبەردارم بفەرموون تاوەکو لە هەڵکەوت ـ فورسەت ـ ئیسفادە بکەم و لە موستەقبلدا

ڕەفیق حیلمی ـ بەغدا[١٤]

تەنها نامۆیەك لە ڕوی شوێن نوسینی نامەکە ئەوەیە لە گۆشەی ڕاستی سەرەوە نوسراوە (عیمارە)، کەچی لە خوارەوە کە نامەکە تەواو بووە نوسراوە (بەغداد).

شیکردنەوەی ئەم نامانەی دابەزیون بۆ ئەم وەرزی پڕ لە گوڵی بەهاری ڕۆشنفکری وردەکارییەی (بابی لالۆ) و شیکردنەوەی زۆر لایەنە هەڵدەگرێ وەکو (پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، مێژوی ڕۆشنبیری، ناتەبایی، نزیکی ڕێکخستنی بیر ڕەهەندی دەرونی ...هتد)، کەچی بە داخێکی گرانەوە بابی لالۆ لاتراسکەی پێنوسی بە زۆربەی نەخشەیانەوە دیارە.


**پەراوێز و سەرچاوەکان**:

١- کمال رووف محمد (بابی لالۆ)، ئەدەبی نامەنووسینی کوردی، ٢٠٠٤ .
٢- شێخ محمدی خاڵ، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ساڵی یەکەم، ژمارە (١٠).
٣- کمال رووف محمد، ئەدەبی نامەنووسینی کوردی، ل (٤٩).
٤- سەرچاوەی پێشو، هەمان لاپەڕە.
٥- سورەتی ئەلئەعراف، ئایەتی (٧٩).
٦- سورەتی ئەلئەعراف، ئایەتی (١٤٤).
٧- عەلی تەرەماخی، کتاب صرف لسانی کوردی، ساڵی (١٥٩١)ز، مەلا مەحمودی بایەزیدی ڕونوسی کردووە.
٨- سەرچاوەی پێشو، ل (٥٣).
٩- ژمارەیەکی ڕۆژنامەی کوردستان، قاهیرە، ٢٢/٤/١٨٩٨.
١٠- کمال رووف محمد، ئەدەبی نامەنووسینی کوردی، ل (٥٦).
١١- سەرچاوەی پێشو، بەرگی دووەم، ل (٩).
١٢- سەرچاوەی پێشو، ل (١١).
١٣- سەرچاوەی پێشو، ل (٢٣).
١٤- سەرچاوەی پێشو، ل (١٩٥).







ساڵح هەلاج


# فەریق ئەمینی جوانەمەرگ
## لە ڕەسەنایەتی شیعریدا

سەرەتای هەمو شاعیرێك بۆ ڕازیکردنی ئارەزووەکانی خۆی شیعر دەڵێت، پاشان ئەو مرۆڤانەی دەبن بە شاعیر کۆمەڵێ هەست و نەستی روحی شیعری لای ئەو سەرهەڵدەدەن، ئەنجام بۆ دامرکاندنەوەی ئەو جۆش و خرۆشانەی لەناخیدا هەڵدەقوڵێن پەنا بۆ شیعر دەبات، شیعرنوسین پرۆسەیەکی دەرونی هەیە و زۆربەی شاعیرەکان لە سەرەتای گەنجێتیدا ئاشنایەتی شیعر دەبن و لە ئەویندارییەوە دەست پێدەکەن بە گەورەبونی هەستەکانی و شیعر و شاعیری بەپێی واقیعیی دەورەوبەرەکەی، من لێرەدا دەمەوێ لە ئاوڕدانەوەیەکدا بۆ شاعیری جوانەمەرگ (فەریق ئەمین) سەرەتای چونە ناو دنیای شیعری ئەوەوە چەند هەنگاوێکی بچوك بنێم.

من هەر بەمناڵی ئاشنایەتیم لەگەڵ شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمیندا هەبووە، ئەو خەڵکی دێی (عەزیز قادر)ی گەرمیانە و ساڵی (١٩٥٥)ز لەو گوندە لەدایکبووە، بەڵام بۆ خوێندن باوکی بنەیەکی بۆ خۆی و صاڵحی برای هێنایە کفری و هەردوکیان درێژەیان بە خوێندن دا، بەڵام ژیان لای ئەم دو برایە تەنها بە خوێندنی قوتابخانەوە نەوەستاون، بەڵکو بە خوێندنی کتێبی ئەدەبی پاشان




فەریق ئەمین

پەنابردنیان بۆ شیعر لە بازنەیەکی خۆشەویستی و ئەویننداری دەستی پێکرد، فەریق بەهۆی بیری فراوانییەوە دیسان ئەو هەلومەرجەی لەو ڕۆژگارەدا کە ڕوبەڕوی گەلی کورد و نیشتیمانەکەی هاتبو، بۆیە ئەوینی فەریقیش گەورەتر و فراوانتر بۆتەوە و تەنها شیعری بۆ یەك کەس نەوتووە، بەڵکو بۆ ئەو زێد و نیشتیمانەی کە ئەوی تیا ژیاوە وتووە، وەك گۆرانی شاعیر بۆ هەڵۆ بەگ کە قارەمانی شیعرێکی بووە، وتویەتی:

**وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکدا سەرم بەخشم**
**کە تۆی بۆ من پەروەردەکرد لە داوێنی چیا و کەژیا ....**

فریقیش پاش ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ پێشهاتەکانی ئەو ڕۆژگارەی دەبینی بە هەستێکی گەورەتر و ئامانجێکی گشتییەوە چووەتە ناو دنیای شیعری نیشتیمانی و نەتەوایەتی و مرۆڤ ویستی گشتییەوە، ڕاستییەکەی وادەبینی گەر هەستەکانمان یەکانگیرنەبی بۆ ڕزگاریی گشتی، ئەوا هەر هەمومان لەبەردەم نەفیەکی سەرتاسەری و کارەساتێکی خراپدا دەبینینەوە، ئەوسا نەك هەرخۆشەویستییەکی تاك، بەڵکو هەمو بەهاکانی بونمان دەگرێتەوە، ئەم هەستە لای شاعیرە ڕەسەنەکان بەدی دەکرێن لە واقیع و



دوربینەکانی هۆشەوە ئاگادارمان دەکەنەوە، وەك دەزانین شیعری ڕەسەن (ئامراز و دەربڕین و فەرمانی هونەری جوانیی کۆمەڵایەتی) هەیە، شیعری ڕەسەن ڕوچونە بەناو ڕابردو و هەنوکە و ئایندەدا، زەمەنی هەر شاعیرێك مێژوی سەردەمەکەی خۆی دەسلمێنێ بە بەراورد لەگەڵ هەلومەرجی ڕۆژگارەکەیدا، لێرەدا مەبەستی شاعیر بۆ ئارەزوی کەس شیعر ناڵێت بە ڕیزکردنی چەند وشەیەك، بەڵکو ئەو جۆرە شیعرانە ئازار و ژان و گیانبازی دەوێت، شیعر دەبێت لەسەر پایەکانی شیعری و ئەو کۆڵەکانەی کە دەبنە ئەفراندنی شیعری بەتەواوی ڕەچاو بکرێ، پەلکەڕەنگینەکانی شیعری هەر لە سەرەتای بونەوە ئەوەی سەلماندووە، کە شیعر پەیوەندیی بە هزر و دەسەڵاتی شاعیرەوە هەیە، شیعر بۆ خۆی پرۆژەیەکی روحییە، تەنها لە هەست و نەستی شاعیردا مەگەر پێناسە بکرێ ژانەر و پەیڤەکانی تری نوسین، هەمو ئەمانە پەیوەستی کەسانێك دەبن، کە عەشقێکی روحییان هەبی بەو باسانەوە، باسکردن لە ژیان و بەرهەمی شاعیرێکی لاوی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردو و سەردەمی ڕاپەڕینی بیری سیاسی و ئەدەبی نوێخوازی، بەتایبەتی بازدان لە شیعری باوی پێشتر بەرەو دنیای شیعری ڕاچڵەکاندن، ئەم هەنگاوە لە سەردەمێکدا هاتە ئاراوە و ڕێبازە پێشترەکان زاڵبون بەسەر تەواوی وێژەی کوردیدا، تەنانەت هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆش نەبو دەربارەی نوێگەری لە شیعری کوردیدا، تەنها ئەو ڕاوبۆچونانە نەبێ، کە هەڵقولاوی کۆمەڵە کەسێکی یاخی وەك پێشمەرگە، کە ئەو سەنگەرە سەختە زەرورەتەیان هەست پێ کردبو کە بەناوی (گروپی شیعری کفری یان ڕەوانگەیەکان) ، ئێمەمانان زیاتر ئاشنایەتیمان

لەگەڵ گروپی شیعری کفریدا هەبو، ئەوانیش لە سەرەتادا بون، جگە لەوەی هەرا و کێشمەکێش و گەلێ ناو و ناتۆرەی ناڕەوایشیان بۆ هەڵدەبەستن، لەبەر ئەوەی ژیان هەمیشە لەگۆڕاندایە، شیعر و وێژەی هەر نەتەوەیەکیش لایەنی زیندو و کاریگەریی گۆڕانی هەر نەتەوەیەکە، ئەڵبەتە وێژەیش بەگشتی دەکەوێتە ژێر کاریگەری و دیسان دەستی بالآی خۆی هەیە لەو گۆڕانکارییانەدا، چونکە ژیان هەمیشە خۆی لە نوێکردنەوەدا تاقی دەکاتەوە، بۆیە شیعری کوردیش لە چەند قۆناغێکدا ئەو بازدانەی بەخۆیەوە بینیوە، بۆ شاری کفریش مێژو ئەوەی سەلماندووە، کە شارستانیەتی گەورە و کۆنی هەبووە و خاوەن کاروانسەرای نێوان بەغدا و موسڵ وکەرکوك و سلێمانی و سنە و کرماشان هەتا دەڕوات، خان و کاروانسەراکانی بۆ پشودانی ڕێبوارەکان و گۆڕینەوەی کاڵاکانیان، بێشك لەو سەفەرانشدا خەڵکانی شاعیر و ئەدەبدۆست و مێژونوس و گەڕدەی بیانی بەم شارەدا گوزەریان کردووە و شەو لەو کاروانسەرانەدا ماونەتەوە و لەگەڵ خەڵکی شارەکەیشدا بیروڕایان گۆڕیوەتەوە، کفری خاوەنی ئەو مێژووە دێرینە ئەو شەرەفەی بەرکەوتووە، دیسان کفری بە شاری وەزیرەکان ناسراوە، ئەو مێژینە شکۆدارە ئەوە دەسەلمێنی، کە پێشینەیەکی ڕۆشنبیریی هەیە، دیسان سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردو کفری شەرەفی ئەو نوێخوازییەی شیعری بەرکەوتووە لە گروپی شیعری کفریدا، هەر چەند ئەو ڕۆژگارەیش بۆ ئەو ئەفراندنانەی گروپی شیعری کفری تەنها لە نێوان چەند لاوێکی بەهرەمەندا هەبو، جگەلەوەیش هیچ جێگە و ڕێگەیەکی یان هۆڵ و سەنتەرێکی ڕۆشنبیری یان توانای مادی و دەزگای



بڵاوکردنەوەی تەنها پیاسەکانی ناو کفری یان چایخانەکەی (قادر ئەبو شوارب) دواتر هەندێ هەلومەرجیان بۆ ڕەخسا، وەك بۆنە نیشتیمانی و نەتەوایەتییەکان بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانیان، جگە لەمانە لەناو ئەدەبی عەرەبی و بیانیدا دیسان ڕەوڕەوەی شیعری نوێگەری خۆیانیان ناساندبو، ئەدەبی نوێخوازیی کوردیش بەسود وەرگرتن لەو ئەزمونانەی هەبو، بەلاّم گروپی کفری توانیبوی هەنگاوی خۆی بهاوێژی بەرەو وێژەی نوێخوازی لە باشوری کوردستاندا، لێرە و لەوێ بوبوە جێی باس و سەرنجی زۆرێك لە شاعیرە لاوەکان، شاعیری جوانەمەرگ (فەریق ئەمین)یش یەکێك بو لەو لاوە شاعیرانە کە بە ئارەزویەکی زۆرەوە کەوتە خۆتاقی کردنەوەی شیعری بە ڕێبازی گروپی کفریێ، لەسەرەتاوە لە بڵاوکراوە دیواریەکانی قوتابخانە و بارەگاکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی کوردستان، کە ئەو سەردەمە بارەگاکانیان لەناو شاری کفریدا کردبووە و بەشداری لە ئاهەنگە نیشتیمانی و نەتەوایەتییەکاندا بە شیعرخوێندنەوە تەنانەت لە شانۆگەرییەکانیشدا بەشداری دەکرد، بەلاّم پاش ئەوەی بۆ خوێندنی زانکۆ ڕوی کردە بەغدا و هەلێکی باشتری بۆ ڕەخسا لەناو دنیای ئەدەب و بڵاوکراوەکاندا و نزیکبونەوەی لە دەزگا ڕۆشنبیرییەکان (لە بیرمە جارێك لە بەغدا هاتەوە بە هەستکردن بە سەرکەوتنێك زۆر دڵی خۆش بو، منیش لێم پرسی چی بووە، لە وڵامدا وتی دیوانی مەولەویم تەواوکردووە)، ئەمە ڕاستییەك بو لە هەوڵدانی شاعیر بۆ خۆ زیاتر ڕۆشنبیرکردن، چونکە خوێندنەوەی دیوانی مەولەوی لە چەند ڕویەکەوە زۆر بەسود بو بۆ ئەدەبی نوێخوازیی



کوردی، یەکەم ئاشنابون لە ئەدەبی ڕابردومان، دووەم شیعرەکانی مەولەوی لەسەر کێشێ بڕگەیی کوردی نوسراون، شیعری نوێی کوردیش لەسەر کێشی بڕگەیی یە، سێیەم مەولەوی شاعیرێکی ئەهلی تەسەف بو و لەتەسەوفدا یاخی بون و زمانی ڕەمزی لە شیعردا هەبووە، بۆیە بەلای فەریقەوە یان شاعیرانی ئەو سەردەمەوە زۆر باوبو، هەروەك خوێندنەوەی شیعرەکانی نالی و مەحوی و ئاشنابون لە ڕێبازە ئەدەبییەکان، جگە لەوەش شاعیر پێوستی بە خۆڕۆشنبیرکردن و بیری فراوان و خوێندنەوەی زۆر هەیە، بەلاّم بەداخەوە هەلگیرسانی شەڕ لەنێوان ڕژێمی ئەوسای عێراق و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەساڵی (١٩٧٤) بووە هۆی پەرشوبڵاوی شاعیر و ڕۆشنبیرانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی بۆ کفری، چونکە هێڵی تەماسە لە نێوان عێراق و کوردستاندا، فەریقیش یەکێك بو لەو شاعیر و لاوە نیشتیمانپەروەرانەی پەیوەندیی کرد بە شۆڕشەوە، پاشان ئاوارەی ئێران بو، کاتێ گەڕایەوە بۆ عێراق و کوردستان، دیسانەوە ڕوی کردە زانکۆ بۆ خوێندن، ئەمجارە بە شیعری جوانتر و توانایەکی باشترەوە کەوتە شیعرنوسین و بەشداریکردنی لە کۆڕەشیعرییەکانی ناو زانکۆ و بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی لە بڵاوکراوە کوردییەکاندا، بەتایبەتی ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق و گۆڤاری بەیان و گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، بەلاّم بەداخێکی زۆرەوە نەخۆشییەکی کوشندە لە جەستەیدا سەری هەڵدابو، تەنانەت جارێکیان لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا لە کۆمەڵەی ڕۆشبیریی کوردی لە بەغدا بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە شیعرەکەی بە باشی بۆ نەخوینرابووە و بۆی



گێڕامەوە (ئەوە زیاتر بووەتەهۆی سەخت و گرانی نەخۆشییەکەم)، فەریق ئەمین بە تەمەنێکی کەم، بەلاّم بەکۆمەڵی شیعری جوان خزمەتی بە گەل و نەتەوەکەی کردووە.

## فەریق ئەمین و زمانی شیعری:

فەریق وەك شاعیرە نوێخوازەکانی قۆناغی گواستنەوە لە هەوڵێکی تەواودا لە پاکژی زمانی شیعری جێی پەنجەی دیارە، هەرچەند ئەوە هەیە کە زۆر لە پێشتر لەلایەن شاعیرانی ترەوە هەر لەسەرەتاوە هەوڵەکانی شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران و پیرەمێرد و شاعیرانی ڕۆمانسیەتی شیعری کوردی هەوڵی زۆر زۆر داوە، دیسان لە نەوەی نوێشدا هەوڵەکان بەردەوام بو، فەریق هەوڵێکی تەواوی داوە لەناو شیعرەکانیدا و توانیویەتی تەنانەت زمانی ناوچەیش بخاتە ناو ڕستە شیعرەکانییەوە وەك لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت:

**کچێ خۆ تۆ شیعرت خۆش ئەوێ**
**ئەی بۆ لە گەرمی و تینی وشەکانی**
**سەر پەنجەکانت دەترازێ**
**خۆ تۆ بارانت خۆش ئەوێ**
**ئەی بۆ کەزێ و گودیلەکەت**
**لەبەر شەستە ڕەهێڵەی دەلەرزێ ..**

گەرچی شیعر چڕکردنەوەی تواناکانی زمانە، ئەگەر لەم چەند دێڕە شیعرەی فەریق وردبینەوە، کە بەچی زمانێکی جوان وێنەیەکمان پێ دەبەخشێ، بەتایبەتی وشەی (گودیلە) وێنە لقێکە لە هونەری شێوەکاری، بەلاّم لەناو شیعریشدا دیسان وێنەی شیعری

بە وشە دەکێشرێ، کە وێنەی زمان وشەیە و تابلۆیەکی قسەکەرە، وشەی گودیلەش زیاتر لە دەڤەری گەرمیان و بەتایبەتی لەناو شاری کفری زیاتر بەکارهاتووە، لەم کۆپلەیەدا بە وشە ڕوخساری کەسێکمان پێشاندەدات، بەتایبەتی کە چووەتە ناو دەقێکی شیعرییەوە، کۆمەڵێ گوزارەی ناسکترمان پێ دەڵێت، خۆ لە تابلۆیەکی وێنەکێشاندا تەنها ڕوخسارێکە، بەڵام لە شیعردا کۆمەڵێ واتای ناسکتر و گوزارەتری تیا بەرجەستە دەبێ، دیسان کە دەڵێت: (سەرپەنجەکانت دەترازێ)، گەر خوێنەر یان گوێگر بەبیرێکی وردەوە بڕوانێتە ئەو وێنە شیعرییە، زمانی وێنە دەماندوێنی وەک کەسێکی بەرانبەرت قسەت لەگەڵدا دەکات، وشەکانی (کەزێ و گودیلە و شەستە باران) کە ئەمە لە شیعری عەروزدا بە تیباق ناسراوە، واتە دو وشە و لە کاکەڵەدا بەرانبەر یەک بن وەک کەزێ و گودیلە، کە شاعیر لەم کۆپلەدا بەکاری هێناوە، هەروەها فەریق خۆشەویستی و ئەوینداریيەکەی پەیوەست کردووە بە شارەکەیەوە کە لە زاری ئەویندارەکەیەوە دەڵێ:

**نەتووت کفری**
**ئاسمانی ئەستێرەی منە**
**هەر ئەویش مەبەست و جێ ژوانی منە ..**

ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، ئەو ئەوینداریيە لە هەستێکی زێد و نیشتیمانە بچکۆلەکەیەوە بەیەکەوە گرێ داوە، فەریق بە زمانی ئەویندارەکەیەوە دەڵێت (ئەی تۆ نەتووت کفری ئاسمانی ئەستێرەی منە، هەر ئەویش دەبێتە جێ ژوانی من).



**دیسان لە شیعرێکی تردا دەڵێت:**
**ئەمەوێ بۆت بڵێم شیعرێ**
**وەک فرمێسکی کۆرپەی کوردێ**
**لە سێبەری دارخورمادا بەخۆڕ بگرێ ..**

ئەمیش جۆرێکی تربو لە ناوەڕۆکی شیعری ڕەمزی کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا بەهۆی توندوتیژی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمەوە، بەتایبەتی پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ساڵی (١٩٧٤) ڕژێمی دوژمن بە کورد تەنانەت وشەی کوردستانی لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی چاپەمەنیدا بە هەمو شێوەیەک قەدەغەکردبو، تەنانەت لەو سەردەمەدا (دکتۆرە کوردستان موکوریانی) کە لێکۆڵەرەوەیەکی زمانەوانی کوردییە و بابەتێکی بۆ یەکێ لە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە دەنێرێ و ناوەکەی خۆی دەنوسێ (دکتۆرە کوردستان موکریان)، کەچی کوردستانەکەیان کە ناوی ڕاستەقینەی خۆی بو کردبویان بە (ئۆتۆنۆمی موکریانی)، بۆیە شیعری ڕەمزی لەناو شیعری ئەو سەردەمەدا برەوی زۆری پێدەدرا، ڕەمز جۆرێکە لە شیعری تەمومژاوی، هەرچەند شاعیرانی کفری زۆر بەکەمی خۆیان لەو جۆرە تەمومژە قورس وگرانە نەداوە، ئەوتا (لەتیف هەڵمەت) کە خۆی یەکێک بو لە پێشەنگەکانی شیعری کفری، دەربارەی تەمومژ لە شیعردا وتویەتی: (ئەو شاعیرەی کە شیعری ئاڵۆز و گرێ چن دەنوسێ، کە کەس لێی تێناگا و سەری لێدەرناکا، هەر لەبەرئەوەی شاعیرێکی ئەوروپایی ناودار شیعری وای نوسیوە، ئەو شاعیرە هەرگیز شاعیرێکی ڕەسەن نییە و شیعرەکانی ناژی و خۆیشی هەروەکو ئەو توتیە وایە کە لاسایی هەمو کردارێکی



مرۆڤ دەکاتەوە)*، هەر بۆیە دەبینین تاکو ئێستاش زۆرێک لە شاعیرانی سەر بەو ڕێبازە شیعریە شیعرەکانیان دیارە، لەم شیعرەی فەریقدا بە شێوازێکی کەم لە تەمومژاوی بە وشەگەلێکی پڕگوزارە و واقعیی تاڵی ئەو سەردەمەمان بۆ باس دەکات، هەرچەند لەڕاستیدا فەریق هێشتا لە ئەزمونێکی سەرەتایدا بو لەگەڵ شیعردا، بەڵام تواناکانی ئەوەی سەلماندووە بۆ مێژو کە بە ئاوارەکردنی کوردانی ناوچەی خانەقین و دەربەدەرکردنیان لەسەر نیشتیمانی باوباپیرانیان ڕاگواستنیان بۆ خواروی عێراق و دورخستنەویان لە ئاووهەوا بن و سێبەری داروەون و شاخەکانی کوردستان بۆ سێبەری دارخورماکانی خواروی عێراق، وەک دەڵێت:

**هەرچەند پیاسکەی ناچاریم**
**پێچایەوە**
**لە ژێر سێبەری دارخورمادا**
**خەوم لێ ناکەێ**
**پێی ناسکی کەوی دڵم**
**ئەچزێ بە گەرمی گڕی دۆڵە قوماویەکانا**
**دڵم ناسرەوێ**
**دەنگی لایەلایەیی دایکم نایە**
**لەم ئاوازانە تێناگەم**
**مەم لاوێنە**
**ئەم باسانەم ناوێ**
**کۆشی دایکم جێی نازی سەری گێژمە ..**

مێژوی ئەم شیعرە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ بەهۆی پیلانی



هەرێمانەیەتی و نێودەوڵەتییەوە لە شۆڕشی کورد کرا، شۆڕش توشی نەکسەیەکی گەورە هات و بەشێک لەوانە ئاوارەی ئێران بون و بەشێکی بە زۆرەملێ ڕاگواسترانەوە بۆ خواروی عێراق، چونکە شاعیر خۆی خاوەن هەڵوێست و ئیلتیزاماتی هەبو وەک زۆربەی شاعیرانی کورد هەڵوێستی لەگەڵ نیشتیمان و بزوتنەوەی نەتەوایەتییەکەیدا هەبو و بەکرداریش ئەوەی سەلماندووە، هەرچەندە هەندێ نوسەر لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا بەهۆی دەسەڵاتی توندوتیژی ڕژێمەوە ئەو بابەتانەی لەسەر شاعیری جوانەمەرگ نوسیوە و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بەغدا بڵاویان کردوەتەوە و نەیان توانیوە ئەوە بڵێن کە شاعیر بەهۆی بەشداری کردنییەوە لە شۆڕشدا دو ساڵ لە خوێندنی دابڕاوە، بەڵام ئەوە حەقیقەتە ک ەشاعیر ئەو دو ساڵە بەهۆی بەشداری کردنییەوە لەناو شۆڕشدا وەک ئیلتیزامێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی دابڕا لە خوێندن، وەک خۆی بۆی گێڕاومەتەوە چەند پارچە شیعرێکی لەماوەی ئاوارەیدا فەوتاوە، پاش نسکۆیش ئەو لە هەڵوێستی سیاسیی خۆی وەک کوردێک لە شیعرەکانیدا گوزارشتی لەو نەهامەتیانەی پاش نسکۆ بەسەر گەلەکەیدا هات کردووە و بەهۆی ئەوەوە دابڕاو و سەرگەردان بووە و بە شاری مەریواندا تێپەڕ دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئازارەکانی ئەوێیش بەراورد دەکات بەم بەشەی تری واتە باشوری کوردستان، بۆیە لە شیعری ئاوازێک بۆ مەریوان دەڵێت:

**ئەی مەریوان**
**گزنگی ناو ڕەشماڵەکەم**
**شیرینی گەشتەتاڵەکەم**

**پشکۆیی ماچ**
**چرۆی ڕەنجی چەوساوەکان**
**بوکی سەوزی کۆشی پایز**
**نەغمەی گەروی دڵدارەکان**
**سەوزایەکەت**
**ئاسمانێکە و ئەستێرەکان**
**لەسەر چڵی تاڤگەکانی**
**ئەجروێنن**
**دڵۆپیێ فرمێسکی گەرمیان**
**وەردی دڵت پاراو ئەکا**
**ئەی مەریوان...**

ئەحمەدی شامیلۆ دەڵێت: (شیعر هێندەی زمان کۆنە)★★، ئەڵبەتە ئەم هەمو زەمەن و ساڵانەی کە زمان و شیعر لەمرۆڤایەتیدا پەیدابووە، دەبینین هەر شاعیرێ لە ئەفراندنی شیعری خۆیدا لە بازنەی دەوروبەری خۆیدا هەریەك بەجۆرێ شێوەی هەست و نەستی خۆیەوە شیعری داناوە، لێرەدا دەبینین فەریق ئەمین لە بازنەی ئێش و ئازارەکانی قۆناغی تاڵ و نەهامەتییەکانی گەلەکەیدا سوڕاوەتەوە، وەك ئاوارەیی چەوساندنەوە و هەژاریدا، ئەوەتا دەڵێت:

**دڵم مەلێکی سەر شێتە و**
**لە ئاسمانی ئاوارەیدا ئەسوڕێتەوە**
**بەدوای هەژارە و چەوساوەکانا**
**ئەیەوێ لە دارستانەکانی ئەفریقیا**
**بنشێتەوە**



**هەڵی ئەفڕێنن**
**ئەیەوێ لە چیاکانی ڤێتنام بنیشێتەوە**
**چاومۆنەکان ئەیترسێنن**
**ئەیەوێ لە فەلەستینا دارە زیتونێ بکاتە لانە**
**چەتەکانی شار ئەیتارێنن**
**لەکۆتایی گەشتەکیدا**
**بەکۆڵێ خەم و دەریایێ گریانەوە**
**لە باوشی خۆما ئەنیشێتەوە**

ئەو ڕۆژگارە ناوەکانی ئەفریقیا و ڤێتنام و فەلەستین بۆ شاعیرانی کورد لە ڕەمزیەتی شیعریدا بەراوردێك بو بۆ چەوساوەیی کورد و کوردستان، دیسان دارستانەکانی ئەفریقا و ڤێتنام و دارەزەیتونی فەلەستین ڕەمزیەت بون بۆ شۆڕشەکانی ئەو وڵاتانە، هەروەك شاخەکانی کوردستانیش سەنگەری بەرگری و ڕاپەڕین بون بۆ شۆڕشگێڕایەتی کورد لە دەیان پارچە شیعری شاعیرانی کوردا، هەریەك بەشێوەیەك چیاکانی کوردستانی کردووەتە سەنگەری بەرگری و لانکەی خەبات و کۆڵنەدان، ئێمە ناتوانین هیچ قۆناغێکی شیعری فەریق ئەمین دیاری بکەین، چونکە مەرگ بواری بۆ نەهێشت، تەنها ئەو سەردەمە کورتە نەبێ، کە تەمەنی بووە و پاش خۆیشی جگە لەو کۆمەڵە شیعرەی لە پاش مەرگی بۆی بەجێ هێشتوین، هەر لەپاش مردنی من کۆمەڵێ دەستنوسیم لای خۆم پاراستووە تاکو ئێستا، فەریق ئەمین توانایەکی زۆری هەبووە لە تەکنیکی شیعری، بەڵام مەرگ پاشقولی لێدا لە بەدبەختی کورد و کفری جوانەمەرگ بو، کێ دەڵێت گەر فەریق بمایە، ئێستا ئەویش



خاوەنی ڕێبازێکی تایبەتی شیعری خۆی نەدەبو، بەڵێ فەریق هەر لە سەرەتاوە بەئاقاری نوێگەری و بە تەکنیکی نوێ چی لە ڕوی زمانەوە یان ناوەڕۆکەوە، لەو ئەزمونانەدا توانایەکی سەرەتای چا کی پێوە دیارە، وەك وتراوە شیعر بۆ دو هۆ دەوترێ و هەردوکیان لە سروشتی مرۆڤدا ڕەگی داکوتاوە، یەکەمیان لاسایی کردنەوە و دووەمیان هەست و سۆزە، کە ئەویش بەهۆی کارلێکەری بەرانبەرەوەیە، کە مرۆڤ پەنا بۆ هەستەکانی ناوەوەی خۆی دەبات و لە هەر پارچەیەکی شیعرەکانیا وردبینەوە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، وەك دەڵێت:

**کەشتی ناو گێژاوی خەمەکانم**
**سەرگەردان ئەسوڕێتەوە**
**هیچ کەنارێك نایگرێتە خۆی**
**مەلی بیری یاخی یەکانم**
**لە تولەی ئەندێشە و سەختا**
**لەسەر هیچ چڵێ ئۆقرەی نەگرت**
**لە کۆتای گەشتەکەمدا**
**تەنها سکاڵای دو وشەم**
**بەناو پۆڵێ کارمامزی خۆشەویستی و ئەویندا**
**تەنها دوو دڵۆپ فرمێسکی گەرمم**
**تکاندە ناو لەپی دەستت**
**هاوێشتمە بەر پەردەی هەستت**
**ویستم بەبازی خۆماڵی**
**کۆتری ئەوینی تۆ دەستگیرکەم**



**هەڵهاتی وەك کارمامزێ**
**لەکێوی توڕەی (ئەوین) هەزار بە هەزار**

شاعیرانی نوێخوازیی قۆناغی حەفتاکانی سەدەی ڕابردو لە هەوڵی یەکگرتویی و پاکسازی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وێژەی کوردیدا بون، گەرچی زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە، بەڵام بەهۆی زۆر بەکەمی بەکارهێنانی وەك زمانی فەرهەنگی و دابەشبونی کوردستان بەسەر سێ نەتەوەی زمان جیاوازەوە وەك (فارس و عەرەب و تورك) خۆسەپاندنی ئەو سێ زمانە وەك داگیرکەری کوردستان، دیسان نەبونی دەزگای ڕۆشنبیری دەوڵەتی بە زمانی کوردی کارێکی قورس و گرانی کردبووەسەر زمانی کوردی، تەنانەت بەسەر شیعری کوردیشدا بەهۆی ئاین و خوێندن کە بە زمانی عەرەبی بووە شاعیرانی کورد و کێشی عەروزی عەرەبیان هێناوەتە ناو شیعری کوردییەوە، بەو هۆیەوە تێکەڵاوییەکی زۆری زمانی عەرەبی کەوتبووە ناو شیعری کوردییەوە، خوێندن تەنها لە حوجرەی فەقێ هەبووە لە کوردستان لەکۆندا، جگەلە زمانی خوێندن کە زمانی قورئان بووە بە عەرەبی و فارسی و زمانی دووەم بووە لە حوجرەی فەقێ و مزگەوتەکاندا، دیسان بەهۆی ئەوەی سێ بەشی کوردستان کەوتبووە سەر ئیمپراتۆری عوسمانی کە ئەویش زمانی تورکی بووەوە و زمانی دەسەڵات و ئیدارەی دەوڵەت بە زمانی تورکی بووە، ئەو سێ دەوڵەتە داگیرکەرەی کوردستان هەوڵی لەباربردنی زمان و هەستی کوردایەتیش بونە، لەناو کوردەواریدا زمانی کوردی وەك زمانێکی نەشیاو تەماشاکراوە، جگە لەمانە خاکی کوردستانیش لە ڕوی جوگرافیاوە دابەشکراوەتە بەسەر چەند

شێوەزاری جیاوازدا وەك (لوڕی و ماچۆ و سۆرانی و بادینانی) و هەندێ شێوەی تری ناوچەیی بچوکدا، بۆیە ئەو هەوڵانە لە بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردودا بەقۆناغی هەستکردن و یەکگرتنی زمانی کوردی دەژمێردرێت، هەروەها بە درێژەپێدانی ئەو هەوڵانە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردویش لە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نوێگەری شیعری کوردی خەرمانی زمانی کوردی بەرەو خەرمانبەرەکەتی دەبرد، بۆیە دەبینین ئەو سەردەمە هەوڵەکان بەبرشت بون، بەتایبەتی زمانی وێژەی کوردی زۆر بێگەردبو، بەلاّم بەداخەوە لەم قۆناغەی دروستبونی ماڵی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا شیعری هەندێ شاعیر دەبینین بەناوی ئەفراندنەوە و هەندێ زمانی بێگانە و دیسان تێکەڵی زمانی کوردی دەکەنەوە، فەریق ئەمین زیاتر لە سی ساڵ پێش ئێستا لە هەوڵێکی جوانی زمانی یەکگرتوی کوردیدا، لەم شیعرەیدا چەند بە زمانێکی سادە و پاك و بێگەردەوە وتویەتی:

**تۆ لە دڵمای، تۆ لە مێشکمای**
**ئەگەر ویستیان**
**ڕووبارەکان بۆ سەرچاوە بگێڕنەوە**
**باوەڕبکە**
**ئەگەر ویستیان**
**سەوزی، سوری، کاڵی ڕەنگت**
**لە ڕۆشنایی چاوما دەرکەن**
**باوەڕبکە**
**ئەگەر ویستیان**
**ئەو گۆرانیەی کە بۆت دەڵێم**



**لە گەرووما بتاسێنن**
**ئەو (با) فێنکەی کە پێی ئەژیم**
**خەرج و باجی لێ بسێنن**
**باوەڕبکە**
**ئەگەر ویستیان**
**لانەی مەلی خۆشەویستیت**
**لەناو دڵما بشێوێنن**
**تابلۆی بالاّ و سینگ و گەردن**
**لەکامێرای مێشکما دەربکەن**
**باوەڕمەکەن**

دەبینین ئەم وشانە چەند کوردییەکی جوان و سادەن، بەلاّم شیعرێکی جوان و پڕ گوزارەن، دیسان لێرەدا زەبر و زەنگی چەوساندنەوەی و دژی ئەو کولتورەی بەربەرستی خۆشەویستی هەبووە لە دژیان ڕاوەستاوە، هەر وەك فەریق لەو کۆمەڵە شیعرەی پێشویدا بە بەرجەستەکردنی هەمو ئەو خۆشەویستییە، کە بۆ نیشتیمان وگەل و ئەویندارى زمانی هەبووە، هەروەها شاعیر ئازارچێژێکی ئەو تەمەنەی خۆی بووە، دیسان بە ئاوڕدانەوەیەك لەم شیعرەی کە دەڵێ:

**ئازارەکانی سیروان**
**لێشاوی گریانێکی چڕ**
**شیرازەی هەستمی بزوان**
**لە رووی دەشتی گەرمیانەوە**
**زامە سەختەکانی سیروان**



**بەفر ئارام و کپیمی توانەوە**
**سیروان .. سیروان**
**بوکە نازدارەکەی گەرمیان**
**بۆ وائەگری ئەرێژی ئەم ڕهێڵەیە...؟**
**شاباڵی شەپۆلەکانم چۆن نەوەرێ**
**نایەتە گوێم نە (ئای ئایە) (نە) هۆرەیە**
**ئەگەر گوێسەبانە نەبێ**
**چۆلەکە لەکوێ لانەکا**
**ئەی ئەگەر ماسی نەبێ**
**پرچی بۆ کێ شانەکا**
**ئەی ئەگەر من قشلاخ و هەواری خۆم هەبێت**
**بۆچ پەپولەی سروتم**
**چیرۆکی شەو**
**لە کەپری ئاوارەیدا ڕەوا نەکا**

(لافاو، گریان، قشلاخ، گوێسەبانە، گەڕانەوە بۆ کلتور، هۆرە) ئەو واتانەن کە فەریق وەك ڕەمزێکی شیعری گوزارشت لە ژیان و ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژگارەمان بیردەخاتەوە، ئەم شیعرە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە دیسان لەگەڵ شیعری ئازارەکانی سیروان کە لە دەستنوسەکەیدا هەبو، لەسەرەتاوە یەکن، بەلاّم ئەوەی لای من درێژتربو، وادەزانم شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمین خۆی مەبەستی بووە بە شیعرەکانیدا بچێتەوە، بەلاّم مەرگ بواری نەداوە و ئەو شیعرانەی لە بلاّوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا بلاّوکردووەتەوە، هەندێ ڕستەی شیعری هەبووە بلاّویان نەدەکردەوە، وەك لەم



شیعرەی ئازارەکانی سیروان کە ئەو سەردەمە بلاّو نەکراوەتەوە، بەلاّم لە دیوانەکەیدا بلاّوکراوەتەوە، کە دەڵێت (تیشکی هەتاو لە با) ، لەم دێرە بڕەوێتەوە (ئاسۆی تۆڵە لە کەڵی خوێن هەڵدێتەوە)...

## پەراویز و سەرچاوەکان:

* هەڵوێستێك و چەند وشەیەك، لەتیف هەڵمەت، پاشکۆی عێراق، ژمارە (٢٦)، مایسی (١٩٧٩)، لاپەڕە (٩).

** سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین، دکتۆرئەرسەلان بایز، سلێمانی، (٢٠٠٣)، ل (١٣١).



ئاسۆ وەهاب
asowahab@maktoob.com

# سەردەمی دیجیتاڵی .. ڕووەو تیۆرییەکی ئەدەبی نوێ

ئەو کاتەی مرۆڤ دەستی بۆ کشتوکاڵکردن بردووە، ڕێڕەوی ژیان و ژیاری مرۆڤایەتی گۆڕی، چونکە ئەم دۆزینەوە تازەیە (کشتوکاڵکردن) بەتەواوەتی مرۆڤایەتی بردە ناو سەردەم و قۆناغێکی ژیاری و گوزەرانی تازەوە.. لەکاتێکدا مرۆڤ گەریدە و ڕاوکەر بو، بو بە نیشتەجێ و خێزان و کۆمەڵگەی دروستکرد، بەوەش هەنگاوە بەراییەکانی دامەزراندنی شارستانییەت و سەرهەڵدانی دەوڵەت وەکو دامودەزگایەکی فەرمی نراو مرۆڤی عەوداڵی ئارامی و ئاسایش کرد، تا بتوانێ ئەو دەستکەوتانەی بپارێزێ و برەوی زیاتری پێبدات، دۆزینەوەکانی تر کە هەمویان بە شۆڕش دادەنرێن لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، وەك ماڵی کردنی ئەسپ و داهێنانی هێزی هەڵم و کارەبا و دەیان و دەیان دۆزینەوەی تر، هەمیشە مرۆڤایەتییان لە قۆناغێکی ژیارییەوە بردۆتە ناو قۆناغێکی ترەوە، کە هەر قۆناغەو پێویستی بە نوێکردنەوە و داڕشتنەوەی بوارەکانی تری ژیان بووە.

لە ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستدا هاندەرێکی بەهێز هانمانی دا بۆ



نوێکردنەوە و داڕشتنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانمان، ئەم پاڵنەرە بەهێزە کە بە سەردەمی دیجیتاڵی ناوبراوە و ناو دەبرێت تا هەنووکە بۆ ئێمەی کورد چ لە ئاستی وشە و چ لە ئاستی دەلالەت ڕون نییە، کەچی بە هەمو وردەکارییەکانییەوە دەیژین و دەیگوزەرێنین، بەبێ ئەوەی ئاگای زۆرینەی کوردەواری پەی پێ ببات.

کۆمپیوتەر لە زۆرێك لە ماڵەکاندا هەیە و زانیارییەکان لە ڕێگەی کەناڵەکانی سەتەلایت و ئەنتەرنێتەوە دەستی هەموان دەکەوێت و غەزوی هەمو ماڵێك دەکات، هێڵی تەلەفۆنی جیهانی، فاکس... چەندان ئامێری تەکنەلۆژیی تر بەئاسانی دەستمان دەکەوێت، بەمەش هەم کات و هەم ماوەش خەریکە نامێنێ و بە هیچ شێوەیەك ناتوانن واتا (کات و شوێن) ببنە ڕێگر لە نێوان پەیوەندیی (من و تۆ) بە جیهانی دەرەوەی خۆمان، تا وای لێهاتووە دونیا چۆن لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا ئاماژەی بۆ دەکرا بۆتە دێیەکی بچوك، نەك تەنها دێیەکی بچوك، بگرە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا جیهان تەنها بۆتە بۆشاییەکی بچوك، شاشەیەکی تەنها شین، لەم سەردەمەدا بۆ یەکەم جار مرۆڤ توانی لە ژێر هەژمونی کات و شوێن خۆی قوتار بکات.

ئەگەر جاران کات لە لای (نیوتن) بەپێی یاسا بەناوبانگەکەی "خێرایی یەکسانە بەو ماوەیەی کە لە کاتێکی بڕاوە دادەبڕدرێت"، کاتێکی جەبری و جێگیربو لە گشت کات و شوێنێکدا، هەروەها لەلای (ئینشتاین) کات جوڵاوە و بەتەواوەتی پشت بە خێرایی دەبەستێ، بەبێ ئەوەی فاکتەری ماوە لەیاد بکات، ئەوا لە سەردەمی دیجیتاڵیدا



کاتی ڕاستەقینە دەکاتە کاتی گریمانەیی و هەمیشە کات لە جوڵەدایە بۆ گەیشتن بە جێگیربون... گەیشتن بە یەك (مەبەست ژماری ١)... گەیشتن بە ڕەهایی.

کاتی دیجیتاڵی بریتییە لەو خێراییەی کە تەنها بە کات پێوانە دەکرێت، بۆ نمونە ئەگەر لە جەبری (نیوتن) و تیۆری ڕێژەیی (ئینشتاین) سێ کۆڵەکەی سەرەکی هەبن، کە ئەوانیش (خێرایی، کات، ماوە)یە، ئەوا لە سەردەمی دیجیتاڵی تەنها دو کۆڵەکە بەدی دەکەین، کە ئەوانیش (خێرایی و کات)ە و بەتەواوەتی کۆڵەکەی (ماوە) بەدی ناکرێت، واتا ئەو (کات)ەی (ماوە) بەدی ناکرێت، (ماوە) نزیك دەبێتەوە لە ژمارە سفر و خێرایی دەبێت بە کات و کاتیش یەکسان دەبێت بە (ژمارە ١)، بەوەش تەنها ژمارە (٠ و ١)مان هەیە، ئەوانیش دەبنە (بت و بایت).

با نمونەیەکی ئاسان بێنینەوە، جاران بۆ کەسێك (س) کە نیشتەجێی کەلارە، بۆ ئەوەی کارەکانی ئەنجام بدات لەگەڵ کەسێك (ص) نیشتەجێی سلێمانییە، پێویستی بەوە هەبو ماوەی نێوان کلار ـ سلێمانی بە خێراییەکی گونجاو ببڕێت، تا لە کاتی خۆیدا کارەکانی بە ئەنجام بگەیەنێ، بەڵام ئێستا (س و ص) تەنها پێویستیان بە کۆمپیوتەرێکی باش و هێڵێکی ئەنتەرنێتی خێرا هەیە، تا بتوانێ لە ڕێگەیەوە گفتوگۆ (Chat) یان نامە (E- male) بگۆڕنەوە، واتا تەنها خێرایی پێویستە، لەبەر ئەوەی کاتی دیجیتاڵی تەنها دەکاتە خێرایی، هەروەها کاتی دیجیتاڵی جوڵاوە، واتا لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ گەیشتن بە جێگیربون، ڕونتر بڵێین هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە خێرایی کرتەکردن لەسەر ماوسی کۆمپیوتەرەکە بە



زانینی ئەو ڕاستییەی کە هەمو شەش مانگ خێرایی کۆمپیوتەرەکان زیاد دەکات.

پەیوەندیی ئەوەی کە لە سەرەوە باسمان کرد بە نوسین (ئەدەب) ئەوەیە کە نوسین لەو بوارەدا سێ ڕەهەندی گرنگی هەیە، ئەوانیش (کات و شوێن و ڕوداو)ە، بۆ ئەوەی زیاتریش ڕونی بکەمەوە جەخت لەسەر ڕۆمان دەکەمەوە .. مێژوی ڕۆمان ئەوەمان بۆ باس دەکات، کە ڕۆمان وەکو ژانەرێکی ئەدەبی سێ ڕەهەندی سەرەکی هەیە، کە ئەوانیش بریتییە لەو کۆمەڵە ڕوداوەی کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕودەدەن، ئیدی ڕوداوەکان مادی بن یان ڕۆماننوس لە زەینی خۆیا خەیاڵیان کردبێ.

پرسیاری سەرەکیمان ئەوەیە، ئەگەر خۆمان لە ڕەهەندی شوێن لە ناو ڕۆماندا دەرباز بکەین، یان ئەو ڕەهەندە بەلاوە بنێین، ڕۆمان چی بەسەردێت؟؟

سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە سەردەمی تازە کە بە سەردەمی دیجیتاڵی ناودەبرێت، کۆمەڵگەیەکی تازە و جیاوازی بەرهەمهێناوە، لەم کۆمەڵگەیەش کۆمەڵێك ڕوداو ڕودەدەن، هەروەها کاتمان هەیە، کە پێشتریش ئاماژەمان پێی کرد بەناوی کاتی دیجیتاڵی کە هەردو یەکسان دەبن بە ژمارە (١)، لە هەمان کاتدا شوێنمان هەیە، کە خۆی لە کۆتایی نزیك دەکاتەوە، واتا دەبێتە ژمارە (٠)، مرۆڤیش لەم کۆمەڵگەیەی سەرەوە مرۆڤێکی گریمانەییە یان مرۆڤێکی دیجیتاڵییە، کوڕ و پاڵەوانی کۆمەڵگەی دیجیتاڵی و سەردەمی دیجیتاڵییە.

باشە با جارێکی تر ئەو پرسیارەی سەرەوەمان داڕێژینەوە، چ

جۆرە ڕۆمانێك دەتوانێت ببێت بە گوزارشتكەرێكی ڕاستەقینە لە مرۆڤی دیجیتاڵی كە لە كۆمەڵگەی دیجیتاڵیدا دەژێت، ئایا ئەو ستایلە كۆنەی ڕۆمانە كە هەمومان دەیزانین؟؟

لە ڕاستیدا سەردەمی دیجیتاڵی بە هاتنی دەیان چەمكی نوێی پەلكێشی ژیانی مرۆڤ كرد لە هەمو بوارەكاندا، بۆ نمونە ئەمڕۆ گوێبیستی چەمكی وەك ئابوریی دیجیتاڵی دەبین، كە لە كەلاریشدا بەدەیان كەس بەشداری لە پرۆژەیەكی وەك كۆمپانیای (كویست) كە بازرگانیكردنێكی دیجیتاڵییە كردووە .. ئیدارە و بەڕێوەبردنی دیجیتاڵی وێنە، حكومەتی دیجیتاڵی، سیاسەت و جەنگی دیجیتاڵی لە ڕێگەی موشەكی ئاقڵ و دەیان و دەیان كەرەستەی تر، هەروەها ئەو پەیوەندییە مرۆیی و عاتفی و سێكسیانەی كە لەسەر (نت) ڕوودەدەن و زۆر جیاوازە لەوەی لە جیهانی واقیعیدا هەن، هەمو بوارەكانی تریش .. ئەمانە هەموی بونیادی ژیاری مرۆڤی دیجیتاڵییە، كەواتە ئەم مرۆڤە هاوشێوەی مرۆڤانی تری سەردەمەكانی ڕابردو پێویستی بە ئەدەب و ڕۆمانێك هەیە كە گوزارشتی لێبكات، بۆ نمونە زوڵمی كۆمەڵایەتی لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیدا واقعییەتی كۆمەڵایەتی لە ئەدەب و ڕۆماندا بەرهەمهێنا، كاتێك سۆسیالیزم لە سێ یەكی زەوی بڵاوبووەوە واقعییەتی سۆسیالیزمی هاتە ئاراوە ...هتد.

ڕۆمانی دیجیتاڵی ئەو ڕۆمانەیە كە ئامرازە تازەكانی سەردەمی دیجیتاڵی بەكاردەهێنێ لە بەرهەمهێنانیا، بەتایبەت لە بونیادی گێڕانەوەی ڕۆمانەكەدا وەك ئەوەی دەقەكە لە ڕێگەی بەكارهێنانی (هایپەرتێكست) لە لینكێكەوە بچێتە لینكێكی تر، بەوەش بونیادی



ڕۆمانی دیجیتاڵی شێوەی درەختێك وەربگرێت، سەرەتا لە قەدەوە دەستی پێبكات، پاشان بڕواتە سەر لقە سەرەكییەكانی دواتر، چڵوپۆپەكان ئینجا بۆ سەر گەڵاكان، ئەم تەكنیكەش هەمان ئەو تەكنیكەیە كە بەكاردەهێنرێت لە دروستكردنی پەڕەكانی سایتێكی ئەنتەرنێتی.

ڕونترین نمونەیەك كە دەتوانم ئاماژەی پێبكەم لە دەرەوەی ئەوەی كە لە سەرەوە باسی دەكەم و بۆ خوێنەر و بینەری ئێمە ڕونتر بێت، فلیمی ماتركسە كە چەند بەشێكە و سەراپا باسی پاڵەوانی دیجیتاڵی (نیۆ) دەكات، چۆن وەكو مرۆڤێكی گریمانەیی لەناو تۆڕی ئەنتەرنێت و جیهانی گریمانەیی شەڕی مان و نەمان دەكات لەگەڵ ئەو بەرنامە و سیستەمە دیجیتاڵیانە، كە هەوڵی كۆنترۆڵكردنی مرۆڤ دەكەن لە جیهانی واقعیدا.

**نمونەیەك لە ڕۆمانی دیجیتاڵی**:

بەشی یەكەم لە ڕۆمانی چات (chat)..

ڕۆژی شەممە ٢١/٧/٢٠٠٧ كاتژمێر ١١:٢٠ شەو ..

كچێكی كوەیتی: سڵاو.

كوڕێكی كورد: ئەم كاتەت باش چاوجوان.

كوەیتی: باشتر بۆ خۆت، چۆن زانیت چاوانم جوانن.

كورد: لەبەر ئەوەی كوەیتیت، كەواتە چاوت جوانە.

كوەیتی: سوپاس بۆ ئەو هەستە جوانەت.

كوەیتی: ئێستا خەریكی ئیشوكاری؟

كورد: نەخێر.



كوەیتی: پیشەكەت چییە؟

كورد: ئەندازیاری كارەبا، ئەی تۆ تەمەنت چەندە؟

كوەیتی: تەمەنم (٢٤)ساڵە، ئەی تۆ؟

كورد: (٣٠) ساڵ، ئەی تۆ كاری چی دەكەی؟

كوەیتی: تائێستا سەردانی كوەیتت كردووە؟

كورد: یەكجار هاتوم ساڵی (٢٠٠٦).

كورد: لە مانگی (٨) بو.

كوەیتی: باشە تۆ شێتی وا لە مانگی (٨) سەردانی كوەیت دەكەی؟

كوەیتی: مانگی هەشت كەس لە كوەیت نابینی.

كورد: پێم مەڵێ منیش جگە لە هندی و سیریلانكی كەسی ترم نەبینی.

كوەیتی: لەوانەیە سەردانی دوبەیت كردبێ، نەك كوەیت.

كورد: زامم مەكولێنەوە، سەردانێكی باش نەبو، تا ئەمڕۆش نەخۆشی دەستی ئەو گەرمایەم كە لەو سەردانە چێشتومە.

كوەیتی: دە باشە جارێكی تر سەردان بكە.

كوەیتی: لە زستاندا وەرەوە بۆ كوەیت.

كورد: دەزانم، بەڵام من ئەو كاتە بۆ سەردان نەهاتبوم، خولێكی ( ٤) ڕۆژیمان هەبو.

كورد: پێم وایە لە مانگی فبرایەر بێم باشە، چونكە وەك هەندێك برادەر باسی بۆ كردم، مانگی شت كڕینە بە نرخی گونجاو.

كوەیتی: ئەگەر دەتەوێ بە باشی كوەیت ببینی، پێم باشە پێش یان دوایی مانگی فبرایەر بێت.

كورد: بەس ئەو كات پێویستمان بە ڕێنماكارێكی كوەیتی دەبێت.



كوەیتی: خۆت بە ئەمەوە خەریك مەكە، خەڵكی زۆری لێیە بۆ ئەو كارە.

كوەیتی: ژنت هەیە؟

كورد: سێ كوڕیشم هەیە.

كوەیتی: خوا بیانپارێزێت.

كورد: سوپاس.

كوەیتی: پێویستە ئەگەر هاتیت لەگەڵ خۆتدا بیانهێنی.

كورد: خوا كەریمە، بەڵام تا ئێستا تۆ وەڵامی دو پرسیاری منت نەداوەتەوە؟

كوەیتی: پرسیاری چی؟

كورد: چ كارێك دەكەی؟

كوەیتی: دیزاینەری جلوبەرگم.

كورد: ئەی شوت كردووە؟

كوەیتی: بەڵێ، كوڕ و كچێكم هەیە.

كورد: خوا بیانپارێزێت.

كوەیتی: ژنەكەت كاری چی دەكات؟

كورد: ژنیماڵەوەیە.

كوەیتی: بۆ؟

كورد: تا قۆناغی ناوەندی خوێندویەتی، حەز دەكات زیاتر بایەخ بە ماڵ و مناڵەكان بدات.

كوەیتی: لە شاری بەغدا دەژیت؟

كورد: نەخێر نیشتەجێی كەركوكم.

كوەیتی: ناوت چییە؟

کورد: ناوم ئەحمەدە (ناوی ڕاستەقینە نییە)

کورد: ئەی ناوی تۆ؟

کومیتی: ناوم حصەیە.

ئەحمەد: خۆشحاڵم.

حصە: هەروەها منیش.

حصە: پێم وایە کات درەنگە وا نییە؟

ئەحمەد: ڕاست دەکەی، بەڵام خۆشحاڵ دەبم، ئەگەر ئەم هاوڕێیەتییەمان بەردەوام بێت؟

حصە: خەریکبو من ئەو قسەیەی تۆ بکەم؟

ئەحمەد: زۆر باشە، سبەی من ڕۆژی پشومە، ئەگەر پێتکرا ئەوا من خێزانەکەم پێت دەناسێنم.

حصە: خۆشحاڵ دەبم.

ئەحمەد: ئەمەش ئیمێڵەکەمە / sssss@yahoo.com

حصە: زۆر باشە ئیمێڵەکەی منیش/ ffftf@maktoob.com

ئەحمەد: زۆر باشە، شەوێکی شاد.

حصە: شەوێکی شاد بۆ تۆیش.

ئەوەی سەرەوە نمونەیەکی بچوکە لە شێوازی ڕۆمانی دیجیتاڵی، کە من بەدەستکارییەوە وەرمگێڕاوە، بۆ ئەوەی ڕونییەك لە بارەی بابەتەکەوە بخەمەڕو، بەڵام ئەمەیان نمونەی چاتکردنە.

**سەرچاوەکان:**


١/ سایتی فەرمی یەکێتیی نوسەرانی ئەنتەرنێتی عەرەب.

٢/ العصر الرقمي، نوسینی: دیفید . ب. رزینك.

٣/ الزمن الرقمي انت حيث لا مسافة، محمد سناجلة.





کەنعان نوری


# دوایین ڕۆژ

دەنگی کەڵەبابەکەی گەڕەك لەگەڵ سەگوەڕی سبەینان تێکەڵ بوبو، وەك بڵێی قیامەتە، لە خەو ڕاچەڵەکام، بە ئەسپایی لەسەر جێگەکەم هەستام و پێخەفەکانم کۆکردەوە، دەستم بۆ سویچ پلاکەکە برد، گڵۆپەکە هەڵکەم، بەڵام کارەبا نەبو، لە ژورەکە هاتمە دەرەوە، تاریك و لێڵی بەرەبەیان بو، تەمومژێك وڵاتی داگرتبو، تارمایی هێشتا بە سەر ڕۆشناییدا زاڵبو، هەندێ لە ئەستێرەکان لە دورەوە ئەدرۆشانەوە، بەڵام مانگ بە باشی نەدەهاتە پێش چاوم، دەڵێی ویستی سەفەری هەیە و دەیەوێ هاتنی کۆنە ڕۆژێکی نوێ مۆژدە بدات، هاژەی کزەبایەکی سەحەری کە لە ڕۆژئاواوە هەڵیدەکرد، جارجار فێنکاییەکی بە جەستەی ماندوم دەبەخشی، بە سەر پلیکانەی بەر هەیوانەکەدا هاتمە خوارێ و بە نێو حەوشەکەدا پیاسەیەکم کرد، پاشان لە پەنایەك لەسەر پارچە خشتەکەی ژێر شۆڕەبییەکە دانیشتم... تەماشایەکی دەوروبەری خۆمم کرد، هیچ شتێك نەگۆڕاوە !!! دەرگا ژەنگ لێنشتووەکەی حەوشە... دیوارە قوڕینەکانی خانووە کەلاوەکەم...، ئەو باخچە چکۆلانە...، ئەم شۆڕەبییە و تەنانەت سەگەکەش هەمو شتێك لە جێگای خۆیدا بو، بەڵێ... هیچ شتێك نەگۆڕاوە، دەمزانی لە ژورەوەش دیسان هەمان چێشتە و هەمان کاسە...!!، ئەم دوبارەبونەوە ئازاری دەدام، دوێنێ شەو حەزم دەکرد، سبەی کە هەستام هەمو شتێك گۆڕابێت، حەزم



دەکرد خانووەکە بە سەرمدا خراپ بێت! بەڵام... دیوارە قوڕینەکانی حەوشە تەڕ بوبو، وادیارە دوێنێ شەو ئاسمان دەرگای بەخششی خۆی کردۆتەوە و نمێك باران باریوە، بۆنی دیوارە تەڕەکان گیانێکی تازەی دەکردە بەری باخچەکە و ڕابردویشی بە بیری من دەهێنایەوە... ئەوکاتانەی کە سبەینان زو، پێش ئەوەی ئێمە بە ئاگابێینەوە، دایکم هەڵدەستا و حەوشەکەی ئاوپرژێن دەکرد و لەدوایشدا گسکی دەدا، کاتێ کە هەمو ئیشەکانی ماڵەوەی تەواو دەکرد، لەبەر هەیوانەکەدا سفرەیەکی ڕادەخست و هەمو بەیانییەك لە دەوری یەکتر کۆی دەکردینەوە، هەمیشە چاوەڕێی دەکرد، کە ئێمە نانەکەمان بخۆین و لە دوایدا خۆی نانی دەخوارد، یان ئەو کاتەی کە نمێك باران دەباری و لەگەڵ کاکم دەهاتینە نێو حەوشە و لە بەر هەیوانەکەدا گەمەمان دەکرد (گرتن و بەردان و قەرە چاوشارکێ و فڕی فڕی و... هتد)، یان کاتی خۆرئاوا بون، کاتێ کە دایکم نێو حەوشەی ئاوپرژێن دەکرد و دەمەو ئێواران باوکم لە دوکان دەهاتەوە و ئێمەش هەمومان بە پیریەوە دەچوین و بۆ هەریەکێکمان شتێکی دەهێنا.

ئەو بۆن و بەرامەی کە بارانەکەی دوێنێ شەو دروستی کردووە، شتی زۆری بە بیر دەهێنامەوە، بەڵام لە پاش چی..... !؟ ئاسمان کاتێ دەرگای بەخششی کردەوە، کە من پێویستیم پێ نەبو، چونکە ئەوان ئێستا نازانێ لە کوێن، زۆرجار لە خۆم دەپرسم، دەبێ لە چی گۆڕستانێکدا نێژرابن؟ ئەویش ئەگەر نێژرابن! دەبێ چەند ئازاریان چەشتبێ، ئەوکات من هێشتا منداڵ بوم، هەمویان گیران و دوایی پێیان وتم: ئەنفال بون، هێندە منداڵ بوم نەمدەزانی ئەنفال چییە!



شۆڕش چییە!؟ پێشمەرگە چییە!؟ تەنانەت نەمدەزانی خۆم چیم! بەڵام ئێستا کاتێ لە هەمو ئەم شتانە تێدەگەم، هیچ کەس لە دەورویشتم نییە؟ هەمویان بە جێیان هێشتم! وێنەکانیان هەمیشە وەك تارماییەك بە پێش چاومدا هاتوچۆ دەکەن، هەمیشە بیرکردنەوە لێیان ئازارم دەدات بۆ چرکە ساتێك لە خۆم ڕامام، ئەرێ من چی دەکەم! لە کوێ ڕاوەستاوم! چ جۆرە کەسانێك لە دەوروبەرمدان!؟ تاکەی دەمەوێ بەم چەشنە هەمو ژینم لەم خانووە قوڕینە بەسەر بەرم!؟ هەمو ئەم پرسیارانە جار نە جارێك لە مێشکمدا هاتوچۆیان دەکرد، هەقم بو بپرسم بۆ؟ لەبەر چی..؟ ئەو هەمو کارەساتە لە پێناوپیدا...؟

ئەهوەنی و ئارامی شتێك بو کە لەگەڵیدا زۆر نامۆ بوم، تەنهایی هەمو بۆشاییەکانی پڕدەکردمەوە، ڕەنگە نەتوانم ئەوەی ڕویداوە، یان ئێستا ڕودەدات، وەکو خۆی بیگێڕمەوە و هەقی خۆی پێ بدەم، ئەوە شتێکە هەمو دەوروبەرەکانی منیش هەستیان پێکردووە، هەموشیان باش دەزانن، ئێستا چی ڕودەدات، ڕەنگە حاڵی زۆرێك لەوانەش لە من خراپتربێ، بەڵام... !

هێندە لە خۆمدا ڕۆچوبوم، ئاگام لە دەوروبەر نەبو، نوزەی سەگەکەی نێو حەوشەکە لە ئاپۆیەکی دور و درێژ ڕایچەڵەکاندم، هەستم بە ساردی لەشم دەکرد، لە تەوقی سەرمەوە دەستی پێکرد و لە قامکی پێمەوە دەرچو، چاوم لە سەگەکە بو سەیری دەکردم، وەك بڵێی خەمێك دەیهەژێنێ، خەم و دەردێکی بێ کۆتایی لە چاوەکانیدا شەپۆلی دەدا، لموزی باریك و چاوە دەرپەڕیوەکانی هێندەی تر منی ڕاپێچی دونیای خۆی دەکرد، دەمزانی ئەویش دەردێکی هەیە، ڕەنگە

هاودەردیش بین، ئاخر ئەویش تەنهایە و جگە لە من کەسی تری نییە، هەمیشە لەگەڵمدایە، بە هەڵاتن بەرەو ڕوم هات و دەستی کرد بە وەڕین، کاتێ کە دەستم بە سەریدا هێنا، دەستی کرد بە لێسانەوەی دەستم، ڕەنگە دەیەوێ بڵێ هەوا ڕۆشن بۆتەوە و پێویستە خەریکی کاری خۆمان بین باشترە ! تێگەیشتم چی دەڵێ: هەستامە سەرپێ و بەرەو ژورەکە بەڕێ کەوتم، کە دەرگام کردەوە بینیم، مێز و کورسییەکەی دوێنێ شەو هەروەکو خۆیان ماون، تەنانەت شوختێکیان لێنەکەوتووە، زۆر سەیرە ! لێرە شتەکان ناگۆڕێن یان هیچ نەبێ کۆنیش نابن، هەمو شتێك وەکو خۆی وایە، ئەمڕۆ هەروەکو دوێنێیە و دوێنێیش وەکو نوزدە ساڵ پێش ئێستایە ! ماوەیەکە پێم لەم کەلاوەیە نەخستۆتە دەرەوە، بەڵام دڵنیام کۆڵانەکان... گەڕەك....خانووەکان.... شەقامەکان و.... هتد هەروەکو خۆیان وان، دڵنیام نەگۆڕاون، هەوەکو دوێنێن، دوێنێیش وەکو نۆزدە ساڵ پێش...... تەنانەت کتێبخانە چکۆڵانەکەی منیش وەك خۆیەتی لەمێژە کتێبێکی تازەی تێ نەهاتووە، دوێنێ شەو سەرقاڵی کاتێبێك بوم، ئەوەتا هەر لەسەر مێزەکەیە، نا.... لێرە شتەکان ئەگەر بۆ دواوە نەڕۆن، ئەوە بۆ پێشەوە ناڕۆن!

لەسەر کورسییەکە دانیشتم و کتێبەکەم هەڵگرت و سەیرێکی بەرگەکەیم کرد (حەقیقەت و واقیعیەت کریشا مورقی) شتێکی جوانە، تۆ بڵێی واقعی من هەروەکو حەقیقەتم وابێ؟ یان دو شتی لێکجودان؟ دەستم بە خوێندنەوەی کرد لەگەڵ ڕۆحمدا سازگاربو، ماوەیەکی زۆر خەریکی خوێندنەوەی بوم، بەڵام واهەستم دەکرد بێتاقەتم دەکات، جاروباریش مێشکم باڵی دەگرتەوە و لەسەر



بابەتێکی تر دەنیشتەوە، جارێکیشیان لە ناوڕاستی خوێندنەوەیدا باوکم بیرکەوتەوە، ئەوکات کە لەسەر سفرە دادەنیشتین و ئامۆژگاریی دەکردین و دەیگوت: ئەوە بکەن.. ئەوە مەکەن.. وەها بکەن.. وەها مەکەن، ئێستا دەزانم کە بۆشاییەکی گەورە لە ژیانمدا هەیە، کە وای لێکردوم پشت لە زۆر شت بکەم، باوەڕیشم بە زۆر کەسیش نەمێنێ، ئاخر چ تاپۆیەکی سەیر و باوەڕ نەکردنیە، زۆر ماندوم، تۆ بڵێی ڕۆژێك ڕۆژگارم بێت... ؟!

چاوم هەر لە کتێبەکە بو، هەستم بە تاڵی سەر زمانم کرد، ئازارێك پشتی سەرمی دەگەوزاندەوە و بەر چاوم ڕەش هەڵگەڕابو، بۆ ساتێك هەمو ژورەکە لە پێش چاوم تاریك بو وەك بڵێی لە قولاّیی زەویدام، نە کەس دەبینم و نە کەسیش دەمبینێ، ئیتر ئاگام لە خۆم نەبو.....! کاتێ کە سەرم بەرزکردەوە، هەستم کرد کە ماوەیەکی زۆرە نوستوم، دەمزانی نوستوم، بەڵام چەندە نازانم! بە هێواشی لە سەر کورسییەکە هەستام و بەرەو دەرەوە بەڕێ کەوتم کە لە دەرگاکە هاتمە دەرەوە، بینیم نزیکی خۆرئاوا بون بووە، حەوشەکە هەروەکو خۆی مابو، دڵنیابوم گۆڕانکاری بەسەر نایەت، ئخۆ ئێرە هیچ شتێکی ناگۆڕێ ! لەوەتەی هەم ئێرە هەروا بووە دوبارە بونەوە، هەروەکو ئامێرێکی سیدی هەمو ڕۆژەکان چۆن لێبدرێتەوە وەکو یەك وابون، چەند بە ئازارە... کە گەشتمە بەر هەیوانەکە، گوێم لە دەنگی پاسارییەکانی سەرشۆڕەبییەکە بو، بەو ئێوارەیە خەمناکە چی هات و هاوارێکیان بەڕێ خستووە بەستە زمانانە هێندەیان باشە بێ ئازارن، یان هیچ نەبێ ئاسودەن و خەم گەلێکی وەکو ئێمەیان نییە.. لەناکاو سەگەکە بە ڕاکردن و بە



وەڕوەڕ خۆی خستە ئامێزم، هەستم بە قورس بونی سەرم دەکرد و سەرم پێ هەڵنەدەگیرا، ناچار لەناو حەوشەکە و لە ژێر شۆڕە بییەکە پاڵم دایەوە، دوبارە ئەو وێنە خەیالاّنەی پێشو کە هەمیشە لەگەڵمدا بون، هێرشیان بۆ هێنام، دایکم... باوکم...برا و خوشکەکانم... خانووە کەلاوەکانی گەڕەك.. کۆڵانە پیس و پۆخڵەکانی شار... مێشکم فشار بۆ کاسەی سەرم دێنێ و خەریکە دەیتەقێنێ، ئازاری ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، ئەم مەرگەساتە بۆ کۆتایی نایەت؟ وەکو شێتم لێهاتبو، حەزم دەکرد پڕ بە دەنگی خۆم هاوار بکەم، هێندە هاوار بکەم تا دەنگم دەگاتە لای خوا، زۆر جار دەڵێم خۆزگە خوا نوسینگەیەکی لەسەر زەوی هەبوایە، کە هەر کاتێ مرۆڤەکان دڵتەنگ دەبون سەردانی ئەوێیان بکردایە، لایەنی کەم لەوێ بە ویستی خۆت هاوارت دەکرد، دەتگوت کە لێرە ماندوم لە (شەقامەکانی... لە حاکمانی... لە داروبەردی بێزارم) هیچ نەبێ گرێکانی سەر دڵت هەڵدەڕشت و لەوێ باست دەکرد ! خۆر لە ڕۆچوندا بو، هەورە سورەکانیش دەوریان دابو، یەکێ نەزانێ دەڵێ دەیانەوێ بیکەن بە قوربانی و پێش قوربانی کردنیش خۆیان خەڵتانی خوێن کردووە، نا ئەمە تەنها ڕەنگی ئاسمان نییە کە وایە، لێرە زۆر شت دەکرێتە قوربانی، زۆر کەس لە پێناوی هپچ و پوچدا دەکرێنە قەڵغان، ئەسڵەن کەس دەبێتە قوربانی، تا ناکەسێك ئاسودەبێ، هەرئەوەشە ئاسمان ڕەنگی وای بە خۆیەوە گرتووە، بەو ئێوارەیە بێزاریەکی تەواو بێ وێنە ڕوی تێکردوم.. ئەوەندە ڕۆژ و مانگ و ساڵ وەك خۆی دوبارە دەبنەوە، هێندە هەمو ڕۆژێ سەرم لەم خانووە قوڕینەوە دەردەچێ، کە حەز دەکەم بە یەکجاری هەمو



تەفروتونا بکەم، بێزاربوم، لە هەمو ئەو وتە ڕەنگین و بریقەدارانەی کە لەسەر مینبەرەکان و لە پشت مایکەکانی سمێڵ فشانی بەناو خاوەن وڵاتەوە دەدەرێت، لە هەمو خانووە قوڕینەکانی ئەم مێگەلە و کۆشك و تەلاری ئەوان.... لە خوێن و خۆر و قوربانی کراوە، لە ئاسمان و زەویش بێزاربوم، وای لێهاتووە لە خودی خۆم و لە بێزاریش بێزارم.... لە بیرمە ئەو کاتانەی کە سەرقاڵی کتێبەکان دەبوم و هەر جارەو بەرەو شوێنێك لە جیهانێکی تایبەتیدا سەفەرم دەکرد، کە جیاوازبون لەم جیهانە ڕەش هەڵگەڕاوەی ئێستا، بەڵام ئێستا واهەست دەکەم ئەو جیهانەش کۆتایی پێهاتووە و ئۆقرەیی نابەخشن، تێدەگەم زۆر شت درۆ بو: کارکردن لە پێناو هەمو ئەو چەمکە رازاوانەی دەستکردنی مرۆڤ هیچ نەبون، جگە لە بە کۆیلەکردن و چەوساندنەوەی... نازانم بۆ !؟ بەڵام بەدەستی خۆم نەبو، باوەڕم بە هیچ شتێك نەمابو، نشتیمان.. ئازادی... ناسیونالیزم و هەر شتێك کە مرۆڤەکانی ئێرە باسی لێوە دەکەن لای من شتێکی بێ بەهابو؟ واهەست دەکەم هەمویان زیندانێکن تامن و ئەمسالی منی تێدا بەند بکرێت، ئەسڵەن ئەم شتانە بەمن چی؟ منێ کە کەس نابینم و ڕۆژ تاشەوم لەم کەلازەیەدا بەسەر دەبەم، بە چ نرخێك ئەم پۆخڵەواتانە دەرخواردم دەدەن، هەر هەمو ئەو قسە زلانە گۆشەیەك لە ئازارەکانی مرۆڤێکی تەنها چارەسەرناکات، ئەسڵەن ئێرە وەکو جێگایەك نییە و زۆر جیاوازە، واهەست دەکەم گەنجەکانی پیرن و پیرەکانیش گەنج ئاسا دەخولێنەوە، ئاسمان لە جیاتی ڕەنگی شین سوری خوێنینی لەبەر کردووە و زەمینیش لە باتی ژیان بووە بە گۆڕستان، لێرە هەمان سیستەمی ئاغا و ڕەعیەت

باویەتی و سەدەكانی ناوڕاست هەر بەردەوامە و ئەوی زانا بێ بە نەزانی دەزانن و حوكمی مورتەدی بۆ دەردەكەن، پاشان دەیكەن بە پلیكانەیەك بۆ سەركەوتنی گەمژەیەك، لێرە هەقیقەت و واقعیەتیان تێكداوە، ئەوی هەقیقەت بێ لە جیهانی واقیعدا جێگای نابێتەوە، واقعیەتی نەك تەنها دورە لە هەقیقەت، بەڵكو ڕێگا بە دركاندنی هەقیقەتیش نادات، ئێستا وام لێهاتووە ڕقم لە زۆر شت دەبێتەوە، لە هەمو ئەو شتانەی كە بونەتە هۆكارێك بۆ ڕەخساندنی ئەم واقعە، لە هەمو ئەو چەمكانەی بەناوی حكوموت و دەوڵەت و نەتەوە و سەركردە و ڕێباز و ئایدۆلۆژی..... مرۆڤ بونت لێ قۆرخ دەكەن و جیهانی مرۆڤیش بەشێوەیەكی تر پێناسە دەكەن، واهەست دەكەم هیچ شتێك بەلامەوە گرنگ نییە، بێ دەربەستی و بێ پەیوەستی هەموتان و پۆكانی بونی لێ داگیركردوم، دەزانم لێوان لێوم، چونكە هەمو ئەو درۆ و دەلەسانە دەبینم و دەبیستم و بە پێش چاومدا هاتوچۆ دەكەن، لە هەمان كاتدا بەتاڵم، چونكە بە هیچ یەك لەوانە پەیوەست نیم، سبەنێیش ئەگەر بڕۆم، ئاسودەم، چونكە وەكو كەس ناڕۆم، بەڵكو وەكو خۆم دەڕۆم، لەو بیركردنەوانەدا بوم كە سەرم هەڵبڕی، بینیم كات بە تەواوەتی تاریكی كردووە، ئێستای جگەرەم كرد، دەستم بۆ گیرفانم برد و پاكەتەكەم دەهێنا، جگەرەیەكم پێكرد، بە یەكەم پوك سەرم قورس بو، هەستامە سەر پێ و ویستم بڕۆمەوە ژورەوە، خەو تەنگی پێ هەڵچنیبوم، گوێم لە نوزەی سەگەكە بو كە بە دوم كەوت، گەڕامەوە سەیرم كرد، چاوی تێ بڕیبوم بە زمانی بێ زمانی لە چاویدا دەمخوێندەوە كە دەیەوێ بڵێ مەڕۆ... بەلاّم هەر دەبێ بڕۆم،



ڕۆیشتمەوە ژورەوە لەسەر جیگاكە ڕاكشام، تەواو بێهێز بوبوم، حەزم دەكرد بنوم، نوستنێ كە سبەی هەستام، لە شوێنێك چاوهەڵبێنم كە جیاواز بێت لێرە، جیاواز لە جیهانی مرۆڤەكانمان... قەڵەم و كاغەزێك لەسەر مێزەكە بو، هەستام و دەستم كرد بە نوسین، كە لێی بومەوە، شوشەیەكی بچوك كە لەمێژبو هەڵمگرتبو لەسەر مێزەكە هەڵمگرت و هەڵمقوڕاند، هێدی.. هێدی چاوم لێكنا و ئاگام لە خۆم نەدەما، باشتر وایە بنوم... دەفتەرەكەم داخست، كاتێ كە ویستم لەسەر مێزەكەی دایبنێم، چاوم بە قەڵەم و كاغەزێك كەوت، خۆیشی لەسەر جێگاكەی ڕاكشابو، سەیرێكی كاغەزەكەم كرد، پارچە هۆنراوەیەك بو.

**(لاولاو گۆشەی خەمۆكیدا)**
**وەكو مار خۆی پێچ ئەدا و**
**خۆی بە دارا دەئاڵێنێ**
**گاسن بە ڕەقی لە دڵی زەمین ڕۆچو**
**لە سەحەرێكی مژدارا**
**خۆی لە خوێنی خۆڵ دەگەوزێنێ**
**تاسەی سەفەری پەڕەسیلكە**
**زستان و هاوین**
**جەستەی هەزاران بەهار دەچوخسێنێ**
**لەنێو مقۆمقۆی شار... خانگێكی گڵین**
**بە یەكەمین پەڵەونمی باران**
**ئاخێ بۆ ناخێ دەڕوێنێ**
**هەرا... هەرا... شڵۆغە وڵات**



**لە كونجێكی تەنیایدا**
**قوڵپی گریانێ**
**بێخودی ون دەكا و**
**خودێ دەهەژێنێ**
**سۆزشی كزەبای شڵۆغی**
**خەندە سەر لێوی بێدەنگیەك دەبا و**
**لە كەلاوەیەكدا دەیتۆرێنێ**
**بەهار بار دەكات...**
**كۆڵەكەی خەم بو با نەبو**
**دەڕوا تا فرمێسكی هەور نەمێنێ**
**دەڕوا تا گەردشێ بكا و**
**موژدەی هاتنی خەزانێ بهێنێ**
**لە سەحەرێكی زەرد هەڵگەڕاوی پایزییدا**
**كۆڵان بە كۆڵان... دێ بەدێ.. شار بەشار**
**هەر دەگەڕێ**
**تا تەنهایی بكوژێ و مرۆڤێ ببینێ....**

لە كۆتایی كاغەزەكەدا بە نوسینێكی تێكەڵ و پێكەڵ نوسرابو: لە بێزاری ماندوبوم، شوشەیەكی بچوك لە تەنیشت جێگەكەیدا بو، بینیم لەسەری نوسرابو (سیناریۆ ) كە دەستم لە سەری دا، لەشی هەموی سارد ببو، هەرچی بانگم كرد، ئاگای لێنەبو، سەرەتا هەستم كرد كە نوستووە، بەلاّم لەدواییدا دڵنیابوم، كە بۆ هەمیشە نوستووە....





بەناز عومەر

# توێژی ڕۆشنبیران لە بەردەم ئاستەنگی لێكهەڵوەشاندنەوەی كۆشكی هاوسەریدا؟

پرسیارێك هەمیشە ناوەندە ڕۆشنبیرییەكان دوچاری وروژاندن دەكات ، ئەویش زیادبونی هەمیشەیی ڕێژەی تەلاّق و جیابونەوەی كەسانی ڕوناكبیر و داهێنەر و هونەرمەندان و... هتد لەگەڵ هاوسەرەكانیاندا ، كە بە بەراورد لەگەڵ هەمو توێژ و چینە كۆمەلاّیەتییەكانی تری كۆمەڵگە ئەو پەتایە بینە قاقای پێگرتووە و دەگرێت ، بۆچی ئەم كارە درێژەی هەیە؟ ئەم پرسیارە پەیوەستە بە چەندین ڕەهەندی فیكری و كۆمەلاّیەتی و ئایدۆلۆژییەوە ، كە كەسانی جیابووەوە لە هاوسەرەكانیان هەمو سنورە تەقلیدی و باوەكان و هەروەها دابونەرێتی كۆمەڵگەیان بەزاندووە و بڕوایان لە ئاستێدا كزولاواز بووە ، ئەو توێژە ڕۆشنبیرە هەڵبەت لە دەرەوەی كۆمەڵگەی ئێمەن و زیاتریش كۆمەڵگەی میسر و دواتریش دوچاری كۆمەڵگەكانی تری دەرەوەی خۆرهەلاّتی ناوڕاست بووەتەوە ، لێكۆڵینەوە و توێژینەوەكان وای دەردەخەن ، كە ئەو شێوازی جیابونەوەیە زۆرتر پەیوەستە بە سەرقاڵی و كاركردنی ئەو كەسانە و فریا نەكەوتنی هەردو هاوسەرەكەیە ، كە ناتوانن لە كارەكانیاندا بۆشاییەك و دەرفەتێكی گونجاو بۆ دەرەوەی سنوری ئەو كاركردنە

دابین بکەن و دنیایەکی خۆشەویستی بنیات بنێین ، بە تایبەتیش وەکو کەسانی ئاسایی کۆمەڵگەکانی تری بیرناکەنەوە و پێیان وایە خۆ لەقاڵبدان و سنووردارکردنە ، یەکێك لە هۆکارانەی کە هاوشانی هۆکارەکانی ترە و کاریگەری هەیە ، دورکەوتنەوەی هاوسەرەکانە بەهۆی نەبونی کاتی پێویست ، بۆیە ئاساییە لێرەدا ئەو سۆز و عاتیفەیە لە دەرئەنجامی ئەو دورییە کە درەنگ یەکتر بدوێنن و یەکتر ببینن و کاریگەریی نیگەتیڤی بە سەر پەیوەندیی هاوسەریدا هەبێت و شیرازەکە لە بەریەك هەڵوەشێنێتەوە ، هەندێك لەو کەسانە و رووناکبیر و ناسراوانەی دنیای ئەدەب و هونەر و زانستەکانی تر پێیان وایە پابەند نەبونی بەردەوام بە ژیانی هاوسەری نەمان و لەناوچونی داهێنان و ئەفراندنە لەو بوارەی کاری تێدا دەکەن ، چونکە وای بۆ دەچن ، کە بەشداربونی خەڵکی تر لە ژیاندا زۆرترین کات لە دەست دەدات و ئاسەوارێکی نیگەتیڤی بۆ پرۆژەی کاری جدیانە دروست دەکات ، لەو لایەنەشدا زۆرترین ڕێژە بەر هونەرمەندانی شانۆ و سینەما و تەلەفزیۆن کەوتووە و ئامارەکانیش ئەو ڕاستییە دەردەخەن ، یەکێك لەو ئافرەتانەی کە جیابووەتەوە (ك.ح) نوسەر و ئەدیب و چیرۆکنوسە و پێی وایە هۆکاری جیابونەوەی لە هاوسەرەکەی بۆ عەشقێکی تر دەگەڕێتەوە ئەویش عەشقی نوسینە لە بواری ئەدەبدا ، چونکە ئەو ئافرەتە عەشقی نوسینی لاگەورە بووە و هاوسەرەکەشی هاوکاری مەعنەوەی نەکردووە و هەمیشە تانەی لەو نوسینانە دەدا کە دەینوسیّ ، هەروەها ژنێکی تر بە هەمان شێوە کاتێ بو بە ئەدیبێکی ناسراو و لێهاتو ، پیاوەکەی نەیتوانی ئەم لە ناخەوە پەسەند بکات و بێتە



هاندەرێك بۆ هاوسەرەکەی ، بۆیە ژیانیان بە ئاقارێکی تردا ڕۆیشت و جیابونەوە زۆر لەو ئەدیب و نوسەر و ژنانەی کە جیابونەتەوە لە مێردەکانیان دەڵێن سروشتی پیاوی خۆرهەڵاتی سروشتێکی زاڵە بەسەر گشت لایەن و شتەکاندا ، پیاوەکان زۆرجار حەزناکەن هاوسەرەکانیان بوارێکی تر هەڵبژێرن و لە خزمەتکردنی ماڵ و منداڵ پەروەردەکردن دوربکەونەوە ، هەڵبەت ئەمەش بۆ ئەو سیستەمە باوکسالارییە دەگەڕێتەوە کە پیاوان لە تەواوی کۆمەڵگەکان کەسی باڵان و تەواوی شتەکانیان دەستەبەر کردووە و زاڵن بە سەریدا ، هەندێك جاریش کێشە بۆ خودی ئافرەتەکان دەگەڕێتەوە کە ناتوانن کەسی پێویست و گونجاو بن بۆ هاوسەرکانیان و واقیعانە بیربکەنەوە ، بەشێوەیەکی گشتی کێشەکە لەوەدا دەبینرێتەوە ، کە ئەمڕۆی جیهان خاوەن دەیان تێزی فیکری و فەلسەفییە ، کە هەندێك لەوانە کاریگی جدی لەسەر ئەوە دەکەن کە خێزان و پێکهاتەکانی هەڵبووەشێنرێتەوە و هیچ کەسێك لە چوارچێوەیەکدا سنوردار نەکەن و بە کەسێکی تروە نەبەسرێتەوە بەڵام ئەمەش لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازی هەیە و بەڵام هێشتا ئەو تێزە فەلسەفییە نەگەیشتۆتە لای خۆمان ، ئەگەرچی لای خۆشمان ڕێژەی تەڵاق لە ساڵانی پێشودا زۆرتر و بەرچاوترە ، ماوەتەوە بڵێین ئەم جۆرە تەڵاق و هەڵوەشاندنەوەیە جیاوازە لەوانی تر و ئەمەیان پەیوەستە بە ئاستی ناهاوسەنگی ڕۆشنبیریی نێوان دو کەس ، کە ئەمیان ڕۆشنبیرە و جیاواز بیردەکاتەوە و ئەوی تر قەبوڵی ناکات ، یان بە پێچەوانەوە هەمان شتە؟





ئا/عومەر عەبدولکەریم قادر

# کچانی هەڵاتوی ئێران ماددەی بێهۆشکەر و جگەرە دەکێشن

ئەم بابەتەی خوارەوە ئەنجامێکی پوختە لە لێکۆڵینەوەکانی ناوەندی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ماددە بێهۆشکەرەکان لە وڵاتی ئێراندا، کە تیایدا هەوڵ دراوە بە ڕێژە و بە پێی ئامارەکانی ئەو ناوەندە باس لە هۆکاری هەڵاتنی کچان لە ماڵ و موعتادبونیان بخرێتەڕو، ئەم بابەتەش مەترسییەکی زۆری هەیە لەسەر وڵات و هەڕەشە لە لەناوبردنی لاوانی ئەو وڵاتە دەکات.

ئایا ئەزانن هێرۆئین و تلیاك زۆرترین ئەو ماددانەن، کە کچان بەکاری دەهێنن؟ ئەنجامی توێژینەوەکان دەری دەخەن، کە زیاتر لە (٣٥٪)ی ئەم کچانە پێشینەی خوگری (موعتاد)یان هەیە، لەم نێوەندەدا هێرۆئین و تلیاك سەرەکیترین ئەو ماددە بێهۆشکەرانەن، کە کچان دەیکێشن، ئەم ڕێژەیە زیاتر لە (٥٠٪)ی کچانی هەڵاتو پێك دەهێنێت، هەروەها بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە (٢٤،٥٪) کچانی هەڵاتو هێرۆئین و (٢٩،٥٪) تلیاك و (٣١٪) جگەرە دەکێشن.

کچانی هەڵاتو وەکو وێڵگەرەکان بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ژیان و خۆراکیان دەست دەدەنە دزی و کاری خراپ و خۆکوشتن و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا و بەهۆی ئاشنابونیان بە



باندە خراپەکارەکان توشی خراپە و کاری سۆزانی گەری دەبن، لەم قۆناغەدایە بۆ ڕەهابونیان لە فشاری دەرونی و سەرگەردانی و کەمی سۆز، زۆر خێرا ئەکەونە داوی ماددە بێهۆشکەر و سرکەرەکانەوە.

بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەویە، کە ئەم ناوەندە ئەنجامی داوە، هۆکاری سەرەکی هەڵاتنی کچان لە ماڵەوە (١٩،٥٪) نەگونجانە لەگەڵ دایك و باوکدا، (١٩٪) لە ڕێ دەرچوون، (١٣٪) ناهێمنی لە خێزاندا، (١٥٪) بارودۆخی نەگونجاوی ئابوری، (١٢،٥٪) لێکترازان و پەرش و بڵاوی خێزان، (٧٪) حەزکردنە لە مەسەلە ڕێ لادەرەکان، (١٢،٥٪) هاوسەرگیریی خراپ، (٢،٣٪) خوگری (موعتابون) و (٥٪) کێشەی دەرونییە.



ڕاستییەکی تاڵتر ئەوەیە، کە (٦٠٪)ی کچانی هەڵاتو لە هەفتەی یەکەمدا ئەکەونە بەر دەستدرێژی و (١٣٪)یان ناچاردەبن دەست بکەن بە کڕین و فرۆشتنی ماددە بێهۆشکەرەکان، چونکە یەکسەر دوای گرفتاربونیان لە لایەن کەسانی باندە خراپەکارەکانەوە ناچار دەکرێ موعتاد بن، بۆ ئەوەی نەتوانن ئەو کەسانەی لە باندەکەدان

بیانناسێنن بە بەرپرسانی ئاسایش و پۆلیس.

شارەزا و پسپۆڕەکان لەو باوەڕەدان، کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵاتنی کچان لە ماڵەوە، ئەتوانرێ ئاماژە بۆ (جیاوازیی نێوان دایک و باوک و تەڵاق و جیابونەوەیان، بونی زڕباب و باوەژن، خوگری باوک و دایک، چاوەڕوانکردنی لە ڕادە بەدەر لە مێردمنداڵان، ترس لە سەرزەنشکردن، سەرکۆنەکردن و دەمکوتکردنی بەردەوام، هاوسەرگیری لە تەمەنی منداڵی و زو، گوێ پێنەدان و ئاوڕلێنەدانەوە، ڕاکێشانی سەرنجی خۆشەویستیی ئەندامانی خێزان و بە تایبەت دایک و باوک، خەیاڵکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگی، سەرکەوتنە دوردەستەکان، هەژاریی ماددی و ڕۆشنبیری، کەمبونی سۆز، نەبونی ژینگەی ئارام لە خێزاندا، جیاوازی، گومانکردن، گرژومۆنی دایک و باوک، توندوتیژی لە ماڵدا، نەویستنی منداڵ...) ئەمانە بکرێ.

باش وایە بزانن کە بە پێی ئامارە فەرمیەکانی ( ناوەندی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ماددەی بێهۆشکەر)دا (١٤٠) هەزار ژنی موعتاد لە ئێراندا هەیە و (٢) ملیۆن کەس لە ئێراندا ماددەی بێهۆشکەر بەکاردەهێنن، کە لەم ژمارەیەدا یەک ملیۆن و دو سەد هەزار کەس بە شێوەیەکی بەردەوام ئەیکێشن و ئەوانی تر بە شێوەیەکی ئارەزومەندانە بەکاری دێنن.

دەربارەی ژنە موعتادەکان ئامارێکی فەرمی و لێبڕاوانە لەبەر دەستدا نییە، بەڵام ئەوەی تاوەکو ئێستا بە دەست هاتووە، ئەوە پیشان ئەدەن، کە (٦٪ - ٧٪)ی موعتادەکانی ئێران ژنن.

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر هەیە ئەوەیە، کە ئەو کچانەی لە





ماڵەوە هەڵدێن، کێشەی و ئاڵۆزی باری خێزانی وایان بەسەر دێنی و دەکەونە داوی ماددەی بێهۆشکەر، ئێستا ئەگەر بەوردی ئاوڕ لە خوێندنگا و زانکۆکانی ئێران بدەینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چ ڕێژەیەک لە کچە خوێندکارەکان موعتادن، چ کارگەلێک ناکەن بۆ ئەوەی بڕیکی کەم مادەی بیهۆشکەر وەکو تلیاک و حەشیش و... دەست بکەوێت، یان لەناو پارکەکاندا کە دەسوڕێیتەوە، بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئەو کچانە دەبینی کە موعتادن و زۆرتریش تەمەنیان لە نێوان (١٧) بۆ (٢٥) ساڵدایە، کە ئەمە بۆ خۆی زیانێکی زۆر گەورەیە لە کچان، بەڵام لەم دوایەدا پۆلیسی ئێران کەوتووەتە گرتنی ئەو کچانەی کە مادەی بێهۆشکەر کڕن و دەیفرۆشن و دەکێشن، چ لە پارک و شوێنی حەوانە یان لە خوێندنگا و زانکۆکاندا، چونکە ئێستا وای لێهاتووە لەناو خوێندنگا ئامادەیی و زانکۆ و پەیمانگاکاندا



بازرگانی کردن بە مادەی بێهۆشکەر بووەتە باو و زیاتریش کوڕان ئەرکی ئەنجامدانی ئەو کارە ئەگرنە ئەستۆ و بە کچانی دەفرۆشن، ئیتر لە بەرانبەر بڕێک پارەدا بێت، یان لە بەرانبەر کاری سێکسیدا بێت، چونکە ئەوەی هەیە، کڕینی ئەو مادانە زۆر ئاسان نییە و پارەیەکی باشی دەوێت و کەسی موعتادیش ڕۆژانە پێویستی بە کێشانی هەیە، وەکو ئەوەی داینەوە پسپۆڕەکانی بواری مادە بێهۆشکەرەکان کێشانی یەک گرام تلیاک بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤێکی ئاسایی موعتاد بێت، لە یاساشدا کە لە ولاتی ئێراندا پەیڕەوی دەکرێت بۆ سزادانی موعتادەکان فرۆشیار سزای زیاترە لە کڕیار.

بەداخەوە گەنجان و لاوان ماددەی بێهۆشکەر و دەرمانە دەرون تێکدەرەکان و ماددەی کیمیایی زۆر بەکاردەهێنن، کە لەم ئاستە تەمەنیەدا کچان بە ئەندازەی کوڕان بەکارهێنەرن، ئەمەش وای کردووە مەترسییەکی گەورە هەرەشە لە ژیانی ئەو لاوانە بکات، کە ڕۆژانە خەریکی کێشانی ئەو مادانەن، ئێستاش ناوەندیی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ماددەی بێهۆشکەر سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەم بابەتە.





پەخشان محمد

# بەسەرهاتی کچێکی عاشق

چ کارەساتە کەسێک منی خۆش ئەوێت و ئەمرێت بۆم! بەڵام من خۆشم ناوێ، منیش کەسێکم خۆش ئەوێت و ئەمرم بۆی،بەڵام ئەو منی خۆش ناوێ؟!

ئەمە بەسەرهاتی (ک ) بوو ئەو کچەی بەدەم گریانەوە باسی خۆی بۆ دەکردم.ناڕازی بوو لە بەختی خۆی ئەی وت ! بەختم نییە وەک خۆی دەڵێ هەر لە منداڵیەوە کچێکی زۆر شەرمن بووم بە



جۆرێک کە میوانمان دەهات قەت لە رووم نەدەهات بڕۆم بەخێرهاتنیان بکەم، هەمووکات حەزم لە ماڵەوە بوو تەنانەت بۆ پێداویستییەکانم دایکم دەچووە بازاڕ بۆی دەکڕیم تا تەمەنی (٢٠ ) ساڵ تەنها بۆ خوێندن نەبێ دەرنەدەچووم (م ) خزمێکمان بوو ژنی هەبوو (٤ ) منداڵی هەبوو زۆردەست رۆیشتوو بوو واتە بەرپرس بوو زۆرجار هات و چۆیان دەکردین جاری واهەبوو منداڵەکانی لە ماڵی ئێمە بە هەفتە ئەمانەوە (م) منی زۆر خۆش ئەویست بە شێوەیەک ئەی وت ئەتپەرستم، بەلام من هەمووکات وەك برایەکی خۆم سەیرم ئەکرد بە تایبەت رێزی زۆرم ئەگرت چونکە لە تەمەن (١٥ ) ساڵ لە من گەورەتر بوو، هەموو کات پێم ئەوت تۆ برایەکی گەورە میت، بەلام قسەکەی پێ ئەبڕیم ئەی وت ! لە من زیاتر نابێ بۆ کەس بێت، وای لێهات بە ماڵەوەمانی وت کچەکەتان جوان و فەقیرە با کەس هەڵی نەخەڵەتێنێ خۆم هات و چۆی پێدەکەم وای لێهات هەموو رۆژێ خۆی ئەیبردم بۆ شوێنی کارەکەم و پێش دەوام تەواو بوون بە چارەکێك (م) لە بەردەم شوێنی کارەکەم چاوەڕوانی دەکردم. ماڵەوەشمان زۆر خۆشیان ئەویست وەمتمانەیان زۆر پێ بوو. بەلام رۆژێك لە رۆژان دڵم بۆی لێ نەدەدا یان هیچ کەسێك لە ژیانمدا نەبوو، وەهەمیشە لە خۆشەویستی دەترسام چونکە ئەگەر یەکێکم خۆش بوێ بۆی نەبم بەرگەی خەم و ئازارو دووری ناگرم چونکە ئەگەر بلێم من جیاوازیم لە هەموو کچانی گەڕەك و شوێنی کارەکەمدا هەبوو درۆناکەم، چونکە من زۆر کەسێکی (عاتفی ) ودڵ ناسکم ئەگەر یەکێکم خۆش بوویستایە ئەوا نەم دەتوانی بە هیچ یاسایەك لێی دووربکەومەوە، من زۆر بە زەحمەت ئەتوانم یەکێکم





خۆش بوێ هەروەها زۆر بە زەحمەت ئەتوانم لە بیری بکەم،هەر لە بەر ئەم هۆیە بوو هەمیشە لە خۆشەویستی رام ئەکرد (م) وای ئەکرد زۆر جار هەستم بە شعورێك ئەکرد بەرامبەری بەلام هەرگیز دەرم نەئەبڕی ئەمەش هۆکارەکەی ئەو گرنگی دانە بوو کە (م) پێی ئەدام زۆر خۆشی ئەویستم نازی هەڵ ئەگرتم بەلام من هەمووکات پێم ئەوت نابێ تۆ بیر لەوە بکەیتەوە رۆژێ من شوو بە تۆ بکەم. زۆر هۆ هەبوو بۆ ئەم قسانەی من یەکەم من خۆشم نەئەویست دووەم ژنەکەی زۆر ئێمەی خۆش ئەویست هەر بۆیە هەمووکات پێم ئەوت ئەو شتە باس مەکە بەلام ئەو هەر سور بوو لە سەر قسەی خۆی ئەی وت تۆ لەمن زیاتر نابێ شوبکەیت بەکەس، چەند جار



داواکارم ئەهات ئەو نەی ئەهێشت شوبکەم، تا وای لێهات من زۆر بێزار بووم لەم ژیانە پێم وت خۆشت بی و ترشت بی ئەم جارە شوئەکەم وتی ئەگەر تۆ شوبکەی خۆم ئەکوژم، تا کارگەیشتە ئەوەی جارێکیان هەموو شت برایەوە بەلام خوشکەکەی تەلەفونی کردو وتی وادەمانچەکەی هەلگرتووە هاتووە بۆ لات (١٠) دەقیقەی پێ نەچوو گەیشتە ئەوێ وتی یان ئەلێی شوناکەم یان ئێستا خۆم ئەکوژم. منیش ترسام خۆی بکوژێ وتم، بە جۆرێ منی خۆش ئەویست رۆژی (١٠ تا ١٥ ) جار تێلی بۆ دەکردم، ئیتر دەستی ئەکرد بە پرسیار چی ئەکەی چی ئەخۆی کێ تێلی بۆ کردی کێ هات بۆ ماڵتان بۆ کوێ رۆیشتی کەی خەوتی کەی هەستای تەنانەت بۆ بازاڕیش یان لە گەڵ ماڵی خۆمان یان لە گەڵ ماڵی ئەواندا ئەبوایە بچوومایە تەنانەت هاوڕێکانم ئەبوایە بیانناسایە کێن کچی کێن بە راستی زۆر بێزار بوو بووم زۆر ژنانی بوو. من زۆر بێزار بوو بووم لە ژیان چونکە من ئەوم وەك برایەك سەیر ئەکرد هەموو کات ئەمەشم پێ وتبوو، رۆژگارهات و رۆیشت من لە گەڵ کوڕێکدا یەکترمان ناسی بە ناوی (ب) کە لە شوێنی کارەکەم ناسیم بەلام زۆر سەیر بوو منێکی هەمیشە ترساو لە خۆشەویستی بەلام ئەمجارە دڵم بوێرانە ئەم کوڕەی هەڵبژارد بە جۆرێك خۆشم ویست بڕواناکەم هیچ کەسێك بەم جۆرە کەسێکی خۆشویستبێ چونکە ئەکەم کەس بوو دڵم بۆ کردەوە خۆشم ویست وام لێهاتبوو ئەو کچەی جاران نەمابووم شەرمم نەئەکرد پێم ئەوت خۆشم ئەوێی، بەفیدای بالات بم رۆژی هەزارجار بە قوربانی دڵت بم ئەویش هەمان هەستی هەبوو بەلام لە بەختی مندا دایمە سەرقاڵ بوو کاتی



کەم بوو رۆژی یەك جار بە تەلەفون (٥) دەقیقە قسەمان دەکرد من زۆرم خۆش ئەویت رۆژی هەزارجار خۆم ئەکرد بە قوربانی رێگاکەی ئەویش واتە (ب) سەرەتا زۆر خۆشی ئەویستم هەمووکات ئەی وت لە تۆزیاتر کەسم نییە زۆرم خۆش ئەوێیت، بەلام وەووردە هەستم ئەکرد خۆشەویستیەکەی وەك جاران نامێنێ کەسی تر لە ژیانیدا هەیە بەلگەش بۆ ئەم قسانە ئەوە بوو زۆر تەلەفونی بۆ ئەهات کەبەیەکەوە ئەبووین بەلام وەلامی نەئەدایەوە پێم ئەوت بۆ وەلام نایتەوە ئەی وت من کە لە گەڵ تۆدابم نامەوێ قسە لە گەڵ کەسدا بکەم. پاش ماوەیەك بۆم دەرکەوت کە زۆر عیلاقەی هەیە لە گەڵ چەند کچێك، بەلام لە گەڵ ئەم هەموو راستیانەدا من هەر خۆشم ئەویست بگرە عاشقی ئەبووم ئەگەر رۆژێك (ب) م نەدیبایە ئەو رۆژە بە ساڵێك لای من ئەرۆیشت، هەموو عەقڵ و بیرکردنەوەم لای (ب) بوو وام ئەزانی لە دنیادا کەس نییە لەو زیاتر لای (م) باسم کرد وتم من کوڕێکم خۆش دەوێ ئیتر ئەو ئاگری گرت تووڕە بوو وتی ! ئەی من چیمە چەند ساڵە نەتوانی منت خۆش بوێ وەلامم دایەوەو وتم خۆشەویستی بە زۆر نییە. ئیتر کەوتە هەڕەشەکردن لێم ئەگەر یەکێکی ترت خۆش بوێ لە من زیاتر خۆم ئکوژم و تۆش ئەکوژم. وەهەڕەشەی ئەوەیشی لێکردم کە بە ماڵەوەمان ئەڵێ منیش بە رشاستی زۆر ئەترسام کە بە ماڵەوە بڵێ یان رۆژێك شتێك لە خۆی بکات چونکە خوشکوکانی (م) نەیان زانی کە منی خۆش ئەوێ......

رۆژێکیان وا رێکەوت بە کاری فەرمانگە ئەچووینە دەرەوە واتە من و (ب) چەند کەسێکی تر بەلام پێش ئەوە (م) زانی کە من

ئەمرۆ دەرچوونمان هەیە لە گەڵ (ب) هەر بۆیە لە بەیانیەوە تا نیوەرۆ کە گەڕاینەوە بە بەردەوامی تەلەفوونی بۆ ئەکردم لە کوێن؟ ئەوت لە گەڵ؟ کەی ئەگەڕێنەوە؟ ئیتر هەرجارەی بە بیانویەك تەلەفونی دەکرد زیاتر لە (١٠) جار تێلی کرد، مەبەستی تەلەفونەکان ئەوە بوو کە (ب) دڵ پیس بکات هەر وایش بوو (ب) وتی ئەوە کێیە بەلاّم هیچ بواری ئەوەی نەدا بۆە روون بکەمەوە دیار بوو خۆی بۆ بیانویەك ئەگەڕا کە دووربکەوێتەوە چونکە زۆر کچی تر هەبوو لە ژیانیدا بەلاّم ئەو ئەی وت وانیە لە تۆ زیاتر کەسم نییە. ئیتر لە ڕۆژەوە کۆتایی هات بە نیوانمان نەتەلەفون ئەکات نە من تەلەفون ئەکەم، نامەوێ بیبینم چونکە زۆر خۆشم ئەوێ راستە کۆتایی هات بە نیوانمان بەلاّم قەت کۆتایی نایەت بە خۆشەویستی ئەو چونکە خۆشەویستی (ب) چووتە ناو خوێنمەوە زۆر هەوڵ ئەدەم لە بیری بکەم ناتوانم لەو ڕۆژەوە هەر ئەگریم چونکە یەکەم کەس لە ژیانم و دولین کەس ئەوبوو من هەمووکات گاڵتەم بە عشق و عاشقان دەکرد. ئەم وت درۆیە ئەگەر یەکێ بییەوێ کەسێ لە بیر بکات زۆر ئاسانە، بەلاّم ئیستا بەس خۆم ئەزانم ژانی عەشق و دابڕان چەند سەختە بەس خۆم ئەزانم دوور لە خۆشەویست چەند گرانە، هەر بۆیە لەو ڕۆژەوە بە ماڵەوەم وت ئیتر نامەوێ (م) بێتە ماڵمان نامەوێ گوێم لە دەنگی بێت.چونکە چەند ساڵە نەی هێشت من شوبکەم و کەس بێتە ژیانمەوە، هەر بۆیە بە ماڵی خۆمان و ماڵی ئەوانیشم وت کەس بۆی نییە دەست بخاتە ژیانی منەوە بە تایبەتی (م ) بەلاّم ئەو هەر سور بوو لە سەر قسەکانی خۆی ئەی وت یان بۆ من ئەبیت یان نابێ شوبکەی، بۆیە



من زۆر بێزارم لە ژیان تاقەتی هیچم نییە ن تەنانەت هاورێکانم ئەڵێن زۆر گۆڕاوی جاران هەمیشە دەم بە خەندە بویت ئیستا دایمە غەمباری من نازانم چی بکەم وام لێهاتووە خۆم بکوژم چونکە هیچ خۆشیەك نابینم لەم ژیانەدا دوای (ب) چونکە من هەموو کات وتومە (ب ) دڵ و روح و گیان و ژیانمە. بەلاّم من زۆر پەشیمانم کە ئەو کورەم ناسی چونکە ئەو شایەنی خۆشەویستی من نییە هەر ڕۆژەی لە گەڵ کچێکدایە، کەچی هێشتا عەشقی ئەو لە دڵمدا ماوە هەر ئەمێنێ تا ئەمرم لە گەڵ ئەوەشدا نامەوێ تەنازلی بۆ بکەم و بڵێم لە تۆ زیاتر کەسم نییە.ئیتر لەو ڕۆژەوە نە گوێم لە (ب ) و نە لە (م ) بوو. بەلاّم (م) بە بەردەوامی تەلەفون ئەکات بۆ ماڵەوە وەمن نامەوێ گوێم لە دەنگی بێت. بۆیە من هەر لێرەوە بە (ب) دەڵێم بە داخەوە کەسانێکی وەك تۆ لە خۆبایت یاری بە مشاعری خەڵکی دەکەیت چونکە ئافرەت زۆر دڵی پاکە بڕوا بە زۆر شت ئەکات منیش یەکێك بووم بڕوام بە هەموو وشەیەك کرد کە تۆ پێت وتم؟! ماوەتەوە بڵێم لە سەرو ئەو هەموو شتانەی کە بیستومە دەربارەت، بەلاّم من هەرئەتپەرستم و فیدای ڕێگاکەت ئەبم ڕۆژی هەزار جار ز ڕاستە ماوەیەکی زۆرە نەم بینویت بەلاّم هەموو چرکەیەك لە گەڵمدایت لە ناو خوێنمدایت پەیمان بێت دڵم لە تۆ زیاتر جێگەی کەس نەبێت... گرنگ نییە تۆ منت خۆش بوێ یان نا، گرنگ نییە تۆ چەند کەسانێك بناسیت و پەیوەندیت لە گەڵیدا هەبێت بەلاّم من ناتوانم لە بیرت بکەم ئەمەش لە دەسەڵاچتی مندا نییە بەڵکو ئەمە راستییە !!



وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
عادل عەبدوڵلا عەلی

# خوگرتن بە ئینتەرنێت و کاریگەرییە جەستەیی و دەرونییەکانی؟

کۆدەنگییەك لە نێوان زۆربەی توێژەران و لێکۆڵەراندا هەیە سەبارەت بە تەکنەلۆژیای پەیوەندیی هاوچەرخ، لە پێشیاندا (تۆڕی ئینتەرنێت) کە سەردەمێکی نوێی لە سەردەمی پەیوەندیو تێکەڵاوبونی لە نێوان خەڵکانی سەرانسەری جیهانی هێنایەکایەوە، هەروەها لە ڕوی زۆری ئەو زانیاری و زانستانەی کە پێشکەشی بەکارهێنەرانیشی دەکات، بەلاّم لەلایەکی ترەوە ترس و دڵەڕاوکێی بەجێی هێنایەکایەوە، لەوەی ببێتە هۆی کاریگەریی نیگەتیڤی جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، لەگەڵ زۆربونی پەسەندکردنی ئینتەرنێت و خراپ سود لێوەرگرتنی ( بەکارهێنانی) لە بەسەربردنی کاتێکی زۆر بە گەڕان و گەشتکرتن بە نێو پێگەو سایتەکانیدا، خوگرتن بە ئینتەرنێت وەك دیاردەیەك دەردەکەوێت، کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت لەلایەن لێکۆڵەراڕان و توێژەراندا، هەر بۆیە زۆرێك لە توێژینەوەو کۆنگرە زانستییەکان و خولە تایبەتییەکان سازدەکرێت بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی کاریگەرییە دەرونیی و کۆمەڵایەتی و جەستەییەکان بەهۆی خرپ



بەکارهێنانی ئینتەرنێت.

خوگرتن نەخۆشییە، بەلاّم دیاردەی خوگرتن بە ئینتەرنێت تاڕادەیەك نوێیە، ئەمە دیاردەیە پەیوەستە بە زیاد بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ڕادەی پێویست، کە دەبێتە هۆی تەنگەژە دەرونییە ئەکیلینیەکیەکان، کە خۆی بە کۆمەڵێك یان ڕاستر بڵێین نیشانەی ئەو نەخۆشییە دەردەخات، بەم دواییانە زۆر لە لێکۆڵینەوە دەرونییەکان جەخت دەکەنەوە، کە زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەبێتە هۆی خوگرتنی دەرونی کە تا ڕادەیەك لە خوگرتن بە مادە سڕکەرەکان و کهۆلییەکان دەچێت، شایانی باسە خوگرتن بە ئینتەرنێت لە لیستی نەخۆشییە دەرونییە زانراوەکاندا تا ئێستایش تۆمارنەکراوە، بەو پێیە هێشتا جۆرێك لە نادیاری (تەمومژاوی) بەم دیاردەیەوە دیارە، چونکە پزیشکە دەرونییەکان بەگشتی هاودەنگ نیین لە بونی خوگرتن بە ئینتەرنێت وەك نەخۆشییەك، کە هەندێك کەس بە داتاشراوی حاڵەتەکانی خوگرتنی تری ئەزانن وەك خوگرتن بە قومارکردن یان خوگرتن بە پێگە سێکسییەکانەوە.

ژنە زانای دەروونناسی ئەمریکی (کیمبرلی یۆنگ) یەکەم کەس بو، کە زاراوەی (خوگرتن بە ئینتەرنێت) (Internet addiction)ی بەکارهێنا، هەروەها بە یەکەم پزیشکی دەرونناسی دادەنرێت، کە توێژینەوەی لە بارەی ئەم دیاردەیەوە کرد لە ساڵی (١٩٩٤) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، یۆنگ دیاردەی (خوگرتن بە ئینتەرنێت) دادەنێت کە هەفتانە زیاتر لە (٣٨) کاتژمێر ئینتەرنێت بەکاربێنێ، هەروەك لە ساڵی (١٩٩٩) هەستا بە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی (سەنتەری خوگرتن بە ئینتەرنێت ـ center for online

(addiction)، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و چارەسەری ئەم دیاردەیە، هەروەها دو کتێبیشی دەربارەی ئەم دیاردەیە بڵاوکردەوە، کتێبەکانیش ئەمانەن (کەوتنە نێو داوی ئینتەرنێت ـ caught in the Net) و (تێوەگلان بە تۆڕی ئینتەرنێت ـ Tanglad in the web)، هەر لەساڵی نەوەتەکاندا یۆنگ هەستا بە یەکەم توێژینەوەی باوەڕپێکراو لە بارەی خوگرتن بە ئینتەرنیتەوە، لەو توێژینەوەیەدا نزیکەی (٥٠٠) بەکارهێنەری ئینتەرنێتی بەسەر کردەوە، توێژینەوەکە تێبینی ڕەفتاری کەسانی بەشداربو دەکات لە کاتی گەشت و گەڕان بە نێو پێگەکانی ئینتەرنێتدا، بەشداربووانی توێژینەوەکە وەڵامی ئەم پرسیارەیان کاتێك لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەویست، هەست بە جۆرێك لە خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و توڕەبون دەکرد و بە (بەڵێ) وەڵامیان دەدایەوە لە کاتی ئاراستەکردنیان کە لە دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە، ئەو بەشداربووانەی ئەم لێکۆڵینەوە دەیانگرێتەوە هەفتانە بەلای کەمەوە (٣٨) کاتژمێر لەسەر ئینتەرنێتن، بە بەراورد بەوانەی هەفتانە (٥) کاتژمێر لەسەر ئینتەرنێتن، هەروەها لێکۆڵینەوەکە ئاماژە دەکات بەوەی کە ئەکرێت ( بە خوگرتنی ئەنینتەرنێت) ناوبرێت، ئەو کەسانەی ئەم دیاردەیە دەیانگرێتەوە لە ئینتەرنێتدا ناگەڕن بە دوای بەدەستهێنانی زانیاریی بەسود لە بوار و کاروباری خۆیدا، بەڵکو زیاتر وێڵن بە دوای چاتکردن و پەیوەندیکردن بە کەسانی ترەوە.



## جۆرەکان و نیشانەکانی خوگرتن بە ئینتەرنێت:

یۆنگ ئەم دیاردەیە دەکات بە پێنچ جۆرەوە کە ئەمانەن:-

١- خوگرتن بە سایت و پێگە سێکسییەکان ( cybersexual addiction)، بە واتای ماڵپەڕی وێنە سێکسییەکان ( pornography).

٢- خوگرتن بە پەیوەندییە سایبەرییەکان ( cyber- relationship addiction)، ئەمەش لە ڕێگەی بۆشایی یان سپەیسی زانیاری دەکرێت، وەك پەیوەندی لە ژورەکانی چاتکردندا ( Chatroom).

٣- خوگرتن یان پەیوەستبونی ناچار بە ئینتەرنێت ( Net - compulsion)، بۆ نمونە گرەو و قومارکردن و کڕین لە ڕێگەی ئینەتەرنێتەوە.

٤- زیادەڕوی لە زانیاریدا (Information overload)، بۆ نمونە گەڕان بە دوای زانیاریی زیاد لە ڕادەی پێویست.

٥- خوگرتن بە یارییە کۆمپیتەرییەکان زیاد لە پێویست ( computer addiction).

بەڵام نیشانەکانی خوگرتن بە ئینتەرنێت لەمانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

⋆ نیشانەی دەرونی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی کە کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانی تاك دەبنێتەوە، زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە ئەم نیشانە دەرونی و کۆمەڵایەتییانەی خوگرتن بە ئینتەرنێت خۆی لە تەنهایی و ڕوخان و نامۆیی و بێ ئومێدی و دڵەڕاوکی و شڵەژانی کەسی بەکارهێنەر



دەبنێتەوە، هەروەها درەنگ ڕاپەڕاندنی ئیشوکار و ڕودانی کێشی هاوسەرگیری و لەدەستدانی پەیوەندییە خێزانییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نمونە بەسەربردنی کاتی پێویست لەگەڵ خێزان و هاوڕێدا گەلێك خاڵی نیگەتیڤی خراپترن، هەروەها ئەمانەش کۆمەڵێك نیشانەی جەستەیین (فیزکین) وەك ماندوێتی و خاو و تەمبەڵی و کەم خەویی و ئازاری پشت و ئەژنۆ لەگەڵ هەوکردنی چاوەکان لە کاتی زۆر مانەوە لەسەر ئینتەنێت بەهۆی کاریگەریی تیشکە دەرچووەکانی دەزگاکە بە تایبەت، کردنەوەی ماڵپەڕ و پێگە سێکسییەکانیش دەبێتە هۆی وروژاندنی سێکسی و چەپاندنی سێکسی و دەرکەوتنی زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان، هەروەها کاریگەریی بوارە موگناتیسییەکانی دەزگاکە کە لە ئەنجامی بازنە کارەبایی و ئەلکترۆنییەکان دروست دەبێت، بەڵام کاریگەریی ئینتەنێت لەسەر منداڵ کە زیاد لە پێویست بەکاریبێنێ، زۆرلە لێکۆڵینەوەکان ئاماژە دەکەنە ئەوەی کە دەبێتە هۆی گۆشەگیری و دابڕانی منداڵە لە کۆمەڵگە و تێکچونی باری خەوتنی و دەرکەوتنی کێشەی دەرونی و کۆمەڵایەتی لای منداڵەکە، هەروەها دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێك نیشانەی جەستەیی وەك ماندوبون و خاو و خلیچکی و خەوزڕانن لەگەڵ هەمو ئەو نیشانانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، هەروەها دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشە لای منداڵەکە لە ڕوی کۆمەڵایەتی و خوێندنیدا، ئەمەش بە هۆی ئەوەی منداڵ بەبێ ئاگاداریی دایك و باوکی واتە کەسانی بەخێوکەری دەچێتە سەر پێگە سێکسییەکان و پێگەکانی چاتکردن (قسەکردن)، یان دەبێتە هۆی وەستانی منداڵ لە پراکتیزەکردنی ئەو چالاکی و



ئارەزووانەی وەك خوێندنەوە و پێڕەوکردنی و پراکتیزەکردنی یارییە وەرزشییەکان یان دەبێتە هۆی توڕەبونی ناوە ناوەی منداڵ لە کاتی دانانی بەرنامە و پرۆگرامێك بۆ منداڵ لە لایەن کەسی بەخێوکەری بە مەبەستی بەکارهێنانی خزمەتگوزاری ئینتەنێت لە چوارچێوەی سیستەمێکی تەندروستدا.

⋆یەکێکی تر لە خاڵە نیگەتیڤەکانی ئەوەیە کە منداڵ فێری جۆرێك لە دو ڕوی و فێڵ و درۆکردن دەکات، بە مەبەستی ڕێگەپێدانی لەلایەن دایك و باوکییەوە و پەنادەباتە بەر ئەم جۆرە فێڵ و درۆیانە بۆ چونە سەر ئینتەرنێت و بە مەبەستی کاتێکی درێژ بەسەر بەرێت بە یارییە کۆمپیتەرییەکانەوە، لە ڕاستیدا کێشەی خوگرتن بە ئینتەرنێت خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە زۆر لە بەکاربەرانی ئەم خزمەتگوزارییە هەست بە سنوری ترسناکی ئەم دیاردەیە ناکەن، هەروەها درك بە بەرکەوتنی مەترسی ئەم دیاردەیە ناکەن، هەر بۆیە لە زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئەمریکی دەستیان کرد بە پێناساندن و هۆشیارکردنی تاکەکان و خوێندکاران بە سروشتی ئەم خوگرتنە لە میانەی سازکردنی کۆڕە زانستییەکان و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری، بەو پێیەی کە خوگرتن بە ئینتەرنێت هیچی تری لە جۆرەکانی خوگرتنی تری جیاواز نییە.

## چارەسەری حاڵەتەکانی خوگرتن بە ئینتەرنێت:

لێرەدا بۆ چارەسەری ئەم حاڵاتانە ژنە دەرونزانی ئەمریکی (یۆنگ) هەر خۆی هەندێك ستراتیژی ڕەفتاری پێشنیار کرد، لەوانە:-

پراکتیزەکردنی پێچەوانە (practice the opposite): پێویستە تاك شێوازی بەکارهێنانی ئینتەرنێتی بۆ دیاری بکرێت، ئینجا تاك هەوڵی شکاندنی ئەو ڕۆتین و خوگرتنە بدات لە میانەی پێشکەشکردنی چالاکی بێ لایەن و میانڕەوانە بەو واتاییەی ئەگەر ڕۆتینی تاك بریتی بێت لەوەی کە هەمو پشوی هەفتەکە بە ئینتەرنێت بەسەر بەرێت، ئەکرێت پێشنیاری ئەوە بۆ بکرێت، کە شەوی شەممەی بە چالاکییەك لە دەرەوەی شوێنی حەسانەوەی بەسەر بەرێت.

دانانی ئامانجی یان پلانی پێشوەخت (setting goals): زۆر گرنگە تاك هەستێت بە دانانی پلانێکی پێشوەخت بۆ هەمو ڕۆژانی هەفتەکە، بە مەرجێك کاتژمێرە تەرخانکردووەکانی بۆ چونە سەر ئینتەرنێت بە ڕونی دیاری بکرێت لە هەفتەیەکدا، بەم هەنگاوەش تاك بۆ مەودایەکی درێژ لە داهاتودا هەستی توانای کۆنترۆڵکردنی خودی لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لا دروست دەبێت.

کارتەکانی بیرخستنەوە (Reminder cards): لێرەدا تاك ئامۆژگاریی دەکرێت و هەستێت بە نوسینەوەی شوێنەواری خراپی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ڕادەی پێویست لەسەر کارتەکان، بۆ نمونە وەك کێشەکانی ئیشکردن، هەروەها سودی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بە پێی پێویست، هەڵگرتنی ئەو کارتانەش بە بەردەوامی بە مەبەستی بیرخستنەوە یارمەتی تاك دەدات لە خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا.

بەکارهێنانی کاتژمێرەکانی ئاگادارکردنەوە (stop watches): بەیارمەتی زەنگی ئەم کاتژمێرانە تاك یادی دەکەوێتەوە کە



کاتەکەی کۆتایی پێهات لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا.

کردنی لیستی کەسێتی (personal inventory): هەردەم خوگرتوانی ئینتەرنێت لایەنێکی زۆر لە ژیانیان پشتگوێ دەخەن بەهۆی زۆر کات بەسەر بردنیان لەسەر ئینتەرنێت، دانانی لیستێك بەم چالاکی و گرنگییە پشتگوێ خراوانە یارمەتی دوبارە زیندوکردنەوەی دەدات.

شایانی ئاماژە پێدانە ڕۆڵی کۆمەڵە فاکتەرێکی پۆزەتیفی تر هەن لە چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە، وەك فاکتەری ڕۆشنبیری و ئاینی و بەها کۆمەلآیەتی و ڕەوشتییەکانی نێو کۆمەڵگە، کە دەکرێت گرنگیان پێ بدرێت و پابەندیان بکرێت، بۆ ئەوەی تاك دوربخاتەوە لە مەترسییەکانی کۆمەلآیەتی و سایکۆلۆژی و جەستەییەکانی خوگرتن بە ئینتەنێتەوە، مەبەست لە باسکردنی دیاردەی خوگرتن بە ئینتەرنێت ئەوە نییە ئەم خزموتگوزارییە بەکارهێنانێکی میانڕەوانە و نمونەیی و دانانی کۆنترۆڵ و سنورێکە لە بەکارهێنانیدا، بەڵکو لەگەڵ بونی پێویستی چاودێرییەکی خێزانی و بەدواچون و ئاراستەکردنی منداڵان لەلایەن باوکانیانەوە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا هەبێت.

سەرچاوە/ لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.



ئامادەکردنی

عەدنان مەلا ساڵح

# خوگرتن بە ئەنتەرنێتەوە

**کوڕێك: هێندەم خو بە ئەنتەرنێتەوە گرتووە، ئەوەندە خوم بە هاوڕێکانمەوە نەگرتووە.**

ئاشکرایە کە ئەمڕۆ ئەنتەرنێت بە گرنگترین بوار دادەنرێت، کە شەپۆلی زانست لەگەڵ خۆیدا بە وڵاتاندا بلآوی دەکاتەوە، بە شێوەیەك کە ڕۆچووەتە ناو بیر و هۆش و ژیانی مرۆڤەوە و بە ئاسانی مرۆڤی ئاشنای ئەم بوارە بە هۆی خوگرتن پێوەی مەحاڵە دەست بەرداری بێ و خۆی لێ دورەپەرێز بگرێت.

بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا تاکی کورد تا چەند خوی بە ئەنتەرنێتەوە گرتووە و کاریگەرییە ئیجابی و سلبییەکانی ئەم خووە پێوەگرتنە چییە؟

(گۆڤاری گیرفان) لەم ژمارەیەدا ڕای چەند کەسێك وەردەگرێت، لەوانەی خویی بەم بوارەوە گرتووە و لەگەڵ خێزانی ئەو جۆرە کەسانەی کە زۆربەی کاتەکانیان لەسەر ئەنتەرنێت بەسەر دەبەن.

- سەرەتا (**هاوراز حسین**)ی تەمەن (٢٧) ساڵ کە لە سەنتەرێکی ئەنتەرنێت دادەنیشتبو لە سلێمانی، لەم بارەیەوە وتی: دیارە ئەنتەنێت زادەی سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە و ڕۆڵی



گەورەی هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا، من بۆ خۆم ڕۆژانە نزیکەی (٥) کاتژمێر لەسەر ئەنتەرنێت دەبم، چونکە بەشێوەیەك خوم پێوەگرتووە، کە ناتوانم دەستبەرداری بم، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (**دانیار ئەحمەد**)ی مێردی هاوڕاز دەربارەی ئەوەی ئایا مانەوەی خێزانی لەسەر ئەنتەرنێت، تا چەند ئەو بێزار دەکات، یان تا چەند کاریگەریی هەیە لەسەر کارەکانی ئەو هەیە، بە پێکەنینەوە بە گۆڤاری گیرفانی ڕاگەیاند: دیارە ژنانیش دەیانەوێ مومارەسەی مافەکانی خۆیان بکەن، من بۆ خۆم ڕێگر نیم لەوەی چەند لەسەر ئەنتەرنێت دەمێنێتەوە، ئەوەی کاریگەری لەسەر من بێت ئەوەیە، کە کار لە کاروباری ماڵ دەکات، واتە کارەکانی ناوماڵ کە ئەرکی ئەوە لە کاتی خۆیدا جێبەجێی ناکات، جاری وا هەیە ڕۆژانە هێندە درەنگ دەگەڕێتەوە، کە خۆم هەڵدەستم خواردنێ بۆ خۆم دروست دەکەم تاکو دەگەڕێتەوە، ئەوەی ئەرکی منی ئاسان کردووەتەوە ئەوەیە، کە منداڵمان نییە، ئەگینا کارمان گرانتر دەبو بەڵام بە شەوان ڕێگەی نادەم بچێتە سەر ئەنتەرنێت.

- (**دڵشاد ساڵح**) دانیشتوی شاری ڕانیەیە و خوێندکاری زانکۆیە لە بەشی زمانی ئینگلیزی، ئەو دەڵێ من بەبێ ئەنتەرنێت وادەزانم شتێکم لێ ون بووە، ئەگەر ڕۆژێك تەماشای سایت و بەرنامەکانی تری ئەنتەرنێت نەکەم، ئەو ڕۆژە خۆم بە کەسێکی دواکەوتو دەزانم، چونکە من بۆ خۆم زۆر بە وردی موتابەعەی هەواڵ و زانیارییە نوێیەکان دەکەم، ڕۆژگاری ئەمڕۆش گۆڕانکارییەکان زو زو ڕوودەدەن و تاقەت ناگرم، کە ئاگام لێ نەبێ، دڵشاد خێزانی نییە،

دەڵێ ژنیش بهێنم ، هێڵێکی ئەنتەرنێت ڕادەکێشم بۆماڵەوە ، بەلاّم دەڵێ زۆرجار لەبەر ئەوەی لەسەر ئەنتەرنێتم هاوڕێیانم گلەیم لێدەکەن ، کە بۆچی ناچم بۆ لایان ، بەلاّم من هێندەم خو بە ئەنتەرنێتەوە گرتووە ، ئەوەندە خوم بە هاوڕێکانمەوە نەگرتووە.

- (**نەرمین عەلی**) کچە خوێندکارێکی زانکۆیە و لە هەمان کاتدا خێزاندارە ، ئەو دەڵێ لە کاتی دەوامی زانکۆمدا بە هۆی ئەوەی کە مەحازەکانمان لەسەر یەکە بون و تەنها نیو کاتژمێر ڕێستمان (پشو) هەبووە ، کەمتر ڕێکدەکەوت سود لە ئەنتەرنێتی گشتیی زانکۆ وەربگرم ، بۆیە دوای کاتژمێر (١٢) هێندەم خو بە ئەنتەرنێتەوە گرتبو دەچومە ئەنتەرنێتی گشتی و تا ماوەیەکی زۆر دەمامەوە ، هەندێ جار ماڵم لە بیر دەچووەوە ، بۆیە کاتێ دەڕۆیشتمەوە توشی قاڵەقاڵ دەبوم لەگەڵ مێردەکەم ، هەندێ جار کار دەگەیشتە دڵ ئێشان ، بەلاّم هەر زوش ئاشت دەبوینەوە.

- (**حسن کەریم**) کە لە ناو هاوڕێکانیدا بە (ئای تی) ناسراوە ، هۆکاری ئەم نازناوەی هاوڕێکانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە ، کە هێندەی بایەخ بە ئەنتەرنێت دەدا و لەگەڵیدا دەمێنێتەوە ، ئەوەندە لای هاوڕێکانی نامێنێتەوە ، (حسن) خێزاندارە و دەڵێ: زۆرجار هاوسەرەکەم گلەیی دەکات و دەڵێ بۆ ئەوەندە خۆت بەم شتەوە خەریك دەکەی ، بەلاّم ناتوانم وازی لێبێنم ، زۆرجار کە دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە خێزانەکەم بێزارە و گلەیی و بۆڵە بۆڵ دەکات ، دەزانم حەقیەتی ، ئەگەر وەلاّمی بدەمەوە ڕۆژی چەند جارێك لە یەك دەتۆرێین.



- (**هێرش محەمەد**) گەنجێکی تەمەن (٢٠ ) ساڵەیە و پەیامنێری ڕۆژنامەی (ئالاّی ئازادی)یە ، ئەو وتی بۆ جێبەجێکردنی کارەکانم و بۆ بەسەربردنی کات ڕۆژانە زیاتر لە (٣) کاتژمێر لە سەر هێڵی ئەنتەرنێت دەمێنمەوە ، وەکو پێویستییەکی ژیانمی لێ هاتووە و ناتوانم خۆمی لێ بەدور بگرم ، مەگەر ڕۆژێك هیچ بوارم نەبێ ، ئەگینا هەمو ڕۆژێك وەکو فەرز لە سەر ئەنتەرنێت دەبم ، من خێزانم نییە ، بەلاّم کاتێ لە ماڵ لەگەڵ هێڵی ئەنتەرنێتەکەم دەبم ، ماڵەوە پێم دەڵێن ئەم ئەنتەرنێتەی تۆ بووە بە نان و ئاوت و هەمو شتێکی لە بیر بردویتتەوە ، بەلاّم من پێیان دەڵێم لە نان و ئاو لام گرنگترە ، بە ڕاستی وەکو شتێکی لێهاتووە کە بەشێك بێ لە ژیانم.



ئامادەکردنی

باوکی سۆز

# پێناسەی شتەکان وەکو خۆی

- **دانوستان:** هونەرێکە بۆ دابەشکردنی کێکێك بە شێوەیەك کە لە دوایدا هەر کەسێك وا دەزانێت پشکی شێری بەرکەوتووە.
- **ژوری کۆبونەوە:** جێگایەکە هەمو تیایدا قسە دەکەن، بۆ ئەوەی دوایی هەمویان پرسیارەکانی یەکتری ڕەتبکەنەوە.
- **...هتد:** نیشانەیەکە، ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ زۆر لەوە زیاتر دەزانیت کە وتوتە.
- **پسپۆری:** ژمارەی ئەو هەلاّنەیە کە تۆ لە ژیانتدا کردوتە.
- **فەیلەسوف:** پیاوێکی گێلە، گرفتی هەیە تا دەمرێت، تەنها لە دوای مردنی خەڵك بیری دەکەوێتەوە.
- **جگەرە:** توتنێکی پێچراوە، سەرێکی گڕی گرتووە و سەرەکەی تریش بە دەمی گێلێکەوەیە.
- **تاوانبار:** کەسێکە وەکو هەمو کەسێکی تر جیاوازی تەنها ئەوەیە کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا دەستگیرکراوە.
- **بۆمبی ئەتۆمی:** داهێنانێکە بۆ لەناوبردنی هەمو داهێنانەکان.
- **بەڕێوەبەر:** کەسێکە هەندێکجار درەنگ دێت ، کاتێك تۆ زوتر دێیت، زۆر جاریش زوتر دێت لەو کاتەی کە تۆ درەنگ هاتویت.
- **سیاسەتمەدار:** کەسێکە لە پێش هەڵبژاردن دەستت دەگوشێ، دواتر باوەڕبونت دەگوشێت.



- **تەلەبەی تەمەڵ:** ئەو خوێندکارەیە کە ڕەنگە ببێتە یەکەمی سەر پۆلەکەی، ئەگەر خوێندکاری تری تیا نەبێت.
- **پیاوی ناسراو:** پیاوێکە ئەوپەڕی توانای خۆی ئەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی خەڵکی بیناسێت، دواتر چاویلکەی ڕەش دەکاتە چاو ، بۆ ئەوەی کەس نەیناسێتەوە.
- **تەمەڵی:** ئەوەیە کە فێری ئیسراحەت بیت ، پێش ئەوەی ماندو بیت.
- **جوانی:** وێنەیەکی فۆتۆگرافییە ، کە بە تێپەڕبونی کات ئەبێت بە وێنەیەکی کاریکاتێری.
- **سەبر:** هونەرێکە بۆ شاردنەوەی نەمانی سەبر.
- **پارێزەر:** کەسێکە پارێزگاریی لە پارەی کەسێك دەکات ، بۆ ئەوەی بەشێکی لێ ببات.
- **پزیشکی ددان:** کەسێکە پاروی لە ناو دەمی خەڵکیدایە.
- **تۆڵەسەندنەوە:** وەك ئەوە وایە ، گاز لە سەگێك بگریت کە گازی لێگردویت.
- **بێژەر:** بانگی هەمو کەس دەکات بە خۆشەویستانم، کەچی کەسیانیش ناناسێت.
- **لێبوردن:** پاسەپۆرتێکە پێی دەچیتە دڵی هەمو کەسێکەوە.
- **مردن:** پشوی ژیانە.
- **حەوا:** تەنها ژنە ، کە ئیرەیی نەزانیوە.
- **هاوڕێ:** ئەو دوژمنەیە ، کە هێشتا دڵتی عاجز نەکردووە.
- **تەلاّق:** ناشیرینترین چارەسەرە.

### هەندێك پرسیاری گێلانە، بەڵام دروست:

●ئەگەر سوپەرمارکێتێك نوسیویێتی بیست و چوار کاتژمێر کراوەیە، ئەی بۆ چی کلیل و دەرگای بۆ دروستکراوە؟

●بۆ ئەوەی کێشت دابەزێت ، بۆ پێشەوە ڕادەکەیت، ئەی ئەگەر بۆ دواوە ڕابکەیت ، کێشت زیاد دەکات؟

●بۆچی هیچ سیکۆتینێك نالکێتە دەبەکەی خۆیەوە؟

●ئەگەر دنیا شانۆگەرییەك بێت ، وەك دەڵێن: ئەی بینەرەکان لە کوێ دادەنیشن؟

●ئەو کاڵەکەی کە ناوکی نییە، چۆن چێنراوە؟

●ئەگەر خێرایی تیشك ٣٠٠ کم لە چرکەیەکدا، ئەی خێرایی تاریکی چەندە؟

●بۆچی کەسێك بریاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت ، کە نەخۆش دەکەوێت ، پێش ئەوەی دەرزی لێبدەن ، دیتۆڵی بۆ بەکاردێنن؟

بۆچی فرۆکەوانە خۆکوژە یابانییەکانی (کامیکاز) کڵاوی گوللەنەبڕی سەربازییان لەسەر کردبو؟

### بەسەرهاتێکی سەیر:

یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ولاتی سعودیەدا توشی کێشەیەك دەبن ، کە هەمو ڕۆژەکانی هەینی لەو نەخۆشانەی کە ئۆکسجینیان بۆ دانراوە و لە ژێر چاودێری ورددان ، لێیان دەمرێت، پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر و دروستکردنی لیژنەیەکی تایبەت بۆ چارسەرکردنی ئەو کێشە و دۆزینەوەی هۆکارەکانی، دەردەکەوێت کە ئافرەتێکی کارگوزار ڕۆژانی هەینی لە کاتی پاککردنەوەی ژورەکەدا



پلاکی ئامێری ئۆکسجینەکە لادەبات و لە جیاتی ئەوە پلاکی گسکە کارەباییەکەی پێوەدەکات.

### وتەکانی شێتێکی عاقڵ:

● کوردستان گەرەکێتی چاری ئیرهاب بکات، ئەو ئەمریکایە بەو هەمو تەکنەلۆجیایەوە چاری ناکات، ئێوە چۆن چاری ئەکەن.

● باشە ئەم ئاوی بۆرییە خۆ ئاوی سیروانە، ئەی خۆ دائیرەی ئاویش مەسفای نییە، هەمو زێرابەکانیش لە دەربەندیخانەوە ئەچنە ناو سیروانەوە، وابێت ئێمە گواو ئەخۆینەوە.

● لە ئۆروپا و ئەمریکادا کاتێ جەریمەیەك ئەکرێت ، پۆلیس بە پەنجەمۆر و فەحسکردن موجرمەکە ئەدۆزنەوە، بەس لای خۆمان بە شەق و زللە، توخوا ئەمە ولاتە.




● خەڵکی بە من ئەڵێن شێت، وەڵڵا ئێستا ئەگەر حکومەت راتب بداتە شێت ، خەڵکی گشتی ناوی خۆی ئەنوسێت و نۆرەی من نایەت ، کە ناوی خۆم بنوسم ، مەگەر واستە بکەم.

● خەڵکی بە من ئەڵێن شێت، توخوا من شێتم ، یا (ئا) گۆرانیبێژ ، وەکو شێت هەر هەڵئەقونی لە گۆرانییەکاندا.



خوێندنەوەی

بێستون ژاڵەیی

## ئەم کتێبە و وەرگێرە گەرمیانییەکەی



لەو کاتەوەی شۆرشی تەکنەلۆژیا و زانیاری هەمو دنیای کردۆتە دێیەکی بچوك ، ئیدی ئێمە زۆر پێویستیمانە زانیاریمان دەربارەی ماڵ لە پەری ئەم گوندە هەبێت، کە ڕۆژانە لە ساتی ڕوداو و گۆڕانکارییەکدا لە ماڵی خۆمانەوە لێی ئاگادار دەبین ، ڕۆشنتر لەمە ئەمرۆ تەکنۆلۆژیای زانیاری سنوری نەهێشتووە و ئێمە دەبێ ئاشنای جوگرافیا و وردەکارییەکانی جیهان بین ، بەم پێودانگە کتێبی ئینسایکلۆپیدیای جوگرافیای ولاتانی جیهانی (شەفیقە ئەلعەریس) کە (مامۆستا رزگار فایق) وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی و بۆ خوێنەری ئێمە زۆر گرنگە و بە ڕێبەرێکی گەشتیاری زانیاری دەچێت ، بە تایبەت کە زانیارییەکان کورت و ورد و هەمە لایەنە و زۆر کۆنیش نین ، هەر چەندە مادام مامۆستا رزگار ئەم بەرپرسیارێتییەی خستۆتە ئەستۆی خۆی ، ئیدی دەبێت کۆڵ نەدات



و لە حاڵی گۆڕان و کۆنبونی ئەم زانیارییانەدا لە ڕێگەی وەرگێرانی ترەوە بێت ، یا وەکو زانیاری هەر بەمە وازنەهێنێت ، مامۆستا رزگار لە (٢٧٨) لاپەڕەی وەرگێردراودا زانیاریمان دەربارەی (١٦٢) ولاتی دنیا ئەداتێ لە بارەی شوێنی جوگرافی و کەش و هەوا و باری ئابوری و ژمارەی دانیشتوان و سروشت و ئاینی ئەو ولاتانەوە ، دەبێ ئەوەش بڵێین (مامۆستا رزگار) وەك مامۆستایەك باشتر لە ئێمە دەزانێ ، کە ئەم جۆرە کتێبانە ، چ گرنگییەکیان بۆ خوێندکار و لێکۆڵەر و قوتابی و خوێندکاری ئێمە هەیە و کارئاسانیان بۆ وەرگرتنی زانیاری دەکات ، من نازانم ئامادەکاری کتێبەکە بە عەرەبی چۆن وێنەی کردووە ، بەڵام لە کتێبەکەدا پۆلێنکردنی زانیارییەکان لە نمونەی کۆکردنەوەی ولاتانی کیشوەرێك بە دوای یەکدا بهاتایە بۆ خوێنەر لەبار و ئاسانتر دەبو ، لە هەمو حاڵێکدا ئەوەی مامۆستا رزگار کردویەتی ئیشێکی جوان و قابیلی دەستخۆشییە و ئەم کتێبە بۆ ڕۆژنامەنوسان و بێژەرانی هەواڵ و ڕادیۆ لۆکاڵییەکانیش باشە ، کە ڕەنگە زۆریان ناوی پایتەختەکانی ولاتانی دنیا بە دەیەکیش نەزانن ، لەمەش زیاتر ئەوەش بۆ من زۆر خۆش و گرنگە ، کە لەم کوردستانەدا جگە لەم کورە گەرمیانییە کەسی تر بیری لەم کارانە نەکردۆتەوە.